# ڕۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٢) سێشەممە ٢٠١٠/١٢/١٤ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




**پەرلەمانتارو حیزب پەرلەمانتارو دەنگدەر**

ل...٢٣



**چەند لێکدانەوەیەکی یاسانسیی بۆ کاری پەرلەمانی کوردستان**

ل...١٢-١٣

# ١٨ی ئەم مانگە لە بەغدا «ڕۆژی یەکلاییکەرەوەیە»

## * فریاد ڕەواندزی: ئیستیحقاقی نەتەوەیی لەبەغدا کاری پێناکرێت * پارتی و یەکێتی وەزیرەکانیان ناگۆڕن

ڕۆژنامە

ئەندامێکی شاندی دانوستانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئاشکرایکرد «ڕۆژی یەکلاییکەرەوە» بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان لەبەغدا ١٨ی ئەم مانگەیەو نەخشەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئاشکرادەکرێت.

فریاد ڕەواندزی کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە، وتی: «ڕۆژی (١٨)ی مانگ کۆبوونەوەیەکی تایبەت هەیە بۆ لایەنە سیاسییەکان کە بەشدار دەبن لە حکومەتداو سەرۆک وەزیرانی تەکلیفکراو نامە دەنێرێت بۆ لایەنەکان بۆئەوەی بەشداربن لەو کۆبوونەوەیەو هەموولایەک پێکەوە دوا سیغەو فۆرمۆلەی وەزارەتەکە ئیعلان بکەن، یان لەسەری ڕێکبکەون».

وتیشی: «پێدەچێت سیستمی ڕێژە بەکاربهێنرێت بۆ دابەشکردنی وەزارەتەکان نەک خاڵ».

ڕەواندزی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە لایەنی کوردی بەهەموو پێکهاتەکانییەوە (٥-٦) وەزارەتی پێدەدرێت.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بە ڕۆژنامە گەیشتووە، یەکێتیو پارتی زۆربەی وەزیرەکانیان ناگۆڕنو یەکێتیش د.نەجمەدین کەریم بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزاریی دیاریکردووە.

فریاد ڕەواندزی لەوبارەیەوە وتی: «تائێستا لە (١٠٠٪) کەس بە تەواویی بڕیاری لێ نەدراوە، بەڵام ئەوەی کە ئاگادارین، زۆربەی وەزیرەکانی کورد دەمێننەوە، ڕۆژ نوری شاوەیس، هۆشیار زێباریو ڕەنگە فەوزی هەریریش بمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێتی (٢) وەزارەت وەربگرێت، ئەوا د.لەتیف ڕەشیدیش دەمێنێتەوەو بە نیسبەت د.نەجمەدین کەریمیشەوە، بۆچوونێکی وا هەیەو بێگومان د.نەجمەدین کەسێکی تازەیە لەناو کایەی سیاسیی حوکمڕانیداو شیاوە بۆ وەرگرتنی وەزارەت».

**لەوبارەیەوە لە ل(٦)دا دەقی چاوپێکەوتنێک بڵاوکراوەتەوە**




**داوای دیاریکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوەکان دەکرێت** ل...٢-٤

## «تەنیا لە سەردەمی بەعسدا کادیری حیزبیی بە پلەی تایبەت خانەنشین دەکرا»

ل...٧

# دوو ملیار دینار لە بانکی فیدراڵی هەولێر دیارنامێنێت

ڕۆژنامە

دوو ملیار دینار لە بانکی فیدراڵی لەهەولێر، دیارنامێنێتو پەرلەمانتارێکیش داوای وەڵام لە وەزیری دارایی دەکات.

سەبارەت بە دیارنەمانی دوو ملیار دینار لە بانکی فیدراڵی لە شاری هەولێر، پەرلەمانتارێک پرسیار ئاراستەی وەزیری داراییو کاروباری ئابووریی دەکاتو داوادەکات لە وردییو ڕاستی ڕووداوەکە ئاگاداریان بکاتەوە.

کاروان ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی گەیاند: بەپێی ئەو زانیارییو ئەو بەدواداچوونانەی کردوومانە لەبانکی فیدراڵی لە هەولێر، دوو ملیار دینار ونبووە، بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارم ئاراستەی وەزیری دارایی کردووە تا لە ڕاستییو دروستی دیارنەمانی دووملیار دینار لە بانکی فیدراڵی ئاگادارم بکەنەوەو کێش لەپشت ئەم کارەوەیەو لایەنە کەمتەرخەمەکان کێن». داواشیکرد لەماوەی یاسایی کە دوو هەفتەیە وەڵامبدرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش لە دوای ئەوەی ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان لەسەر دیارنەمانی ئەو بڕە پارەیە پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی کردووە لێکۆڵینەوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە لەگەڵ بەرپرسانی بانکی فیدراڵی لە هەولێر دەستی پێکردووە.

ڕۆژنامە هەوڵیدا لێدوان لە بەڕێوەبەری بانکی فیدراڵی لە هەولێر وەربگرێت، بەڵام بۆی جێبەجێ نەبوو.

# پارێزگاری سلێمانی، دەسەڵاتی نایاسایی دەداتە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی

ڕۆژنامە

پارێزگاری سلێمانی بە نایاسایی چەندین دەسەڵات دەداتە سکرتێرەکەی، کە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتیش زیاترە، ئەندامێکی ئەنجومەنیش دەڵێت: «بە هەر (٤١) ئەندامەکەی ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەیان نییە».

بە نووسراوی ژمارە (١٦٩٣٤) لە ٢٠١٠/١٢/٥، بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت، چەندین دەسەڵات دەداتە (کارزان جیهانبەخش محەمەد) بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی خۆی، لەوانە: ئیفادکردنی کارمەندانی نووسینگەی تایبەت بۆناوەوەی هەرێم، سەرپەرشتیو ڕێکخستنی کاری میوانخانەو میوانداریی و لیژنەی میوانداریی، ئیمزاکردنی نووسراوی نهێنیو نووسراوی نووسینگەی تایبەتو چەندین دەسەڵاتی تر».

**لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل(٥)دا بخوێنەرەوە**

# پەرلەمانتاران ٦٦ ملیۆنیان وەرگرت

ڕۆژنامە

هەفتەی ڕابردوو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕی (٦٦) ملیۆنیان وەرگرت، کە (٥٨)ملیۆنو (٥٠٠)هەزار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلو (٧) ملیۆنو (٥٠٠)هەزاریش بۆ (ئیعاناتی ئیجتماعی).

د.لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕۆژنامە وتی: «مووچەو ئیمتیازاتەکان زۆرن، ئەمە وایکردووە کە نوێنەری خەڵک لەبری ئەوەی هاوڵاتییان خۆشی بوێین، ڕقیان لێمان دەبێتەوە، خەڵک هەست دەکات، بەشی ئەو دەخۆینو خوێنمژین».

وتیشی: «بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت نوێنەری گەل بین، دەبێت سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنێینو بێدەنگبوونمان لە زۆریی مووچەو ئیمتیازاتەکانمان، مانەوەمانە وەک مشەخۆر».

لەبارەی وەرگرتنی (٥٨)ملیۆنەکەش بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، ئاماژەی بەوەکرد: «خۆمو پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان ئەو بڕەی وەرمانگرتووە بەخشیومانەتە بزووتنەوەی گۆڕان».

**لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل(٤)دایە**



وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان:

**مەلەفی شەڕی ناوخۆ نەدراوەتە دەست ئێمە**

ل...١٧

**حیزب هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دواخست**

ل...٢٠



**سەردەشت لەبیرکرا**

ل...١٥

# هیومان ڕایتس ووْچ، حکومەتی هەرێم، بەچەوساندنەوەی کەمینەکان تۆمەتبار دەکات

HUMAN RIGHTS WATCH

شاڵاو فەتاح

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووْچ)، باس لەوە دەکات، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناوی بەدەستهێنانی پشتگیریی کەمینە دینییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ بانگەشەی خاوەندارێتیی ئەو ناوچانە، چەند ڕێگەیەکی توندوتیژیی گرتووەتەبەر.

لەو ڕاپۆرتەدا کە ڕۆژی (١٢/١) لەسەر ماڵپەڕی ڕەسمیی خۆی ڕۆژنامەی هەفینگتۆن پۆستی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، هاتووە: کە کەمینەکانی ئەم ناوچەیە لەلایەن هەریەکە لە کوردەکانو عەرەبە سوننەکانەوە سزا دەدرێن بۆ ئەوەی دژایەتیی بانگەشەی ئەوان نەکەن لە خاوەندارێتییاندا بۆ ئەو ناوچانە.

ڕاپۆرتەکە نووسیویەتی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کێشەیەکی لاوەکیی نییە، چونکە ئەم ناوچانە دە یەکی هەموو خاکی عێراق پێکدەهێننو ئەگەر چارەسەر نەکرێن، دەبنە هۆی دروستبوونی جەنگو شەڕی کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی باکوور، تەنیا لەنێوان کوردو عەرەبدا نییە، بەڵکو ئێستا ئەم شەڕە گەیشتووەتە کەمینە دینییەکانی عێراقیش. ئێزدی، شەبەک، کلدوئاشووری، مەسیحییەکان بانگەشەی خاوەندارێتیی دەشتی نەینەوا دەکەن.

لە دوایین بەشەکانی ڕاپۆرتەکەدا، باس لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات وەک لایەنێکی سەرەکیی کێشەکەو دەنووسێت: حکومەتی هەرێم، فشاری خستووەتە سەر کەمینە دینییەکان بە دەستگیرکردنی هەڕەمەکیو چەوساندنەوەو توندوتیژیی بۆ ئەوەی پشتگیریی بانگەشەی خاوەندارێتیی هەرێم بۆ ئەو ناوچەیەی بەسەردا بسەپێنێت. عەرەبە سوننییە پەڕگیرەکانیش، چەند هەڵمەتێکی کۆکوژییان لەدژی کەمینە دینییەکان بەرپاکردووەو بە(زەندیق)و (خاچپەرست)یان لەقەڵەمداون.

هیومان ڕایتس ووْچ، ئاماژە بەوە دەدات، کە دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ببێتە هۆی هەڵگیرسانەوەی خولێکی دیکەی جەنگو خوێنڕێژیی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا.

### لەسەر دەعواکەی پارتی

# دادگا سزای (٣٥) ملیۆنی بەسەر سەرنووسەری (ڕێگا مەگەزین)دا سەپاند

**رۆژنامە**

سکاڵاکەی پارتی لەسەر گۆڤاری ڕێگامەگەزین، لە دەرەوەی یاسای رۆژنامەگەریی، (٣٥) ملیۆن دینار سزای بەسەر گۆڤارەکەدا سەپاند، سەرنووسەری گۆڤارەکەش دەڵێت: «شارەزایەکی پارتی لەناو دادگا حوکمەکەی بە قازانجی حیزبەکەی داوە».

لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە سکاڵایەی چەند مانگی رابـــردوو، پارتی دیموکرات بە پاساوی سووکایەتیکردن لەسەر ژمارەیەک رۆژنامەو گۆڤارە ئەهلییەکان لە دادگاکانی هەولێر تۆماری کرد، ژمارە (١٦)ی گۆڤاری ڕێگامەگەزین لەسەر رومالّی بابەتی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانو وتارێکی سەرنووسەرەکەی لەژێر ناوی «سەرۆک دەستلەکاربکێشەوە»، لە دادگای (٤)ی بەرایی هەولێر سزای (٣٥) ملیۆن دیناری بەسەردا سەپا.

سۆران عومەر؛ سەرنووسەری گۆڤاری ڕێگا مەگەزین بە رۆژنـامـەی راگەیاند: «کەیسەکەی ئێمە بە پەلەو بە قازانجی پارتی تێپەڕێندرا، یەکەم دانـیـشـتـن لـــە (٩/٢٣)و دواینیشیان لە (١٢/١٢) حوکمەی دەرکرا، بێ ئەوەی دادگا گوێبداتە یاسای ژمارەی (٣٥)ی رۆژنامەگەریی‌و پاساوەکانی ئێمە».

سەرنووسەری گۆڤارەکە بڕیارەکە بە بڕیارێکی یاسایی نازانێت‌و پێیوایە لـەژێـر کاریگەریی تەداخولاتی حیزبیی دراوە، بۆ ئەمەش باس لەوە دەکـات کە دادگـا تەنیا یەک شـارەزای دانـاوە تا بابەتەکان هەڵبسەنگێنێت‌و بزانێت ئایا سوکایەتی بە پارتی کراوە یان نا، ئەو شارەزایەش سەر بە پارتییەو لەسەر ئەو لیستە، خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران کاندید کردووە، کەواتە ئەمە چ حوکمێکی دادگایە، کەسێکی پارتی حوکم لەسەر بابەتێک بدات کە لەسەر پارتی نووسرابێت!

سۆران عومەر وتیشی: «تانەمان لە بڕیارەکەی دادگای بەرایی هەولێر داوەو داوادەکەین دادگای تەمیز پێداچوونەوە بۆ ئەو بڕیارە بکات، کە بڕیاری سزای (٣٥) ملیۆن دیناریان داوە، لە کاتێکدا بەپێی یاسای رۆژنامەگەریی ئەگەر تاوانی بڵاوکردنەوەش روویدابێت، سزاکەی لە (٢٠) ملیۆن زیاتر نییە».

پەیوەندیدار بە حوکمی ئەم کەیسە، بڕیارە ئەمڕۆ سەنتەری میترۆ، بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان لە راگەیاندراوێکدا رەخنە لە بڕیارەکەی دادگا بگرێت.

رەحمان غەریب؛ رێکخەری سەنتەرەکە بە رۆژنامەی وت: «ئەو بڕیارە بەپەلەی دادگاو سزای ئەو پارە زۆرە لە بەرامبەر گۆڤاری ڕێگا مەگەزین، جۆرێکە لە فشاری سیاسیی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان».

رەحمان، ئەوەشی خستەڕوو: سەنتەرەکەیان چاودێریی‌و بەدواداچوون بۆ هەموو حاڵەتەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکـات کە پارتی سکاڵای لەسەر تۆمارکردوون‌و لە کاتی خۆشیدا هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن.

وتیشی: «دوای بەستنی کۆنگرەی (١٣)ی پارتی، ئیتر هەقە ئەو پارتە موراجەعەی خۆی بکات بەرامبەر ئەو سکاڵایانەی لەسەر چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی تر تۆماری کردووە».

# حکومەت (٢) مانگ بودجەی دواخستووە

**هەنگاو هاشم– هەولێر**

تائێستا حکومەتی هەرێم بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی نەناردووەتە پەرلەمان، کە پێویست بوو لە (١٠/١٥)وە بودجەی ئاراستەی پەرلەمان بکردایە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی‌و ئابووریی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا؛ «کە ساڵانە ناردنی بودجە لەلایەن حکومەتەوە لە وادەی خۆی دوادەکەوێت، ئەمەش بەهۆی بێ پلانی‌و هەڵنەسانی حکومەتە بە ئەرکی خۆی».

هەروەها وتیشی: «ماوەی (٤٥) رۆژە هاتنی بودجە بۆ پەرلەمان دواکەوتووە، کە ئەمەش پەیوەندیی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیەو کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر پرۆژەکان، لە کاتێکدا کە پێویستە ساڵانە بودجە لە (١٠/١٥) بگات بە پەرلەمان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت».

کاردۆ محەمەد، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی بودجە بە پەرلەمانی کوردستان، چونکە بڕی بودجەکە خەملێندراوەو هیچ کێشەیەکی نییە بۆ گەیشتنی بە پەرلەمان، وتیشی: «سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئاگادار بکاتەوە، لەوەی بودجە رەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات».

# وەزارەتی تەندروستی هەرێم مەترسیی تەشەنەسەندنی ئایدز دەکات

**سەنگەر جەمال**

مەترسییەکان بـۆ بـڵاوبـوونـەوەی نەخۆشیی ئایدز لە کوردستان زیاد دەبن‌و بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتانەش، وەزارەتی تەندروستی پلانی نوێ دادەنێت‌و پشکنینی هاوڵاتییانیش زیاد دەکرێت.

د. خاڵس قادر، بەڕێوەبەری نەخۆشییە گـواسـتـراوەکـان‌و وتەبێژی وەزارەتـی تەندروستی، ئاماژە بە ئەگەری زیادبوون‌و خێرایی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئایدز دەکـات (نەخۆشییەکی مەترسیداری درێژخایەنی گوازراوەیە)و روونیدەکاتەوە کە کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی دەرەوەدا، مەترسییەکانی زیادکردووەو بۆ ئەو مەبەستەش پلانی نوێ دادەنێن.

بەپێی ئامارەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە لە پشکنینەکاندا دەرکـەوتـوون، لە کوردستاندا (١٢)حاڵەتی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز تۆمارکراون کە خەڵکی کوردستانن‌و لەو ژمارەیەش سیانیان گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان دوو هەفتە لەمەوبەر گیانی لـەدەسـتـدا، هـەروەهـا (٦٩)حـاڵـەتـی تر تۆمارکراون، بەڵام کرێکارو کەسانی بیانیی بوون‌و رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە.

د. خاڵس، پێیوایە کەمیی هۆشیاریی‌و هاتنی ژمـارەیـەکـی زۆری کـرێـکـارو کۆمپانیا بیانییەکان‌و زیادبوونی دیاردەی سێکسی بەپەنا (لەشفرۆشی) هۆکارەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکەن، روونیشی دەکاتەوە، کە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکە، بە پلانی نیشتمانی رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیی ئایدز کاری لەسەر دەکەن، ئەوەش بە زیادکردنی پشکنین‌و باشترکردنی توانای کارمەندانی تەندروستی‌و پزیشکەکان‌و هۆشیارکردنەوەی خەڵک.

بە رۆژنامەشی راگەیاند: بۆ ساڵی داهاتوو، پلانێکی تایبەتیان لەبەردەستدایە بەوەی کە چەند ئەنجومەنێک لە سەر ئاستی شارو قەزاکان پێکدێت، کە جگە لە وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتـە پەیوەندیدارەکانی دیکەو نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی تێیدا بەشدار دەبن بۆ بەهێزتربوونی بـەرەنـگـاربـوونـەوەی نەخۆشییەکە لە کوردستان.

وتیشی: «رێوشوێنی تر دادەنرێت بۆئەوەی پشکنینی زیاتر بکرێت بۆ هاوڵاتییان، ئەمساڵ ژمارەی پشکنین بەراورد بە ساڵی رابردوو زۆر زیادی کردووەو لەم دواییەشدا ئەوانەی ژیانی هاوسەرگیریی‌و نەشتەرگەریی گەورەیان بۆدەکرێت، پشکنینی ڤایرۆسەکەیان بۆ دەکرێت، بۆئەوەی زۆرترین هاوڵاتی بکەونە بەر پشکنینەکان، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە تا ئێستا بەشێوەی خۆبەخش هاوڵاتییان خۆیان پشکنین ناکەن».

### لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێریی لەکەرکوک

# ناکۆکییەکانی نێوان کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمان قووڵتر دەبێتەوە

**ئارام جەمال– کەرکوک**

**عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک، بەردەوامن لە دژایەتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی‌و یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی راسپێردراو بە دوای کێشەکانی کەرکوکیان بایکۆتکرد.**

لە دواکۆبوونەوەی سەرۆکایەتییەکانی عـێـراق لەهەفتەی رابـــردوو بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی بـاڵا درا لە کـەرکـوکـو ناوچەجێناکۆکەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لـەو کۆسپانەی لەبەردەم ئەنجامدانی پـرۆسـەی ئەنجامدانی سەرژمێریی‌و کـارکـردن بۆنەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەمی.

رۆژی ٢٠١٠/١٢/١٢ لە شاری کەرکوک لیژنەی باڵا بە ئامادەبوونی (٣) پەرلەمانتاری کـوردو نوێنەری وەزارەتـــی ناوخۆی عێراق‌و سەرۆکی دەزگـای سەرژمێریی هەرێمی کوردستان‌و پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک‌و وەزارەتی پێشمەرگەو نوێنەری ئەمریکا لە کەرکوک‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە.

د.نەجمەدین کەریم، ئەندامی فراکسیۆنی کوتلە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق‌و ئەندامی لیژنە پێکهێنراوەکەی سەرژمێریی دوای ئـەنـجـامـدانـی کـۆبـوونـەوەکـە، رایگەیاند: «سەرجەم لایەنە هونەریی‌و ئەمنییەکانی پرۆسەکە تەواو بووەو ئەو لایەنانەشی کە ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون خۆیان زەرەرمەند دەبن، هۆکاری بەشدارینەکردنیشیان بیانوویەکی لاوازە، چونکە لە کۆبوونەوەکەدا هیچ بڕیارێک وەرناگیرێت».

نەجمەدین کەریم، ئاماژەی بەوەشکرد؛ سەرژمێریی پرۆسەیەکی عێراقییەو لەسەر داوای کورد نەبووە، تاکو ئەوان رەتیبکەنەوە، بڕواشم وایـە؛ پرۆسەکە ئەنجام دەدرێـــت، لـەسـەر نـاوەڕۆکـی کۆبوونەوەکەو ئامادەنەبوونی نوێنەری عەرەبو تورکمانەکانیش راپۆرتێک لەلایەن پارێزگاری کەرکوکەوە ئامادە دەکرێت‌و رەوانـــەی وەزارەتـــی پلاندانانی عێراق دەکرێت.

ئێوارەی پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە لە بارەگای بـەرەی تورکمانی لە شاری کـەرکـوک، پەرلەمانتارانی نوێنەرانی عـــەرەبو تورکمان‌و هـــەردوو کوتلەی تورکمان‌و عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوکـو سەرۆکی حیزبە سیاسییە عەرەبیی‌و تورکمانەکان کۆبوونەوەو لە بەیاننامەیەکدا بەشدارینەکردنی خۆیان لەو کۆبوونەوە بڕیارلێدراوە راگەیاند.

بەپێی نـاوەڕۆکـی بەیاننامەکە، کە وێنەیەکی دەسـت رۆژنـامـە کەوتووە، تیایدا هاتووە: «دروستکردنی لیژنەکە ناهاوسەنگە، چونکە سێ پەرلەمانتاری کـورد لە بەرامبەر دوو پەرلەمانتاری عـــەرەبو یەک پەرلەمانتاری تورکمان ئەندامن تیایداو هەروەها بوونی نوێنەری پاسەوانی هەرێم‌و دەزگای سەرژمێریی نایاساییەو دەبێت پێکهاتەی لیژنەکە چاکبکرێتەوە».

لە بارەی هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر سەرژمێریی‌و پێشهاتە نوێیەکان، حەسەن تـۆران، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پـارێـزگـای کـەرکـوک بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «ئێمە لـە دژی ئەنجامدانی سەرژمێریی نین، بەڵکو لە دژی ئەنجامدانین لە کەرکوک لەم کاتەی ئێستادا، چونکە گۆڕانکاریی لە دیمۆگرافیاو ژمارەی دانیشتووان کراوە لە کەرکوک، دەبێت ئەو دەستکارییانە چاکبکرێنەوەو تەوافوقێکی نیشتمانیی لەسەر پرۆسەکە دروستببێت، ئەوکات سەرژمێریی ئەنجام بدرێت، ئەگەرنا رێگە نادەین پرۆسەکە ئەنجام بدرێت».

لەلایەکی تریشەوە، محەمەد خەلیل جـبـوری، ئەندامی کوتلەی عـــەرەب لە ئەنجومەنی کـەرکـوک بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: «ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی لە ئێستادا زەمینەی سەرژمێریی لەبار نییە، تاکو ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان، چونکە کاتێک لە ساڵی رابـردوودا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە دیمۆگرافیاو تۆماری نفوس‌و دەنگدەران، هەڵبژاردن لە کەرکوک ئەنجام نـــەدراو ئێستاش هەمان ئەو کێشانە بوونیان هەیەو دەبێت ئەو هەڵانە چاکبکرێنەوە، ئەو کات هەنگاو بنێین بەرەو سەرژمێریی».

لـە بـەرامـبـەردا، حاجی کەرکوکی، چاودێری سیاسیی پێیوایە؛ ئەو دوو هێزە لە کەرکوک بە هەموو توانایەکیانەوە کار بۆ ئەجێندای دەرەکیی دەکەن‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە چەند ساڵی رابـردووەوەو بە تایبەت لە کاتی دەرکـردنـی یاسای هەڵبژاردنەکان، هەردوو کوتلەی عەرەب‌و تورکمان لە کەرکوک کار بۆ ئەجێندای وڵاتێکی ئیقلیمی دەکـەن، دژایەتیشیان بەرامبەر سەرژمێریی‌و هەر ویستێکی کورد، بەشێکی کەمە لە کارکردنیان بۆ ئەجێندای دەرەکیی».



کەرکوک لە چاوەڕوانی سەرژمێریدا

فراكسیۆنی گۆڕان، سۆراغی بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ دەكات 4

# وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، (٣٠٠)ملیۆن دۆلار دەنێرێتە پەرلەمان

هەنگاو هاشم- هەولێر

لە هەفتەی ڕابـــردوودا، وەزارەتـــی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی حساباتی (٣٠٠)ملیۆن دۆلاری ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستانو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش، ئاماژە بەوەدەکات، داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، زۆر لەوە زیاترە کە ناردوویەتی.

ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: کۆمەڵێک پرسیارمان هەیە دەربارەی ئەو (٣٠٠)ملیۆن دۆلارەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پەرلەمانی ناردووە، هەروەها ئەو بڕەپارەیەی کە هاتووەتە پەرلەمان، یەکسان نییە بە داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

ناسک تۆفیق، وتیشی: لەگفتوگۆی بودجەی ئەمساڵدا، وەزیری سامانە سروشتییەکان نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کرد، لەجیاتی (٣)مادەی ناو پڕۆژە یاساکە، لە داهاتی وەزارەتەکەی ئەو بدرێت، کە حیسابمان کرد، نزیکەی (٤٩٠) ملیۆن دۆلاری دەکرد، بەڵام دواتر سەرۆکی حکومەت قبووڵی نەکرد بەبیانووی ئەوەی کە دەبوو سەرەتا ئەم پێشنیازە بۆ حکومەت بهاتایەو لەئەنجامدا ئەو (٤٩٠)ملیۆن دۆلارە مایەوە لەلای خودی وەزارەتەکە، بۆیە ئەو بڕەپارەیەی کە هاتووە، زۆر کەمترە لە داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

ئـەو ئـەنـدامـەی لـیـژنـەی سامانە سروشتییەکانی پـەرلـەمـان، ئـامـاژەی بەوەشدا: ئەو داهاتەی هاتووە، نازانین داهاتی چەند مانگە، هەروەها تەنیا داهاتی نەوتی ڕەشە، یاخود نا، چونکە گازۆیلیش دەفرۆشرا بەپێی وتەی خودی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

لەلایەکی ترەوە، عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بـەوەدا: ئەو بڕەپارەیەی کە لە پڕۆسەی دەرهێنانی نـەوت وەرگیراوە، زۆر زیاترە لەوەی کە هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستانو بەپێی یاسای نەوتی گازی هەرێمی کوردستانیش، داهاتی نەوت بەچەند جۆرێکی جیاجیا دەست دەکەوێت.

عەبدوڵڵای مـەلا نـوری، کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانیشە، ڕایگەیاند: وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، داوامان کردووە کە وەزیـــری سامانە سروشتییەکانو وەزیـــری دارایـــیو پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی پەرلەمان بن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران.

ئەوەشی خستەڕوو: ئەو بڕەپارەیەی کە هاتووە، بۆ ئەوەیە کە شەرعییەت بدات بە پڕۆسەیەکی ناشەرعیی کە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانە.

# (٢٠٠٠)کەس نەخۆشیی تالاسیمایانە

ئاکام ئەبوبەکر

کۆمەڵەی تالاسیماو بانکی خوێنی سلێمانی، لە ڕۆژی (٢٠١٠/١٢/١٤)ڕۆژی جیهانی خوێنبەخشین، داوا لە هاوڵاتییان دەکەن بەشداربن لە بەخشینی خوێن بەو کەسانەی پێویستییەکی بەردەوامیان پێیەتی.

کەلسوم ڕەسول خدر؛ بەڕێوەبەری بانکی خوێنی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «(١٢/١٤) ڕۆژێکی جیهانییە، بەڵام بۆ ئێمە مێژووییە، بەهۆی زۆریی ڕووداو و زیادبوونی ڕێژەی تالاسیماو شێرپەنجە، ڕۆژانە پێوستیمان بە زیاتر لە (١٨٠) بوتڵ خوێنە».

لـە کوردستاندا زیـاتـر لـە (٢٠٠٠) کەس نەخۆشیی تالاسیمایان هەیەو لەو ژمارەیەش (٥٥٠)کەسیان لە پارێزگای سلێمانینو بە بەردەوامیی پێویستیان بە وەرگرتنی خوێنە.

مستەفا ئەحمەد جێگری بەڕێوەبەری کـۆمـەڵـەی تالاسیمای کـوردسـتـان لە سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەردەوام پێویستیمان بە خوێنە، ژیانی نەخۆشەکانمان بە خوێنەوە بەندە، لە سلێمانی زیاتر لە (٥٥٠) نەخۆشمان هەیە. پێویستە مانگانە دووجار خوێنیان پێبدرێت.

بەڕێوەبەری بانکی خوێن لە سلێمانیش داوای لەهەموو هاوڵاتییان کـرد، کە هاوکارییان بکەن لە بەخشینی خوێنو هەروەک سەرۆکی ڕێکخراوی تالاسیماش وتی: «ڕۆژانە (٢٥) بتڵ خوێنمان پێویستە».

# بزووتنەوەو کۆمەڵ بێسەروشوێنکراوەکانیان دەوێت

ئاریان حەسن- سلێمانی

کـۆمـەڵو بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی، داوای دیـاریـکـردنـی چـارەنـووسـی بێسەروشوێنکراوەکانیان دەکـەنو بزووتنەوەش داوا دەکـات دەزگاکانی پاراستنو زانیارییو دژەتیرۆر بە ئاشکرا بەرپرسیارێتییان دیاریی بکرێت.

بەشی مافی مرۆڤی کۆمەڵی ئیسلامیی، لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٠ کەمپەینێکی دژی ڕفاندنی دوو ئەندامی کۆمەڵ ڕاگەیاند، کە تائێستا بێسەرو شوێنن لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، کە یەکێک لە ئەندامەکان بە ناوی (هیدایەت عەزیز ئەحمەد) دانیشتووی شـاری چەمچەماڵەو خـێـزانـدارەو لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٠ لە لایـەن هێزێکی ئەمنییەوە ڕفێندراوەو تائێستا بێسەرو شوێنەو ئەندامەکەی دیکەیان بە ناوی (واحید حسێن ئەمین)ە دانیشتووی شاری کەرکوکەو خاوەنی چوار منداڵەو پاسەوانی بەڕێوەبەرێتی ئاوی کەرکوک بووە، لـە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٨-ەوە لەلایەن سێ کەس کە جلوبەرگی مەدەنییان پۆشیبوو لە شاری کەرکوک ڕفێندراوەو تائێستا بێسەروشوێنە.

هـاوکـات دەزگـــای مـافی مـرۆڤی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکراشیانکردووە؛ کە سێ ئەندامی حیزبەکەیان بە ناوەکانی (عەبدولجەبار قـادر حـەسـەن، زمناکۆ فـەرەج عومەر باباشێخ، عابد حەسەن عەلی) لەلایەن ئاسایشی سلێمانیو دەزگای دژەتیرۆرەوە، ماوەی (٩) ساڵە دەستگیرکراونو تائێستا چارەنووسیان نادیارەو ئازاد نەکراون.

بزووتنەوەی ئیسلامیش داوا دەکات؛ ڕێگە نەدرێت بە هیچ بیانوویەک دەزگا ئەمنییو حیزبییەکان خەڵک شوێن بزر بکـەنو لای خـۆیـان بـۆ چەندین ساڵ بیانهێڵنەوەو چاکسازیی لە پڕۆژەیاسای ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاساییدا بکرێت، لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئاسایشی هەرێمو خستنە ژێر بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی وەزیـرانو جیاکردنەوەی لە دەسەڵاتی حیزبیی. دەزگاکانی (پاراستنو زانیارییو دژەتیرۆر) بە ئاشکرا بەرپرسیارێتییان دیاریی بکرێت، یان ئەوان هێزی یاسایی حکومەتنو بەپێی یاسا کار دەکەن، یان میلیشیای حیزبەکانن.

## پەرلەمانتاران بۆ (٤) یاسا (٢) مانگ پشوو وەردەگرن

# پشووی پەرلەمان نزیکبووەتەوەو هیچ یاسایەکی «گرنگیش» پەسەند نەکرا

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

**زیاتر لە (٤٠) پڕۆژەیاسا چاوەڕوانی دەستپێکردنەوەی خولی نوێی پەرلەمان بوون، تا خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێتو پەسەند بکرێن، بەڵام لە سەرەتای ساڵی نوێوە جارێکی تر پشوو وردەگرنەوەو پەرلەمانتاران خۆشیان پێیانوایە؛ کە ئەم خولەی پەرلەمان زۆر بە سستی بەڕێدەکرێت.**

خەریکە وەرزێکی دیکەی کاری پەرلەمانی کوردستان بەسەردەچێت، بەڵام پەرلەمان هیچ پڕۆژەیاسایەکی گرنگی لەم وەرزەشدا پەسەند نەکرد.

بەر لە دەستپێکردنەوەی خولی ئێستای پەرلەمان لە ٢٠١٠/٩/٧دا، سەرۆکایەتی پەرلەمان (١٦) پڕۆژەیاسای پێشکەشی لیژنەی یاسایی کـردووە، کە تائێستا تەنیا (٤) پڕۆژەیاسایان پەسەند کراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە پشووی زستانەی پەرلەمان لە ٢٠١١/١/١-ەوە دەستپێدەکاتەوە، تا ٣/١، لێرەشدا ئەو پرسیارە لە سەرۆکایەتی دەکرێت؛ کە پەرلەمانتاران بە (٤) مانگ چەند پڕۆژەیاسایان دەرکـردووە، تا دوو مانگ پشوو وەربگرن؟

هـەرچـەنـدە پـرۆژەیـاسـاکـانـی نێو ڕیزبەندییەکەی سەرۆکایەتیش پەسەند نـەکـراون لـەم خـولـەدا، بـەڵام بەشێک لە پەرلەمانتاران لـەو بـڕوایـەدان، کە زۆر پـرۆژەیـاسـای گرنگی دیکەش هـەن لەو ڕیزبەندییەدا نەبوون، ئەمەش بە وتەی چاودێرانی سیاسیی ئەو پڕۆژەیاسایانەن، کە سەرۆکایەتی نایەوێت لە پەرلەماندا گفتوگۆیان لە بارەوە بکرێتو بورووژێنرێن،

کـاردۆ مـحـەمـەد، ئـەنـدامـی لیژنەی یاسایی پەرلەمان جەختی کـردەوە؛ کە زۆر پڕۆژەیاسای گرنگو هەستیار هەن تائێستا نەخراونەتە بەرنامەی کارەوەو لەو ڕیزبەندییەشدا نەبوون کە سەرۆکایەتی پـەرلـەمـان دایـنـاوە، ئەمە جگە لـەوەی پڕۆژەیاساکانی نێو ڕیزبەندییەکەش وەک پێویست لەم خولەدا قسەیان لەسەر نەکراوەو ئەمەش کەموکوڕیی پەرلەمانەو سستی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەم خولەیە.



کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان

فۆتۆ: ڕۆژنامە

پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵاتیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە، فازل بەشارەتی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی ئەوەی ڕەتکردەوە، کە پەرلەمان لەم خولەدا بە سستیی کاری کردبێتو جەختی کردەوە کە پەرلەمانی ئێستا لە گشت پەرلەمانی خولەکانی پێشوو چالاکتر بـووەو وەک پێویستیش گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەیاساکانو چاودێریی کاری حکومەت کراوە.

لە بەرامبەردا ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بە چاودێریی کاری پەرلەمانیش ئەو بۆچوونە دووپات دەکەنەوە، کە ئەم خولەی پەرلەمان نەیتوانیوە وەک پێویست گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەیاساکان بکات.

هودا زەنگەنە، بەڕێوەبەری پڕۆژەی چاودێریکردنی پەرلەمان لە ڕێکخراوی ئاسک، لەگەڵ ئەوەی پێیوابوو؛ کە هەر یاسایەک کە دەردەچێت گرنگەو بایەخی هەیەو کەم تا زۆر خزمەتی بەشێک لە خەڵکان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: «دەکرا ئەو پڕۆژەیاسایانەی پەیوەندیدارن بە زۆرینەی خەڵک، مەسەلەی سیاسییو کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکەن، بخرێنە سەرەتای کاری پەرلەمانەوە.

ئەو دەسەڵاتەی دراوە بە سەرۆکایەتی پـەرلـەمـان بۆ دانـانـی بـەرنـامـەی کـارو دیاریکردنی گرنگیی پڕۆژەیاساکان، بەشێک لە پەرلەمانتارانی نیگەران کردووەو حەمە سەعید حەمە عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، دەڵێت: «پڕۆژەیاساکان لە لایەن سەرۆکایەتییەوە دادەنرێنو دوادەخرێن، بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی کاتی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکانو گرنگییەکانیان پەیڕەو بکاتو ئەوە لەبەرچاو بگرن، کەوا خەریکە ئەم وەرزەش بەرێدەکەین و پشووی زستانەی پەرلەمان دەستپێدەکات

بە وتـەی ئـەو پەرلەمانتارە؛ «ئـەوان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە سەرۆکی پەرلەمان، پڕۆژەیاساکان پێشو دوادەخات، بۆ ئەمەش ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە».

زۆرن ئەو پڕۆژەیاسایانەی نەخراونەتە بـەرنـامـەی کـــارەوەو گرنگیشن، وەک پـرۆژەیـاســای بـودجـەی حیزبەکانو بێلایەنکردنی هێزی چەکدار لە کوردستانو داواکاریی گشتییو ڕێکخستنی پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات،کەئەم پڕۆژەیاسایانە بە لای ئۆپۆزسیۆنیشەوە گرنگ بوون، بەڵام لە ڕیزبەندییەکەی سەرۆکایەتیدا دانەنراون.

ئەمەش جگە لەوەی ئەو پڕۆژە گرنگانەی کە لە بەرنامەی کـارو ڕیزبەندییەکەی سەرۆکایەتیدا بوون، وەک پێویست ئیشیان لەسەر نـەکـراوە، لـەوانـە: پڕۆژەیاسای کۆمسیۆنی بـاڵای دەستەی هەڵبژاردنی کـوردسـتـانو دەسـتـەی نـەزاهــە،... کە دواخراون.

بەڕێوەبەری پـرۆژەی چاودێریکردنی پەرلەمان لە ڕێکخراوی ئاسک، ڕوونیکردەوە؛ کـە لـە چاودێریکردنی کـارەکـانـی ئەم خولەی پەرلەماندا بۆیان دەرکەوتووە، ئەو پڕۆژەیاسایانەی کە هەنو ڕاپۆرتەکانیان تـەواو بـووە، بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەخراونەتە بەرنامەی کـارەوەو «پێشو پاشخستن»ێک لە پڕۆژەیاساکاندا کراوە، کە سەرۆکایەتی ڕیزبەندییەکەی داناوە، ئەمەش جێگەی پرسیاری ئێمەو پەرلەمانتارانەو هۆکارەکەشی ئاشکرا نییە».

ئـەو دەسـەڵاتـە ڕەهـایـەی پـەیـڕەوی ناوخۆ داویەتی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە بۆچوونی پەرلەمانتاران هۆکارە بۆ سستیی کـاری پـەرلـەمـانو دواکەوتنی پڕۆژەیاسا گرنگەکان، بەڵام هودا زەنگەنە، ئەو پاساوەی پەرلەمانتارانی قبووڵ نییە، کە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانەو پەیڕەو ئەو دەسەڵاتەی پێبەخشیوە، چونکە پەرلەمانتارانو بە تایبەت ئۆپۆزسیۆن، کە ژمارەیەکی بـەرچـاون لە پەرلەمان، دەتوانن گوشار لە هۆڵی پەرلەمان دروست بکەن، چونکە بەر لـەوەی گوشار لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان دروسـت بکات، پێویستە گوشار لەسەر پەرلەمانەکەی خۆیان دروست بکەن. چونکە مافیان هەیە کە پرسیار بکەن؛ بۆ پڕۆژەیاساکان پێشو دوا دەخرێن؟ بۆ پڕۆژەی گرنگ هەن وەک پێویست قسەیان لەسەر نەکراوە؟.

عومەر عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی کوردستانیی ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کـە ئەندامانی پـەرلـەمـان لـە پـەیـڕەوی ناوخۆ لابدەنو ئەو دەسەڵاتەی دراوە بە سەرۆکایەتی، لێی بسەندرێتەوە، چونکە هەرکات پەیڕەو گۆڕا، ئەوکات دەتوانرێت ئەم کارانە بکرێت، نەک ئێستا.

لـە بـەرامـبـەردا، پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی یەکگرتوو جەختی لەوەکردەوە، کە ئەوان بە یاداشتو بە زارەکیی چەندین جار نارەزاییان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی پـەرلـەمـانو داوایـــان کـــردووە، کە زۆر پڕۆژەیاسا هەن بخرێنە بەرنامەی کارەوە، وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی بەڵێنیشمان پێدراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە».

ئەگەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هۆکاربن بۆ سستیی کـاری ئەم خولەی پەرلەمان، کە هاوکات سەرۆکی پەرلەمان لە دەستپێکی خولەکەدا بەڵێنی چالاکبوونی ئەم خولەی دابـوو، بـەڵام لە مـاوەی (٤) مانگی ڕابـردوودا تەنیا یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاساییو یاسای وەزارەتـی ڕۆشنبیرییو یاسای وەزارەتی شارەوانی پەسەند کردووە.

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان پێیوابوو؛ کە هەرچەندە چەند یاسایەکی کەم لەم خولەدا دەرکراون، بەڵام وەک پێویست نەبوونو ئومێد هەبوو کە بە دەرچوونی یاساکان ئازادیی ڕادەربڕین فەراهەم بکرێت، بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە یاساکان پێشتر باشتر بووە لە ئێستا.

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بە نموونە دێنێتەوە، کە هەرچەندە یاسایەکی گرنگە، بـەڵام لـە ئاستی پێشکەوتنی کـوردو سیستمی دیموکراسیدا یەکناگرێتەوە، کە پاشەکشێکردنی تێدا دەبینرێتو وەرگرتنی مۆڵەتی زۆر تێدا زەقکراوەتەوە.

# پارێزگاری سلێمانی
# دەیان دەسەڵات بە نایاسایی دەداتە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی

راپۆرتی: رۆژنامە

پارێزگاری سلێمانی بە نایاسایی چەندین دەسەڵات دەداتە سکرتێرەکەی، کە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتیش زیاترە، ئەندامێکی ئەنجومەنیش دەڵێت: «بە هەر (٤١) ئەندامەکەی ئەنجومەن ئەو دسەڵاتانەیان نییە».

بە نووسراوی ژمارە (١٦٩٣٤) لە ٢٠١٠/١٢/٥، بەهرۆز محەمەد سالح، پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت، چەندین دەسەڵات دەداتە (کارزان جیهانبەخش محەمەد) بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی خۆیو هەمان رۆژیش بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت نامەیەک ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیی دەکاتو پێی رادەگەیەنێت، کە: «هیچ دەسەڵاتێکی دارایی جێبەجێ ناکەمو کاری پێ ناکەم».

بەپێی فەرمانە کارگێڕییەکەی پارێزگار، بڕیاریداوە چەندین دەسەڵات ببەخشێتە (کارزان جیهانبەخش)، جگە لە دەسەڵاتەکانی پێشووی ئەوانیش: «ئیفادکردنی کارمەندانی نووسینگەی تایبەت بۆ ناوەوەی هەرێم، سەرپەرشتیو رێکخستنی کاری میوانخانەو میوانداریيو لیژنەی میوانداریی، ئیمزاکردنی نووسراوی نهێنییو نووسراوی نووسینگەی تایبەت، سەرپەرشتی جوڵاندنی ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگا، خەرجکردنی نەسریەی بەردەستی پارێزگار، بەخشینی پارە بە هاوڵاتییانو فەرمانگەکانو هامشکردنی هەموو نووسراوێک، داواکردنی کەلوپەل لە گەنجینەو گرتنە دەستی دەسەڵاتەکانی کارگێڕیی گشتیی لە کاتی ئامادەنەبوونی».


بەهرۆز محەمەد، پارێزگاری سلێمانی

شارەزایەکی کاروباری داراییو کارگێڕیی، کە نەیویست ناوی بهێنرێتو ئەزموونی (٣٠) ساڵ کارکردنی هەیەو پلەی بەڕێوەبەری گشتییە، سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی دراوەتە بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگار بە رۆژنامەی وت: «ئەوە بڕیارێکی نایاساییە، بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتی خەرجی نادرێتە کەسانی خوارەوە لە حاڵەتێکدا نەبێت، وەزیر دەیداتە بریکارو ئەوان دەیدەنە بەڕێوەبەرە گشتییەکانو پارێزگاریش دەیداتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە هیچ شێوەیەک نادرێتە بەڕێوەبەری نووسینگە، چونکە بەڕێوەبەری نووسینگە فەرمانبەرێکی بێ ئەزموونە، جێگری بەڕێوەبەری گشتیش دەسەڵاتی سەرفکردنی پارەی نییە».

ئەو شارەزایە بڕوای وایە: «ئەوەی کە کراوە فەوزای ئیدارییەو ئەو دەسەڵاتە تەنیا لای بەڕێوەبەرە گشتییەکانە، چونکە نیوەی دەسەڵاتی خەرجی دەدرێتە کەسێک بە مەرجێک پلەکەی لە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کەمتر نەبێت، یان فەرمانبەرێک لە پلە تایبەتدا نەبێت، بە تایبەتی ئیفادو خەرج تەنیا لە دەسەڵاتی پلە تایبەتەکاندا دەبێت».

سەبارەت بە نووسراوی بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت بۆ بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕیی، ئەو شارەزایە وتی: «ئەوە پێچەوانەی یاسایە، ئەوە بدرێتە چاودێری دارایی هەموویان تووشی کێشەی یاسایی دەبنەوە، هیچ کلتوورێکی ئیدارەی توانا مرۆییەکان ئەوە قبوولناکات، بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتیش فەرمانبەرەو لە بەردەستی بەڕێوەبەری کارگێڕیی گشتیدایە، کارگێڕیی گشتیی بەڕێوەبەری فەرمانگەکەو هەموو فەرمانبەرەکانێتی، پارێزگار بەڕێوەبەری یەکەی ئیداریی شارەکەیە».

هەر سەبارەت بە پێدانی چەندین دەسەڵات بە بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەت لەلایەن پارێزگارەوە، ئەحمەدی حاجی رەشید، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی وت: «بە هەموو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە، کە (٤١) ئەندامە ئەو دەسەڵاتەمان نییە».

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، پێشتر پارێزگار بە نووسراوێک، داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە پلەی ئەو فەرمانبەرە لە پلە (٦)ەوە بکرێتە پلە (١)و دواتریش ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٧٨١٨) لە بەرواری ٢٠١٠/٧/١٢ داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکات پلەی (کارزان جیهانبەخش) لە پلەی (٦)ەوە بکاتە (١)، کە پلەی بەڕێوەبەری جێبەجێکارە بە مووچەی (٩٤٨) هەزار دینار، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ ئەو بڕیارە بە نایاسایی دەزانێت.


(( فەرمانی کارگێڕی ))

بە نووسراوی ژمارە (١٩٣١١) وەزارەتی ناوخۆ، وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران دەداتەوە، بەوەی گۆڕینی ناونیشانی ئەو فەرمانبەرە لەگەڵ یاساو رێنماییە داراییەکاندا یەکناگرێتەوە، هەروەک وەزارەتی داراییش بە نووسراوی (٣٧١٤- لە ٢٠١٠/٨/١) وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانی داوەتەوە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی رەتکردووەتەوە نووسیویەتی: «پێویست بوو رەچاوی بڕوانامەو ساڵانی خزمەتی ناوبراو بکەن».

بەپێی رێوشوێنە کارگێڕییەکان، بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرێک لە پلە (٦) بۆ (١) پێویستی بە زیاتر لە (١٥) ساڵ خزمەت هەیە، یان بڕینی پلەیەک لایەنی کەم پێویستی بە (٥) ساڵ خزمەتی بێمۆڵەت هەیەو بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنیش وەزیرێک دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی فەرمانبەری هەیە تەنیا یەک پلە (٦) بۆ (٥)، بە مەرجێک دڵسۆزو لێهاتوو بێتو هەر بڕیارێکیش جیا لەوەبێت، پێچەوانەی رێنماییەکانی وەزارەتی داراییو یاسای خزمەتی مەدەنییە.

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە سووڕی سستبووندا دەڕوات

راپۆرتی: بەهادین یوسف

لە ماوەی دەستبەرکاربوونی پارێزگاری سلێمانییەوە، ئەنجومەنی پارێزگا هیچ کارێکی جێبەجێ نەکردووە، ئەوەش بە هۆی هاڕینی ئەنجومەنی پارێزگا لەنێوان هەردوو یاسای بریمەرو یاسای ژمارە (١٥٩)ی (مجلس قیادە سەورە)دا.

بەپێی راپۆرتی سێیەمی ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی، لە ماوەی هەردوو مانگی (١٠و ١١) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هیچ کارێکی جێبەجێ نەکردووەو بەپێی راپۆرتی دووەمی رێکخراوەکەش، مانگەکانی پێشووش بە هەمانشێوە بێکاربوون.

هۆکاری جێبەجێ نەکردنی کارەکانیان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوە، لەدوای هاتنی پارێزگاری تازەوە (بەهرۆز قەشانی) پرۆژەکان لە دەستی ئەنجومەنی پارێزگا نەماونو لە لایەن پارێزگارەوە جێبەجێ دەکرێنو پشت نابەستن بە کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە بۆ ساڵی (٢٠١٠) دارێژراوە، بەڵکو خۆیان سیستمو ئالیەتی کاری خۆیان هەیە، هەروەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەر دوو بەرداشی یاسایی کەوتووە، کە بەپێی یاسای ژمارەی (٧١)ی بریمەر هەڵبژێردراوەو دەسەڵاتی وەرگرتووەو کار دەکات، بەڵام لەدوای هاتنی پارێزگاری نوێوە کار بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)ی (مجلس قیادە سەورە)ی پارێزگاکانی عێراق کار دەکاتو بەپێی ئەو یاسایەش ئەنجومەنی پارێزگاکان بوونیان نییە.

بەپێی راپۆرتی پێشووتری رێکخراوەکە حکومەتی هەرێمی کوردستانو دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم پەراوێز خراون بە هۆی باوەڕنەبوونیان بە سیستمی لامەرکەزیی، کە بنەماو سەرچاوەی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بووە، هەروەها پێنەدانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، ساڵی (٢٠١٠)و نەگەیشتنی بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو دانانی پارێزگار بە نایاساییو بە وەکالەت بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنو دووبارە نەکردنەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئەنجومەنیش خۆی هەوڵی نەداوە بۆ سازدانی کۆبوونەوەکان.


کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

فۆتۆ: رۆژنامە

**بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکان**

- * لیستی یەکێتیی لە کۆی (٢٩) بەڵێنی هەڵبژاردن (١٨)ی جێبەجێ نەکردووە
- * لیستی پارتی لە کۆی (٨٩) بەڵێنی هەڵبژاردن (٦٩)ی جێبەجێ نەکردووە
- * لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە کۆی (١٦) بەڵێن (١٠)ی جێبەجێ نەکردووە
- * لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، لە کۆی (٢١) بەڵێن (١٧)ی جێبەجێ نەکردووە

راپۆرتی سێیەمی چاودێریکردنی ناوەندی بەدلیسی، تایبەت بە چاودێریکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایکردووە؛ لەسەر ئاستی کارەکانی ئەنجومەن بە گشتییو لە ماوەی کارکردنیدا بە هەر چوار لیستەکە لە کۆی (١٥٥) بەڵێنی هەر چوار لیستەکەی ناو ئەنجومەن (یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، تەنیا (٤١) بەڵێنیان جێبەجێکردووەو (١١٤) بەڵێنیان جێبەجێ نەکراوە.

زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەش هۆکاری جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانیان گەڕاندووەتەوە بۆ هەڵنەبژاردنەوەی ئەنجومەنەکان بەپێی یاسای دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانو ئاماژەی بەوەش کردووە: «سەرکردایەتی کورد لەگەڵ پارێزگاکانی تردا هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، بەڵام تەنیا ئەو دەورەیە بووەو دوای ئەوە دەسەڵاتی کوردی پاشگەزبووەتەوە لە دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر جومگە کارگێڕییەکانو بڕوا نەبوونی بە سیستمی لامەرکەزییو گەڕانەوە بۆ سیستمی مەرکەزییو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو ئەنجومەنی پارێزگاکان گرنگی خۆیان لە دەستداوە لە رووی چاودێرییو دانانی بڕیارو رێنمایی بۆ پارێزگاکانو تەنیا لە رێی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانەوە توانیویەتی چەند چالاکییەکی خزمەتگوزاریی لە سلێمانی ئەنجامبدات لە ساڵانی (٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩)و توانیویەتی هەندێک لە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات».

سەبارەت بە وردەکاریی جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکان، راپۆرتەکە ئاشکرایکردووە؛ کە لیستی یەکێتیی نیشتمانیی لە کۆی (٢٩) بەڵێنی هەڵبژاردن (١١)ی جێبەجێکردووەو (١٨) یان جێبەجێ نەکراونو بەڵێنە جێبەجێ نەکراوەکانیش لە بواری کارەباو چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو کێشەی خوێندنگەکانو پەرەپێدانی بواری پەروەردەو بەرەو پێشبردنی ئاستی دەزگاکانی حکومەتو هەرزانکردنی نرخی کاڵاکان، لابردنی باجی عەلوەکانو دروستکردنی خەلوەتگەی پیریی، دامەرزاندنی سیستمی تایبەتی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، یارمەتیدانو هاوکاریی هونەرمەندانو نووسەرانو ئەدیبان، خزمەتگوزاریی تەندروستیو دژایەتیکردنی دیاردەی قۆرخکردنو چەندین بەڵێنی دیکەی تایبەت بە بواری کشتوکاڵو باخدارییو ئاژەڵدارییو پیشەسازییو ئاسایشی هاوڵاتییان.

هەرچی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، لە کۆی (٨٩) بەڵێنی هەڵبژاردن (٢٠)یانی جێبەجێکردووەو (٦٩)یانی جێبەجێنەکردووەو زۆربەی بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانیشی تایبەتە بە خزمەتکردنی گوندەکانو چارەسەری کێشەی خوێندنگەکانو باخچەی ساوایان، گیروگرفتەکانی گەنجان، چاککردنو رێکخستنو قیرتاوکردنی شەقامو کۆڵانەکانو یاریگەی مۆدێرن، سیستمی تەندروستی نەخۆشخانەکانو دابینکردنی خانوو بۆ شەهیدان، بوارەکانی یاساو سەربەخۆیی دادگاکانو بەرز راگرتنی یاساو مافی مرۆڤو بوارەکانی ئیدارییو نەهێشتنو بنەبڕکردنی گەندەڵییو بوارەکانی ئابووریی، چارەسەرکردنی بەرزی نرخو بوارەکانی خوێندنو پەروەردەو رۆشنبیرییو چەندین بەڵێنی دیکە لە ناویاندا تا ئاڵای عێراق سیمبولی کوردی تێدا نەبێت، هەڵنەکرێت.

سەبارەت بە لیستی یەکگرتووی ئیسلامیش، لە کۆی (١٦) بەڵێنی هەڵبژاردن، تەنیا (٦)ی جێبەجێکردووەو (١٠)یان ماونەتەوە، جێبەجێنەکراوەکانیش لە رووی کارگێڕییو هاوکاریی نێوان فەرمانگەکانو نەهێشتنی رۆتینو پاراستنی باری ئاسایشو گۆڕینی بەڕێوەبەرو سەرۆک بەشە ناچالاکەکانو هاندانی بواری کشتوکاڵو چارەسەری کێشەی زەوییو زار.

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیش، لە کۆی (٢١) بەڵێن، تەنیا (٤)ی جێبەجێکردووەو (١٧)ی جێبەجێ نەکردووە، ئەوانیش: لە بوارەکانی رازیبوون بە مەبدەئی فیدراڵیی لە دەستووری عێراقو هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی بۆ ماوەی چوارساڵ، دروستکردنی سوپای نیشتمانیی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دژایەتیکردنی بیرۆکراتیەتو گەندەڵییو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی، نەهێشتنی بنکەکانی پشکنین لەنێوان شارەکان، بەهێزکردنی ئاسایشی ناوخۆ، دەرکردنی لێبووردنی گشتیی، وەستانەوە دژی تیرۆری بیرو جەستە، چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بەرجەستەکردنی ئازادیی تاک، زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، گۆڕینو بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی خوێندن.

بە شێوەیەکی گشتیی بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی هەر چوار لیستەکە خۆیان دەبیننەوە لە بوارەکانی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو کارەباو فرە سەرچاوەیی ئاو و چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارانو بەرەوپێشبردنی ئاستی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی حکومەتو هەرزانکردنی کاڵاکانو گرنگیدان بە ئاسایشی هاوڵاتییانو هاندانی لایەنی کشتوکاڵو زیاتر بەدەمەوەچوونی کێشەی زەوییوزار.

فریاد ڕەواندزی: ئیستیحقاقی نەتەوەیی لە بەغدا، کاری پێناکرێت 6

### هەفتەی رابردوو (٦٦) ملیۆنیان بۆ ئۆتۆمبێل و پێداویستی دیکە وەرگرت

# پەرلەمانتارانی عێراقی، مانگانە (٣٦)ملیۆن دیناریان پێدەدرێت

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

مووچەو ئیمتیازاتی کاربەدەستە پلە بەرزەکانی دەوڵـەتـی عێراقی، زەربـەی کەمەرشکێن لەبودجەی ساڵانە دەدەن، بەشێوەیەک مانگانەو تەنیا بۆ پەرلەمانتاران جگە لە وەزیرەکان، زیاتر لە یانزە ملیارو شەشسەد ملیۆن دیناریان بۆ دەچێت و هەفتەی رابردووش بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل و چاودێریی کۆمەڵایەتی، دوو ملیارو سەدو چل و پێنج ملیۆنی تر دراوە بە پەرلەمانتاران.

هەرچەندە مووچەو ئیمتیازاتی سێ سەرۆکایەتییەکەو ئەندامان و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دەوڵەتی عێراقی، بەپێی یاسا لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا دیاریکراوە، بەڵام «ژمارەکان» ئاماژە بۆ خەیاڵیبوونی نـازو نیعمەتە دارابیەکانی ئەوانە دەکەن، کە بڕیاریانداوە نوێنەرایەتی و بەرپرسیارێتیی خەڵک لەئەستۆ بگرن.

جگە لە ئیمتیازاتەکانی پێدانی (٦٠٠)مەتر زەوی، پاسپۆرتی دیبلۆماسی بۆ خۆی و خێزانەکەی، (٥٨)ملیۆن (٥٠٠) هـەزار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل، (٧)ملیۆن و (٥٠٠)هـەزار چاودێریی کۆمەڵایەتی و چەند ئیمتیازێکی تر، هەر پەرلەمانتارێکی عێراقی، مانگانە بڕی (٣٥)ملیۆن و (٧٠٠)هەزار دینار وەردەگرێت، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

(٧)ملیۆن و (٢٠٠)هـــەزاری مووچەی بنەڕەتی، (٣)ملیۆن وەک دەرماڵەی تایبەت، (٣)ملیۆنی تر وەک دەرمـاڵـەی شوێنی نیشتەجێبوون، مووچەی (٣٠) پاسەوانی تایبەت کە کەمترینیان (٧٢٠)هـــەزارەو زۆرترینی (٧٥٠)هەزارە، بەوەش (٢٢)ملیۆن و (٥٠٠)هەزاری تر دەچێتە سەر سیانزە ملیۆن و دووسەد هەزارەکەی تر.

پەرلەمانتارە کوردەکان، ویستی خۆیان بۆ کەمکردنەوەی مووچەو ئیمتیازاتی پلە بەرزەکان ناشارنەوە، چونکە بەشێکیان دەڵێن: «خەڵک وەک مشەخۆر سەریریان دەکات»، بەڵام ئەمە بۆچوونی چەند نوێنەرێکە لەکۆی ژمارەیەکی گەورە کە بریتی دەبێت لە (٣٢٥) پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەران.

تەوەرەیەکی سەرەکیی ئەم راپۆرتە، قسەکردنە لەسەر ئـیـرادەی ئـەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران کە روونتر وەڵامی یەک پرسیارە، ئەویش ئایا ئەندامان دەتوانن «پێ لەسەر جەرگی خۆیان دانێن!»و بەپێی یاسا مووچەی خۆیان و پلەبەرزەکان کەمبکەنەوە؟!

محەمەدئەبوبەکر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، لەگەڵ جەختکردنەوە لە ژمارە بەدەستهاتووەکان، ئاماژە بـەوەدەکـات: پەرلەمانتاران، مافی یاسادانان و هەمواری یاسایان هەیەو ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن مووچەو ئیمتیازاتی پلە بەرزەکان سنووردار بکەن.

لەبارەی میکانیزمی پێدانی مووچەی (٣٠) پاسەوانەکەو (٣)ملیۆنی دەرماڵەی شوێنی نیشتجێبوونەوە، محەمەد ئەبوبەکر وتی: «بڕیارە وەک خولەکانی پێشتر نەبێت، بەڵکو پاسەوانەکان راستەوخۆ گرێبەستەکەیان لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران مۆربکەن، دەرماڵەی نیشتەجێبوونیش بەهەمانشێوە، مانگانە خاوەنی خانووەکە، لە ئەنجومەن وەریبگرێت».

هەفتەی رابردوو، بۆ کڕینی ئوتومبێل، هەر پەرلەمانتارێک (٥٨)ملیۆن و (٥٠٠)هەزاریان وەرگـرت لەگەڵ (٧)ملیۆن (٥٠٠)هـــەزار بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت لەلایەن پەرلەمانتارەوە.

شێخ فاتیح داراغایی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی، رایگەیاند: «ئەو پارەیەی تایبەتە بە خەڵکی هەژار، ئێمە بەئامەنەتەوە هاوکاریی خەڵکی کەمدەرامەتمان پێکردووەو ئیمزاو ناوو کۆپی پێناسی باری شارستانیی دەگێڕینەوە بۆ ئەنجومەن، تا چاودێریی بکەن و بزانن گەیشتووەتە دەستی خەڵک».

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵی ئیسلامیی، بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد: بەپێی ئەو سیستمەی بۆ مووچەی بەرپرسانی حیزبەکەی دانراوە، دوو ئەندامەکەیان لەکۆی ئەو مووچەیەی وەریدەگرن، تەنیا (٣)ملیۆن بۆ خۆیانەو ئەوی تر هەمووی بۆ حیزبە.

وتیشی: «بەهۆی تەمەنکورتیی ئەم خولەوە، هیچ بیرۆکەیەک نییە بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە بـەرزەکـان، بـەڵام مووچەو ئیمتیازاتی وەزیـرو پەرلەمانتار زۆرەو پێویستە سنوورێکی بۆ دابنرێت».

لەلایەکی ترەوە، پەرلەمانتارانی گۆڕان، (٢٠٪)ی مووچەکانیان و تـەواوی پارەی ئوتومبێلەکانیان بۆ بزووتنەوەکەیان گێڕاوەتەوەو لەوبارەیەوە، ئەندامێکیان پێیوایە، ئەو مووچە زۆرە بۆ پەرلەمان، بەئامانجی بێدەنگکردنی پەرلەمانتارو رۆڵنەبینی ئەرکی چاودێریی ئەنجومەنە.

لەتیف شێخ مستەفا، بۆ رۆژنامە وتی: «مـووچـەو ئیمتیازاتەکان زۆرن و ئەمە وایکردووە کە نوێنەری خەڵک، لەبری ئەوەی خەڵک خۆشی بوێن، رقیان لێمان دەبێتەوە، خەڵک هەست دەکات، بەشی ئەو دەخۆین و خوێنمژین، بەراستی ئەگەر بمانەوێت نوێنەری گەل بین، دەبێت سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنێین و بێدەنگبوونمان لە زۆریی مووچەو ئیمتیازاتەکانمان، مانەوەمانە وەک مشەخۆر».

ئەو نوێنەرەی گۆڕان، پێیوایە: زۆریی ئیمتیازات و مووچەی پەرلەمانتار، هەوڵێکە بۆ گەندەڵکردنی نوێنەرانی خەڵک و چاوپۆشین لەئەرکی چاودێریکردنیان و لەوبارەیەوە وتی: «پێویستە ئێمە بۆ ئەو ماوەیە نەژین کە تێیداین، بەڵکو بۆ ئەوە کاربکەین کە دوای چوار ساڵەکە، خەڵک چۆن سەیرمان دەکات، ئەگەر مووچەو ئیمتیازاتەکان کەمبکەینەوە، دەتوانین لەم خولەدا مێژووی عێراق بگۆڕین، چونکە ئەوکات دەتوانین موحاسەبەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەین و لێی بپرسینەوەو گەندەڵییەکانی دەربخەین».

پەرلەمانتارێکی یەکگرتووی ئیسلامیش، مـــووچـــەو ئـیـمـتـیـازاتـەکـانـی وەزیـــرو پەرلەمانتارەکان بەئاسایی نازانێت و پشتیوانیی لە هەوڵی کەمکردنەوەیان دەکات.

بەکر حەمەسدیق، وتی: «پشتیوانیی لە کەمکردنەوەی دەکـەم، چونکە مووچەکان ئاسایی نین و لەلایەن خەڵکەوە پێمان ڕەوا نابینرێت، بەو حوکمەی دەزانن کە بارتەقای مووچەکانمان ئیش ناکەین و ئەرکمان لەسەر نییە، لەلایەکی تریش ئەم مووچەو ئیمتیازاتە دەبێتە هۆی شەڕکردن و هەڵپەکردن بۆ پۆست».

لـەبـارەی هاوکاریکردنی پارتەکەی لەڕێی مووچەکانیانەوە، بەکر حەمەسدیق، روونیکردەوە: «بەپێی ڕێککەوتنیان لەگەڵ حیزب، (٥٧٪)ی مووچەکانمان، (٣٠٪)ی پارەی ئوتومبێل، (٥٠٪) ئیمتیازاتەکانی تر بۆ حیزب دەگێڕنەوە».

لەگەڵ ئـەوەی زۆربـەی پەرلەمانتاران جەخت لە پێویستیی کەمکرنەوەی مووچەی پلە بەرزەکان دەکەنەوە، بەڵام ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، ئەوە بە کارێکی قورس دەزانێت.

ئەحمەد حەسەن فەیزوڵڵا، ئەندامی پارتی لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد: «کەمکردنەوەی مووچەو ئیمتیازاتی سێ سەرۆکایەتییەکەو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و وەزیران، پێویستیی بە ڕێککەوتنی زۆربەی لیستەکان هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە پێش ئێمە، سێ سەرۆکایەتییەکە رازی نابن بە یاسایەکی لەو شێوەیە».

ئەحمەد حەسەن، وتیشی: «من لەگەڵ کەمکردنەوەیم، بەڵام ئایا هاورێکانی ترم لەحیزبەکەم و لیستەکان، لەگەڵ ئـەوەن، بێگومان هەموویان نا، جگەلەوەی بەهۆی کاریگەریی سـەرۆک کۆمارو ئەنجومەنی وەزیـران و نوێنەرانەوە، هەرگیز سەرۆکی کوتلەکان ڕێگە خۆش ناکەن بۆ کەمکردنەوەی مووچەو ئیمتیازاتی پلە بەرزەکان».

ئەوەی جێی سەرنجە، جگەلە مووچەکەیان، هەموو پەرلەمانتارێک مافی پاسپۆرتی دیبلۆماسی هەیەو ئەو مافەش لەخۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ هەموو ئەندامی خێزانەکەی، لەکاتێکدا هەڵگری ئەو مافە راستەخۆ تەمسیلی سیاسیی و یاسایی و ئیداریی وڵات دەکات و هەموو گەشتێکی بۆ دەرەوە، وەک کەسێکی فەرمیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

بـۆ ئـەم پـرسـە، محەمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی: «تەنیا لەسەردانی رەسمییدا پێشوازی لە پەرلەمانتاران دەکرێت، ئەویش بەپێی فەرمانی ئیداریی کە وەزارەتی دەرەوە ئاراستەی سەفارەتی وڵاتی پەیوەندیداری دەکات و لەوێش سەفارەت و سەفیر ئەرکیانە پێشوازیی بکەن تا بۆ شوێنی حەوانەو شوێنی کار هاوکاریی بکەن، بەڵام ئەگەر بۆ سەردانی تایبەتی، یان نەخۆشیی و گەشتی خۆی بێت، ئەو ئەرکە ناکەوێتە ئەستۆی سەفارەتی عێراقی».

بەپێی لێدوانی لەتیف شێخ مستەفا، لەیاسای بودجەی ئەمساڵدا، بڕگەیەک هەیە بۆ کەمکردنەوەی (٢٠٪)ی مووچەو ئیمتیازات و دەرماڵەی سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیـــران و نـوێـنـەران، (١٠٪)ی وەزیـرو ئەندامەکانی پەرلەمان.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، ترسی ئەوەی هەیە کە لەداهاتوودا، بودجەی عێراق هەر بەشی مووچەو ئیمتیازات و خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتارو بەڕێوەبەری گشتیی و راوێژکارەکان بکات.



لەتیف شێخ مستەفا:
**ئەگەر مووچەو ئیمتیازاتەکان کەمبکەینەوە دەتوانین لەم خولەدا مێژووی عێراق بگۆڕین**



شێخ فاتیح داراغایی:
**هیچ بیرۆکەیەک نییە بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پلە بەرزەکان**

# فراکسیۆنی گۆڕان، سۆراغی بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ دەکات

راپۆرتی: رۆژنامە

کەسوکاری بێسەروشوێنەکانی شەڕی ناوخۆ، داوا دەکەن کە بە یاسا کێشەکانیان بۆ چارەسەربکرێت و چارەنووسیان بدۆزرێتەوەو فراکسیۆنی گۆڕانیش بەڵێنی سۆراغکردنیان دەدات.

کەسوکاری بێسەروشوێنان، لە یاداشتێکدا داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بە یاسا چارەنووسیان دیاری بکرێت و ئەو لایەنانەی بەرپرسن لەشوێنبزرانی شەڕی ناوخۆ، قەرەبوویان بکەنەوە.

کـوردە عـومـەر، خوشکی یەکێک لە بێسەروشوێنکراوانی شـەڕی ناوخۆ، رایگەیاند: ماوەی (١٣)ساڵە لە چاوەڕوانی کەسوکارماندان و تا ئێستا نازانین ماون، یان کوژراون، بۆیە ئەمڕۆ سەردانی فراکسیۆنی گۆڕانمان کردووە، بۆ ئەوەی پشتگیریمان بکەن و بە یاسا مافەکانمان بۆ بگەڕێننەوە.

ئـامـاژەی بـەوەش کـرد: زۆرجـار داوامانلێکراوە کە کەسوکارمان بەشەهید هەژمار بکرێن، بەڵام ئێمە رازی نەبووین، چۆن دەکرێت کەسمان نەزانین چییان لێهاتووەو تەرمەکانیان نەبینین و بە شەهیدیش هەژمار بکرێن.

لـەبـەرامـبـەردا، نەریمان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پشتگیریی داوای کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی نـاوخـۆی کـردو رایگەیاند: «سـۆراغـی بێسەروشوێنان دەکەین و پێویستە بە یاسا ئەم کارە بکرێت و چیتر کەسوکاریان لە چاوەڕوانیدا نەبن».

لــە یـاداشـتـەکـەی کـەسـوکـاری بێسەروشوێناندا کە ئاراستەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو، داوا دەکـەن کە هەوڵی جدیی بدرێت بۆ دۆزینەوەی کەسوکاریان کە لەماوەی شەڕی ناوخۆ بێسەروشوێن بوون و مافە مادیی و مەعنەوییەکانیان بە یاسا بۆ بگێڕدرێتەوە.

رۆژی دواتـریـش (پێنجشەممە)ی رابــردوو، کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ، ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەولێر ڕێکخست و یاداشتێکیان ئاراستەکردن و لە پێشوازیی خۆپیشاندەراندا، پەرلەمانتارێکی گــۆڕان ئاشکرای کـرد، کە بەشێک لە گیراوەکان تائێستا لە گرتووخانەکانی یەکێتی و پارتیدان.

بورهان رەشید گوڵە، بە خۆپیشاندەرانی راگـەیـانـد: «فـۆرمـێـکـی تـەواومـان بۆ بێسەروشوێنان دروستکردووە، وەکو راپۆرتێک دەربـارەی وێنەو پێناسیان و رۆژی دەستگیرکردنیان و دواهـەواڵ کە زانیارییان هەبێت و داواشمان لێکردن کە سەردانی ڕێکخراوی (خاچی سوور) بکەن، چونکە هەندێک زانیاریی لای ئەوان هەیە کە ئەگەر هات و بەردەستیان بکەوێت، شتێکی باش دەبێت».



کەسوکاری بێسەروشوێنان لە چاوەڕوانیدان

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە: «بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستیان کەوتوون لای (خاچی سوور)، چاوی پێکەوتوون و دوای ئەو بەروارەش دەستگیرکراوەکان دیارنەماون و هەروەها زانیاریشمان لەبەردەستدایە کە (٣- ٤) کەس لە دەستگیرکراوەکان، ئێستا زیندوون و لەگرتووخانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوونیان هەیە».

لەسەروبەرندی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتیدا لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٨)دا، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارو لایەنگرانی هـــەردوولا لەشەڕەکانداو بەشێکیان بە برینداریی دەستگیرکراون و چارەنووسیان نادیارە.

بورهان رەشید، ئاشکراشی کرد: «بەشێک لە دەستگیرکراوەکان لەژیاندا ماون و ئێستا لە گرتووخانەکانی حیزبی دەستەڵاتداردا بەندکراون، بەڵام لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بە کەسوکاریان راگەیاندراوە، بچن شەهیدانە بۆ کەسە ونبووەکانیان بکەن، بۆیە ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەندێک لەو دەستگیرکراوانە، پەنجەو لوت و گوێیان بڕابێت، یان بەهۆی ئەشکەنجەدانیانەوە ئەقڵیان لەدەستدابێت و نەیانەوێت بێنە دەرەوە».

### یەکێتیو پارتی بە پێنج ڕێگە بودجەی گشتی بۆ سوودی خۆیان بەکاردەهێنن

# د.کاوە، پسپۆڕی سیستمی کارگێڕیی: تەنیا لە سەردەمی بەعسدا کادیری حیزبیی بە پلەی تایبەت خانەنشین دەکرا



کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران

فۆتۆ: PUK میدیا

راپۆرتی: چاوان عەلی

**بە بڕوای شارەزایانی بواری ئابووریو دارایی، هیچ یاساو ڕێسایەک ڕێگە بە خانەنشینکردنی کادیرانی حیزبی نادات بە پلەی وەزیر لە لایەن حکومەتەوە، سەرەڕای ئەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە چەندین ڕێگەی جیاواز بودجەی گشتیی بۆ خۆیان دەبەن.**

ژمارەیەکی زۆر بەرپرسو کادیری حیزبیی یەکێتیو پارتی، لە ئەندامانی سەرکردایەتییەوە تا کادیرانی خوارەوەی حیزبیی، بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون، کە تەنیا لە ساڵی رابردوودا (٧٢٦) ملیارو (٩٦٢) ملیۆن دینار بۆ مووچەو موکافەئەی خانەنشینان تەرخانکراوەو لەو بودجە تەرخانکراوەش (٤٣) هەزار کەس کە لە ڕێگەی مەلبەندەکانی یەکێتییەوە خانەنشینکراونو لە ماوەی یەکساڵدا (١٢) ملیار (٩٠٠) ملیۆن دیناریان وەرگرتووە.

د.کاوە محەمەد قەرداغی، پسپۆڕی سیستمی کارگێڕیی ئەوەی بۆ رۆژنامە خستە روو؛ کە هیچ یاسایەک نییە ئەو دەسەڵاتە بداتە حکومەت. کەسانێک کە هیچ پۆستێکی حکومیی باڵایان نەبووبێت بە پلەی وەزیر خانەنشین بکرێت.

»

**تەنیا لە ساڵی رابردوودا (٧٢٦) ملیارو (٩٦٢) ملیۆن دینار بۆ مووچەو موکافەئەی خانەنشینان تەرخانکراوە**

«

ئاماژەی بەوەشکرد: «تەنیا لە سەردەمی سەدامدا هەبوو، کە نائیب عەریفی دەکردە مارشاڵو بەو پلەیەش خانەنشینی دەکرد، چونکە خۆی یاسای دادەنا، ئەمەی ئێستاش لە هەرێم دەبینرێت لاساییکردنەوەی ئەو سەردەمەیە».

ئەو شارەزایەی سیستمی ئیداریی پێیوابوو؛ باسکردنی سیستمی دیموکراسیو ئەو مامەڵانەی حکومەت یەکناگرێتەوە: «چونکە تەنیا لە حکومەتی حیزبداو لە پۆستی حیزبدا ئاساییە، کە کەسێک دەکاتە وەزیر جا نەخوێنەوارە، یان خاوەن بڕوانامەی زانکۆیە، هەرچییەکە، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی تەکنۆکرات داوا بکەین، ئەوا پێویستە بە پلە وەزیفییەکاندا بەرز بووبێتەوە تا پلەی وەزیر، مەرجیش نییە بە هەمان ئەو پلەیەو ئیمتیازاتانە خانەنشین بکرێت، چونکە زیان بە دارایی وڵات دەگەیەنێتو لە داهاتی خەڵک کەمدەکاتەوە بۆ حیزب».

بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردستانیش دژی خانەشینکردنی کادیرانی حیزب لە لایەن حکومەتەوە دەوەستنەوەو بە «کارەساتی گەورەی» دەزانن.

عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو کارە بچووککردنەوەی دامودەزگا حیزبییەکانەو بێزرخکردنی ماندووبوونی کارمەندانی حکومییە، کە ساڵانێک خزمەت دەکەنو دواتر بە مووچەیەکی کەم خانەنشین دەکرێن».

»

**عەدنان عوسمان: ئەو کارە بچووککردنەوەی دامودەزگا حیزبییەکانەو بێزرخکردنی ماندووبوونی کارمەندانی حکومییە، کە ساڵانێک خزمەت دەکەنو دواتر بە مووچەیەکی کەم خانەنشین دەکرێن**

«

ئەو پەرلەمانتارە کە ئەندامی لیژنەی داراییو نەزاهەشە، وتی: «ئێمە دژی ڕێزلێنان لە کادیرانی حیزبیی نین، بەڵکو ئەوانە شایەنی ڕێزن، بەڵام لەسەر حسابی حیزب، نەک لەسەر حسابی حکومەتو خەڵکو وەک کادیرێکی حکومیی، چونکە ئەمە «فێڵکردنە لە حکومەتو خەڵک».

لە بەرامبەردا د.کاوە قەرەداغی، بە پێویستی دەزانێت پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی هەبێت: «بەڵام ئەگەر پەرلەمانی راستەقینە بێت، چونکە ئەوکات دەتوانێت متمانەو دەسەڵات لەو کەسانە بسەنێتەوە، کە ئەمجۆرە هەڵسوکەوتانە بە سامانی میللەتەوە دەکەن».

هەروەک عەدنان عوسمان، ئەوەی رەتکردەوە؛ کە پەرلەمان بوونی هەبێت تا بتوانێت لە حکومەت بپێچێتەوە: «پشتبەستن بە پەرلەمانی کوردستان خۆ هەڵخەڵەتاندنو خەڵک هەڵخەڵەتاندنە، چونکە پەرلەمان دەزگایەکی بێ دەسەڵاتی بێ ئیرادەی بچووکەو بەشێکە لە دەسەڵاتی حیزبییو چاوەڕوانی هیچ هەنگاوێک ناکرێت بۆ وەستانەوە بەرامبەر هەموو ئەو خرووقاتە ئیدارییو نایاساییو نائیسوڵییەی لە کوردستان دەکرێت».

لە لایەکی دیکەوە، جگە لە خانەنشینکردنی کادیرەکانیان بە پلەی باڵای تایبەتی حکومیی، شارەزایەکی بواری بودجە پێیوایە؛ کە یەکێتیو پارتی، بە (٥) ڕێگەی دیکە بودجەی گشتیی بۆ سوودی خۆیان بەکاردەهێنن.

عەلی حەمەسالح، رۆژنامەنووسو شارەزا لە بودجە وتی: «یەکێتیو پارتی، ساڵانە بە شێوەی نایاسایی (١٢٠) ملیۆن دۆلار بۆ خۆیان دەبەن، بۆنموونە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە، لە کاتێکدا کە بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوەکان کار بۆ حیزب دەکەنو لە سایەی حیزبدانو تەنیا لە ساڵی رابردوودا (١٥٧) ملیار دینار دراوەتە ڕێکخراوەکان».

وتیشی: «سەرجەمی کادیرە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتی، فەرمانبەری وەزارەتی داراین، بەبێ ئەوەی تەنیا رۆژێکیش وەک فەرمانبەر دەوامیان کردبێت، ئەم کادیرە حیزبییانە مانگانە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکانەوە مووچەیان دەدرێتێ لە بارەگا حیزبییەکان».

بەپێی وتەی ئەو پسپۆڕە، ئەو مووچەیەی کە دەدرێتە بەرپرسە حیزبییەکان وەک فەرمانبەر، مووچەیەکی زۆرەو ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئەمساڵ وەزارەتی دارایی (٣٧) هەزارو (٧٨٨) مووچەخۆری هەیە، کە بەشی زۆریان کادیری حیزبین، لە ساڵێکدا (٥٥٩) ملیار دینار مووچەیانە، کە (٤٦٩) ملیۆن دۆلار دەکات، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیش وەربگرین، هەر فەرمانبەرێکی سەر بەم وەزارەتە لە ساڵێکدا، (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلار وەردەگرێت، لە کاتێکدا ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە وەربگرین، (٦) هەزارو (٤٢١) دۆلارە، چونکە (١٤٣) هەزارو (٣١٤) فەرمانبەری هەیەو مووچەی ساڵێکی هەمووشیان ترلیۆنێکو (١٤١) ملیار دینارە».

عەلی حەمەسالح، وتیشی: «حکومەت بۆ ئەمساڵ (٥٩٦) ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ (١٢٢) هەزارو (٤٧١) مووچەخۆری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر ڕێژەیەکی گشتیی وەربگرین، ساڵانەی هەر مووچەخۆرێک (٤) هەزارو (٦٥) دۆلارە، لە کاتێکدا ڕێژەی تێکڕایی بۆ مووچەخۆرێکی وەزارەتی دارایی (١٢) هەزارو (٤٢٩) دۆلارە، بۆچی مووچەی کارمەندانی وەزارەتی دارایی دوو ئەوەندەی کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو سێ ئەوەندەی پێشمەرگە دەبێت، چونکە بەشێکی زۆر ئەو مووچەخۆرانە کادیری حیزبینو ئێستا دەیان کەس کە بڕوانامەیان نییەو کادیری حیزبین، مووچەی راوێژکار وەردەگرن، بە سەدان کادیری حیزبیش مووچەی بەڕێوەبەر وەردەگرن».

دوایەمین خاڵ، کە ئەو رۆژنامەنووسە ئاماژەی پێدا؛ ئەو وەزارەتانە بوو کە تائێستا لە سایەی حیزبدان «ئەمساڵ (٤) ترلیۆنو (٩٩٩) ملیار دینار، بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخانکراوە، کە (٤٣٪)ی بودجەی گشتیی دەکات، بە هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانیو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو دارایی، کە بە هەزاران کادیری حیزبیی مووچەیان لێوەردەگرن، (٢٩٢) هەزارو (٧٣١) مووچەخۆریان هەیەو لە ساڵێکدا (٢) ترلیۆنو (١٢٥) ملیار دینار بۆ ئەو وەزارەتو دەزگایانەیەو ئەم بڕەش (٤٢,٥٪)ی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانە».

---

## کردار شەرتە؟! وڵات بوو بە وەزیرستان



نەژاد جەلال

لە دواژمارەی خۆیدا رۆژنامەی هاوڵاتی، فەزیحەیەکی تری حوکمڕانیی کوردی کردووەتە مانشێتو نووسیویەتی: «بەرهەم ساڵح ١٦ ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بە پلەی وەزیر خانەنشین دەکات»و لە درێژەی هەواڵەکەیدا، هاوڵاتی، نووسیویەتی: «بەپێی نووسراوێکی نهێنی، وەزارەتی داراییو ئابووریی حکومەتی هەرێم کە بە ژمارە ٦٨٩ لە ١١-١١-٢٠١٠و لەسەر داوای نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران دەرچووە، تیایدا بڕیاردراوە، ١٩ کەسایەتی بەپلەی وەزیر خانەنشین بکرێن»، ئەوەش هاتووە: «پارتیو یەکێتی، تا ئێستا ٩٦٠ کادیرو سەرکردەی خۆیان بە پلەی وەزیر لەسەر میلاکی حکومەت خانەنشین کردووە، چونکە دەیانەوێت بارگرانیی پێدانی مووچەی ئەو کەسانە بخەنەسەر میزانییەی گشتیی –هاوڵاتی- ژمارە (٦٨٦)».

حکومەتی دروشمی بریقەداری «کردار شەرتە» کە بەرهەم ساڵح بەناو سەرۆکایەتیی دەکاتو درێژەپێدەری سیستمی دووئیدارەیی یەکێتیو پارتییە، هەرچۆن چانسێک بوو بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێگەی خۆی پێ بەهێزکاتەوە، ئاواش ئەم جۆرە کردارانەی دەبنە لەکەیەکی تر بە ئەزموونی حوکمڕانیی کوردییەوە.

کارنامەی ئەم کابینەیە دروشمی قەبەی زۆر تێدابوو، دیارە هەمووی جێبەجێکران، ناکرێت حکومەت دەستەوەستان بێت، بۆیە لەسەرڕێژی خزمەتکردنی گەلدا، هەستاوە بە خانەنشینکردنی ئەو سەرکردە ماندووانەی کە دەستیان هەبووە لە بنەبڕکردنی گەندەڵییو بە دامەزراوەکردنی حوکمڕانیی هەرێمو ...، ناکرێت یان راستر بڵێین، ویژدان ڕێگەنادات رەخنە لە کردەیەکی وەها یاساییو دیموکراسییانە بگرین کە ئەو سەرکردانە خانەنشین بکرێن، چونکە سەرکردەکان خاوەنی دەیان پرۆژەی چاکسازیی بوونو ئەم ئەزموونە بە ئارەقەی ماندوبوونی ئەوان، ئاوا گەشو سەوزە... یان کورتتر بڵێین، ئەو ناوبانگە جوانەی کە لە راپۆرتەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکاندا کاڵا بەقەد باڵای ئەزموونەکەمان دەبڕدرێت، بەری رەنجی سەرکردەکانە.

دوای ئەوەی چەند هەزار دینارێکی عێراقی بۆ مووچەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان زیادکرا، کاسیان کردین، حکومەتو راگەیاندنی حیزبییە حکومییەکان، ئەوەندەیان قیژاند، نەک بەتەنیا خاوەن مووچەکان، ئێمەش منەتباربووینو شەرممان لەوە دەکردەوە کە حکومەت ئەو پارانەی بە هەوڵو ماندووبوونێکی زۆری بیرو هزری سەرکردایەتیی حیزبەکان وەبەری هێنابوو، ئاوا بە دەستکراوەییو دڵسافی بەسەر گەلدا دابەشی دەکات.

رەخنەمان نییە لەو هەڵایەی کە بۆ قیرتاوکردنی سەد مەتر شەقام دەیکەن، هەرچەند نەنگییە حکومەت خەڵک منەتباران بکات، قەینا ئێمە خاوەنی ئەزموونێکی کەمینو قبووڵمانە، بەڵام هەقی خۆمانە بپرسین، بۆچی ئەگەر بچووکترین کار بۆ خەڵک بکەن، ئەوەندە باسی دەکەن؟ دیارە شانازییە بۆتان، بۆیە لە باسکردنی تێر نابن، ئەی بۆ باسی خانەنشینی سەرکردایەتیو کادیرەکانی حیزبەکانتان ناکەن، یان بۆ ژێربەژێرو بەنووسراوی نهێنی ئەم کارانە دەکەن، ئەگەر یاساییەو شانازییە، حەزدەکەین بە ئاوازە ناوازەکەی خۆتان گوێبیستی بین، ئەگەر شەرمو نایاساییشە، هەقمانە بپرسین، لەپێناو چیدا وا دەکەن؟

زۆرجار لە راگەیاندنە ئەهلییو سەربەخۆکانەوە، بەربەستو کێشەکانی سەرۆکی کابینەی کردار شەرتە لەناو حیزبەکەیدا دەخوێنینەوە، هەقی خۆیەتی کاربکات بۆ بەهێزکردنی نفوسو پێگەی خۆی لەناو حیزبەکەیدا، بەڵام لەسەر سامانو ماڵی گشتیی نا...و هاوکات، بۆ حیزبەکەشی شیاو نییە ڕێگە بدات کە سەرکردەیەکی نوێنەرایەتی ئەو دەکات لە ترۆپکی دەسەڵاتدا وەها کارێک ئەنجام بدات، هەقە حیزب لە زێدەقازانجی کۆمپانیاکانی خۆی سەرکردەکانی خانەنشین بکات، نەک لەسەر قوتی خەڵکی، هەرچۆن ئێستا ئەم کردارە عەنتیکانە بۆ ئەوان مەیسەر دەبن، ئاواش دەبێت دڵنیابین لەوەی کە رۆژێک دێت، ئەم جۆرە کردارانە لێپرسینەوەیان لەسەرە!

لە کۆتاییدا دەپرسین: لە هەر وڵاتێکی دیموکراسیدا، فەزیحەی وا لە حکومەتدا روودات، سەرۆکی حکومەتو کابینەی وزارییەکەی چییان لێ بەسەردێتو هەڵوێستیان چی دەبێت؟...

کەرکوکییەکان داوادەکەن ڕۆڵیان لە بەغدا پێبدرێت 8

# فریاد ڕەواندزی: ئیستیحقاقی نەتەوەیی لەبەغدا، کاری پێناکرێت


فریاد ڕەواندزی

سازدانی: ڕۆژنامە

**فریاد ڕەواندزی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی‌و ئەندامی شاندی دانوستانکاری کوردە لەبەغداو بەئاگایە لەپێشهاتە سیاسییەکانی بەغدا. ڕۆژنامە، سەبارەت بەدوایین گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق، ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازداوە.**

**ڕۆژنامە: دوارێککەوتن‌و گفتوگۆی لایەنەکان سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت‌و دابەشکردنی وەزارەتەکان، گەیشتووەتە کوێ؟**

* لە ڕاستیدا، ڕەنگە ڕۆژی (١٨)ی ئەم مانگە کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت هەیە بۆ لایەنە سیاسییەکان، کە بەشدار دەبن لە حکومەتدا، زیاتر نەخشەی پێکهێنانی حکومەت دەربکەوێت، بەڵام ئێستا زۆربەی ئەو قسانەی کە دەکرێن، قسەی کۆنکرێتی نین‌و ئیعلامین، ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان بەشداریی لە حکومەت بکەن‌و وەزارەتەکانیش بەپێی ڕێژەییبوونی کوتلەکان لەناو پەرلەمانی عێراقدا، دابەش دەکرێن، تا ئێستا وا ڕێککەوتوون کە سێ لایەنە سەرەکییەکەی هاوپەیمانیی نیشتمانیی‌و عێراقییەو لایەنی کوردی وەزارەتیان بەسەردا دابەشبکرێت لەگەڵ چەند وەزارەتێکیش بۆ کەمەنەتەوەیی‌و ئایینییەکان دابنێن.

**ڕۆژنامە: ڕۆژی (١٨)ی مانگ، لەنێوان هەرسێ کوتلە سەرەکییەکەدا ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێت، یان لیستە بچووکوکانیش بەشداریی دەکەن؟**

* سەرۆک وەزیرانی تەکلیفکراو، نامە دەنێرێت بۆ لایەنەکان بۆ ئەوەی بەشداربن لەو کۆبوونەوەیەداو هەموو لایەک پێکەوە دوا سیغەو فۆرمۆلەی وەزارەتەکە ئیعلان بکەن، یان لەسەری ڕێکبکەون، بۆیە مەسەلەکە کەوتووەتە سەر بەڕێز مالیکی کە ئایا کۆبوونەوەکە چۆن دەبێت؟ هەروەها ئەوانەی بەشدار دەبن لە کۆبوونەوەکە، ئایا نوێنەرەکانیان دێن، یان سەرکردەی کوتلەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران.

**ڕۆژنامە: کەواتە ڕۆژی (١٨)ی مانگ، ڕۆژی یەکلاییکەرەوەیە؟**

* بەڵێ، ڕۆژی دیاریکردنی نەخشەی گشتیی حکومەتی عێراق دەبێت، هەروەها ڕەنگە مالیکی پلانی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی کە قسەی ئەوە هەیە، کە لە لیستی عێراقییە، یان هەندێک کوتلەی ناو عێراقییە، نایانەوێت بەشدار بن لە حکومەتەکەدا تا پرۆژەیاسای ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ستراتیژە باڵاکان یەکلایی نەبێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا پۆستەکان لەسەر بنەمای سیستمی خاڵ دابەشدەکرێن، باسیش لەوەدەکرێت کە سیستمی خاڵ بۆ پۆستە سەروەرییەکان ببوێردرێت؟**

* وا پێدەچێت سیستمی ڕێژە بەکاربێت، نەک سیستمی خاڵ.

**ڕۆژنامە: ڕێژە، چۆن دەتوانیت ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەیت؟**

* بۆ نموونە، هاوپەیمانیی نیشتمانی ڕێژەکەی بۆ ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان سەدی چەندەو بەو پێیە چەند وەزارەتی بەر دەکەوێت، ڕەنگە بەپێی ژمارەی ئەو وەزارەتانەی کە پێشنیازکراون (٥٠٪)ی وەزارەتەکانی بەربکەوێت، هەروەها بە نیسبەت لایەنی دیکەش، بە هەمان شێوە دابەشدەکرێت.

**ڕۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە لایەنی کوردیی چەند وەزارەتی بەردەکەوێت؟**

* پێموایە (٥ – ٦)وەزارەت بێت.

**ڕۆژنامە: مەبەستت لە هەموو پێکهاتەی کوردە بە فراکسیۆنی گۆڕانیشەوە؟**

* من باسی بوونی کورد دەکەم، بەڵێ، هەموو لایەک.

**ڕۆژنامە: مەسەلەی وەرگرتنی وەزارەتی سیادیی بەکوێ گەیشتووە، بەڕای ئێوە بۆ کورد وا باشە تەنیا پێ لەسەر وەزارەتی دەرەوە دابگرێت کە وەک پێشتر باسکرا، ئەو وەزارەتە زۆر لە قازانجی کورد نەبووە؟**

* ئەگەر هاتوو هەرسێ وەزارەتی (ئەمنیی: ناوخۆ، بەرگریی، ئاسایشی نیشتمانیی)، دابەش بکرێن بەسەر بێلایەنەکان، ئەوا پێویستە یەکێک لەوانە بۆ کەسێکی بێلایەنی کورد بێت، ئەمە یەکەم، بەڵام ئەگەر هاتوو دابەشکرا بەسەر لایەنە سیاسییەکانیشدا، دەبێت کورد هەوڵی وەرگرتنی یەکێک لەو سێ وەزارەتەش بدات‌و جەختی لێ بکاتەوە.

**ڕۆژنامە: سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کاندیدەکان، جگە لە دیاریکردنی د.نەجمەدین کەریم، کێی تر لەناو یەکێتی‌و پارتی دەستنیشانکراوە؟**

* تا ئێستا (١٠٠٪)، کەس بە تەواوی بڕیاری لێ نەدراوە، بەڵام ئەوەی کە ئاگادارین، زۆربەی وەزیرەکانی کورد دەمێننەوە، ڕۆژ نوری شاوەیس، هۆشیار زێباریی‌و ڕەنگە فەوزی هەریریش بمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو یەکێتی(٢) وەزارەت وەربگرێت، ئەوا د. لەتیف ڕەشیدیش دەمێنێتەوەو بە نیسبەت د. نەجمەدین کەریمیشەوە، قسە هەیە، بەڵام دەبێت لە کۆبوونەوەی ئیئتیلافە کوردستانییەکان یەکلایی بکەینەوە.

**ڕۆژنامە: بە ڕای تۆ، پێویست نییە کە پارتی‌و یەکێتی، جۆرێک لە گۆڕانکاریی لە دەموچاوەکاندا بکەن بۆ پێدانی وەزارەت؟**

* بەشبەحاڵی خۆم، ئەگەر هاتوو باس لە د. لەتیف ڕەشید بکەم، د. لەتیف بە وەزیرێکی سەرکەوتوو دەزانم‌و یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو، بۆیە من لەو باوەڕەدام، ئەگەر ئەم وەزارەتە بدەینەوە بە کورد، کەسێکە شایانی ئەوەیە کە دابنرێتەوەو ئەگەر هاتوو د.نەجمەدینیش ببێت بە وەزیر، بێگومان د.نەجمەدین کەسێکی تازەیە لەناو کایەی سیاسیی حوکمڕانیداو سەبارەت بە کاندیدی حیزبەکانی تر، ناتوانم لەجیاتی ئەوان قسە بکەم.

## ئەوەی کە ئاگادارین، زۆربەی وەزیرەکانی کورد دەمێننەوە

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە کە گوایە لەو پێنج وەزارەتەی دەدرێن بە ئیئتیلافی کوردستانیی، جگە لە گۆڕان، پارتی تەنیا یەک وەزارەت دەدات بە یەکێتی؟**

* تا ئێستا ڕێککەوتن بۆ دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان لەنێوان لایەنەکانی ئیئتیلافی کوردستانیی نەکراوە، کەی نەخشەی کۆتایی پێکهێنانی حکومەت دەرکەوت، ئەو کاتە بەپێی ئیستیحقاق قسە لەو مەسەلەیە دەکەین.

**ڕۆژنامە: ئایا سەنگی کورد بە بەراورد بە پێشوو لە وەرگرتنی ماف‌و پۆستدا، هەڵکشاوە، یان دابەزیوە؟**

* لەبەرئەوەی ماڵی کورد پەرتەوازە بووە، ڕەنگە قورسایی کورد کەمبووبێتەوە، بەڵام بۆ وەرگرتنی پۆست، بەپێی ئیستیحقاقی قەومی نابێت‌و بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن دەبێت کە قورسایی چەندە لە پەرلەمانی بەغدا، چونکە ئیستیحقاقی قەومی لە بەغدا کاری پێناکرێت، هەروەها ئەگەر هاتوو گۆڕان لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئێستای بمێنێتەوەو لە دەرەوەی ئیئتیلافی کوردستانیی بێت، ڕەنگە ئەمە کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر یەکڕیزیی ماڵی کورد.

**ڕۆژنامە: ئایا پێویست ناکات کە دەسەڵاتدارانی هەرێم لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا، گوێ بە داواکاریی گۆڕان بدەن بۆ چاکسازی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا گۆڕان دەڵێت، دەرگامان دانەخستووە لەو ڕووەوە؟**

* بەڵێ، لەگەڵ ئەوەدام کە پێوستە ماڵی کورد یەکبخرێتەوە.

## پێدەچێت سیستمی ڕێژە بەکاربێت نەک سیستمی خاڵ

# تائێستا لیژنەی چاوخشاندنەوە بۆ مەرجی ئەندامێتی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێکنەهاتووە

ڕۆژنامە

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە لەدووەم دانیشتنی پەرلەماندا لەلایەن سەرۆکایەتییەوە لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێنرێت بۆ چاوخشاندنەوە بەمەرجی ئەندامێتی پەرلەمانتاراندا، بەڵام تائێستا ئەو لیژنەیە پێکنەهێنراوە.

لە بڕگەی دووەمی مادەی (٢٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: لە دووەم دانیشتنی پەرلەماندا لیژنەیەکی کاتیی (لیژنەی چاوگێڕان بە دروستی ئەندامێتی) لە ژمارەیەک پەرلەمانتاران پێکدەهێنرێت، بە مەرجێک لە نێوانیاندا پەرلەمانتاری تانەلێدراو نەبێت.

هەروەها لە بڕگەی (٦)ی هەمان مادەدا هاتووە: ئەگەر ڕاستیی تانە سەلمێنرا، سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامەکەی پێشکەشی لایەنی خاوەن لیست دەکات، بۆ ئەوەی لە ماوەی (٦) ڕۆژدا پاڵێوراوێکی تر لە هەمان لیست دابنرێت.

بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی ڕوونیکردەوە؛ کە ئەو مادەیەی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمان، وەک چەندین مادەی تر پێشێلکراوەو تائێستا جێبەجێ نەکراوە، وتیشی: پێویستە ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێت‌و وەک عورفێکیش وایە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت.

بیلال سلێمان، ئاماژەی بەوەشدا؛ هەرچەندە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کەموکوڕیی زۆری تێدایە، هەروەها «هەندێک مادەو بڕگەی باشیشی تێدایە، بەڵام مادە باشەکانی جێبەجێ ناکرێت».

هاوکات بورهان ڕەشید، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: تائێستا ئەو لیژنەیە پێکنەهێنراوە، کە پێویست بوو هەر لە دوای سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمانەوە لیژنەی ناوبراو پێکبهێنرایە.

ناوبراو ئەوەشی وت: «لەو بڕوایەدا نیم ئەو لیژنەیە پێکبهێنرێت، چونکە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێ ناکرێت».

لە لایەکی ترەوە، عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانیی پێیوابوو؛ هۆکاری دروست نەکردنی ئەو لیژنەیە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، کە هەر دوای سوێندخواردنی پەرلەمانتاران پێویستە ئەو لیژنەیە پێکبهێنێت.

لە بارەی کەمکردنەوەی سەنگو قورسایی پەرلەمانی کوردستان، بە هۆی بوونی پەرلەمانتاری تانەلێدراو، ئەندامەکەی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی وتی: ئەگەر پەرلەمانتارێکی تانەلێدراو هەبێت بە هەر تۆمەتێک، ئەوا بێگومان لە هەیبەت‌و گرنگیی پەرلەمان کەمدەکاتەوە، «چونکە پەرلەمان بە هەموو ئەندامانییەوە پەرلەمانەو وەک یەک جەستە وایە، ئەگەر بەشێک لە پەرلەمان کەموکوڕیی هەبوو، ئەوا هەموو کەموکوڕییەکە بەر پەرلەمان دەکەوێت».


دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان
فۆتۆ: ئەرشیف

## عەباس بەیاتی بۆ رۆژنامە:

# خاڵێکمان لە (١٩) خاڵەکەی کورد سڕیوەتەوە

سازدانی عەلی ناجی- بەغدا

**عەباس بەیاتی، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیئتیلافەکەی بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ داواکارییە (١٩)خاڵییەکەی کورددا دەکاتو برگەی تایبەتیش بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی لێ لابراوە**

**لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، بەیاتی ئاماژە بە چارەسەرکردنی نوێی کێشەکانی نەوتو پێشمەرگە دەکات لە نێوان بەغداو هەولێرداو ئاماژە بەوەش دەکات کە وەریزی کورد هەبووە لە حکومەتی رابردوودا، بێهێز بووەو هاوپەیمانیی سیاسیی نێوان کوردو تورکمانیش، کارێکی گران نییە.**

**رۆژنـامـە: ئێوە وەک ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، قایل بوون لەسەر (١٩) خاڵەکەی کورد بەرامبەر بە پێکهێنانی حکومەت، ئایا سەرجەم داواکارییەکان قابیلی جێبەجێکردنن لەلایەن نوری مالیکییەوە، یان لایەنی تر هەیە رۆڵ لە هاوکێشەی جێبەجێکردن، یان نەکردنیدا بگێڕێت؟**

* ئەو داواکارییانەی کورد، پێشکەش بە سەرجەم کوتلەکان کراوەو هەندێکیان پەیوەندییان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەیەو هەندێکیشیان بە دەسەڵاتی یـاسـادانـانـەوەو هەندێکی تریشیان تایبەتن بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیو هەرێمی کوردستانەوە، هەموو کوتلەکانیش بەجیا ئـەو داواکارییانەی کوردیان تاوتوێکردووەو دوای تاوتوێکردنی لەگەڵ وەفـدی دانوستکاری کـوردی لەسەر هەندێک لە برگەکانی لەلایەن هاوپەیمانیی نیشتمانییو عێراقییەو کوتلەکانی تریشەوە قبوڵکراون، جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، هەندێکیان پێویستیان بە گەڵاڵەکردنی یاسا هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو هەندێکی تریشیان لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەتدا جێبەجێدەکرێن، کە بڕیاری نوری مالیکی پێشکەشی بکاتو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کارنامە (١٩)خاڵییەی کورد، بەپێی دەستوور دەبێت ئەو داواکارییانە قابیلی چارەسەر، دانوستاندن، جێبەجێکردنە.

**رۆژنـامـە: یەکێک لە خاڵەکانی ئەو وەرەقـەی دانوستانەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەگەری پاشەکشێکردنی وەزیرە کوردەکان بوو کە بەهۆیەوە دەبێت حکومەت هەڵبوەشێتەوە، ئەو خاڵە چی بەسەر هات؟**

* پێشتر تێبینی لەسەر ئەو وەرەقەی دانوستانە هەبوو کە (١٩)خاڵی لەخۆ دەگرت لەمیانەی دانوستانی دووقۆڵیی نێوان هاوپەیمانیی نیشتمانییو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، ئەو تێبینییانەی یەکلایی کـرانـەوەو ئەو برگەیەی کە پرسیارت لەبارەیەوە کـرد، زۆرتـریـن کێشەی لەسەر بوو و درکمان بـەوە کرد کە ئەو برگەیە لەگەڵ دەستووردا نایەتەوەو ناگونجێت، بەوپێیەی دەسـتـوور ئـامـاژە بـەوە دەکات کە حکومەت بەردەوام دەبێت لە کارەکانیو شەرعییەتی دەمێنێت ئەگەر (١٦٣)ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پشتی بگرن، بەوپێیەش ئەو خاڵەی داواکـاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەماو سڕدرایەوەو لابرا.

**رۆژنامە: کێشەی هەڵپەسێردراوی زۆر هەو لەنێوان بەغداو هەولێردا، لەوانە (یاسای نەوتو گاز، پێشمەرگە هتد...)و لەگەڵ ئەوەی کە چەندینجار لیژنە پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنیان، ئەو کێشانە وەک خۆیان مانەوەو چارەسەر نەکران، ئایا لیژنە دەتوانێت ئەو کێشانە چـارەسـەر بکات، یـان دانوستاندنی راستەخۆ، یان بەدیلی تر؟**

* لیژنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێکهێنراوەو ئەوەی پەیوەندیی بە نەوتەوە هەبێت، لەڕێگەی دوو هەنگاوەوە چـارەسـەرکـراوە، یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەک بە رێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵیو گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم گونجێنراوەو چاوی پێدا خشێنراوەتەوەو هەڵسەنگێنراوەو کۆتایی بەو کـارە هێنراوەو کێشەی لە بـارەوە نەماوە، دووەم هەنگاویش کە پەیوەستە بە یاسای نـەوتو گاز، رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ رەشنووسی یەکەمی مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٧)و پشتپێبەستنی وەک بنەمای سەرەکی بەر لەو گۆڕانکارییەی کە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لەسەری زیادکراوەو دواتر بەشێوەی تەوافوق پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت، جگەلەوە گفتوگۆو دیدار هەبووە لەنێوان وەزارەتی نەوتی بەغداو هەرێمو رۆڵی بینی لە گەیشتن بە چارەسەری نوێ بۆ کێشەی نەوت لەنێوانیاندا، کە هەندێکیان قابیلی چارەسەری خێرانو هەندێکیشیان پێویستیان بە کات هەیە.

**رۆژنامە: لە هەموو بودجەیەکی ساڵانی رابردووی عێراقدا، ئاماژە بەوە دەکرا کە مینحەو بودجەی پێشمەرگە بەپێی رێککەوتنی سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدرێـت بە هەرێم، بەڵام هیچ ساڵێک رێکنەکەوتنو پارەکە سـەرف نەکرا، کێشەکە لە چیدابوو، لە ژمارەی پێشمەرگە، یان رێژەی بودجەکە؟**

* بودجەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم، لەسەر دوو بنەما مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، یەکەمیان: مامەڵەکردنێتی وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی عێراق لە پاراستنی سنوورەکانداو دووەمیشیان: وەرگرتنو ئیستیعابکردنی بەشێکیان لە چوارچێوەی ئەو هێزانەی ئەگەری پاراستنی هەرێمیان لەسەرشانە، بەوپێیەی بودجەی پێشمەرگە وەک پرسێکی هەڵپەسێردراو نەماوە، بەڵکو قابیلی چارەسەرەو هەردوو حکومەتی هـەرێـمو بەغدا تەوافوقیان لەسەر کردووەو هەردوولاش لێی ڕازین.

**رۆژنامە: ئیئتیلافی دەولەتی یاسا، لە ئەدای وەزیرە کوردەکان رازییە؟**

* ئـەگـەر بەشێوەیەکی گشتیی لە وەزارەتـەکـانـی کابینەی پێشووی حکومەت بـڕوانـیـن، دەبـێـت قۆناغە زەمەنییەکەی ئەو کاتەش لەبەرچاو بگرین لە رووی سیاسییو ئەمنییو ئابوورییەوە، من پێموایە، بۆ ئەو قۆناغە هەموو وەزیرەکان ئەوەی لەسەریان بـووە، جێبەجێیانکردووە، سـەرەڕای بوونی وەزیری بێهێزی کورد لە رووی ئەداوە، وەزیری بێهزیش لە ئیئتیلافەکانی تر هەبووە، ناتوانین بڵێین، فلان گرووپ لە فلان گرووپ بەهێزتر بووە لە ئەدای حکومەتدا.



عەباس بەیاتی

**رۆژنـامـە: فراکسیۆنی گـۆڕان، لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پاشەکشێی کرد، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن؟**

* لەکاتی دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەتدا، گۆڕان بەشێک بوو لە ئیئتیلافە کوردییەکەو پاشەکشێکردنی گۆڕانیش لەئێستادا، بۆ لیژنەکانی دانوستاندن بەجێهێڵراوەو هەڵوێستی کۆتاییمان بەرامبەریان نییەو ئێمە وەک هاوپەیمانیی نیشتمانیی پێمان باشە، وەک یەک کوتلە مامەڵە لەگەڵ کورد بکەینو دەستیش لە کێشەی نێوان لایەنە کوردییەکان وەرنادەین، ئەگەر تێڕوانینی جیاوازیش لە هەرێمی کوردستان هەبێت، دەستی تێوەرنادەینو رێزی لێدەگرین.

> »ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەسەر بنەمای تەوافوقی فەزای نیشتماندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت«

**رۆژنـامـە: تۆ، وەک کەسێتییەکی تورکمانی شیعە، کوتلەیەکی تورکمانیتان دروستکردووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانداو داوای جێگری سـەرۆک کۆمارو چەند وەزارەتێک دەکـەن، ئەو داواکارییانە، چییان بەسەر هات؟**

* گـرووپـێـکـی تورکمانیمان دروستکرد، نەک کوتلەی پەرلەمانیو تەرکیز لەسەر مافو داواکارییەکانی تورکمانەکان دەکەین لەپێش هەموویەوە، ئیستیحقاقی نەتەوەییو هەڵبژاردنی تورکمانو لەو روانگەیەشەوە داوای پۆستی جێگری سـەرۆک کۆمارمان کـردووەو لایەنی کوردیش پشتگیریی کردووینو هاوپەیمانیی نیشتمانیش بەهەندی وەرگرتووەو عێراقییەش قایل بووەو کەسایەتیی باشمان هەیە وەک پاڵپوراو بۆ ئەو پۆستەو وەک ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیش تورکمانەکان دەتوانن لەڕێگەی هەردوو ئیئتیلافی عێراقییەو هاوپەیمانیی نیشتمانییەوە، دوو وەزارەت وەربـگـرنو ئێستا (٩)پەرلەمانتاری تورکمان هەیە، کە (٦)یان لە عێراقییەو (٣)یان لە هاوپەیمانیی نیشتمانین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، ئەگەر ئەو داواکارییانە بە میکانیزمی خاڵ حسابکرێن، ئەگەر هەیە تورکمانەکان پۆستی جێگری سەرۆک کۆماریان پێنەدرێت.

**رۆژنامە: زۆربەی تورکمانی ناوچە کێشەلەسەرەکان شیعە، یان جەعفەرین، لێرەوە دووپرسیار سەر هـەڵـدەدەن، یەکەممان: هەڵوێستتان بەرامبەر بە داواکاریی کورد بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چییە؟ دووەم: ئێوەو کورد زۆرترین زیانتان لەسەردەستی حیزبی بەعس پێگەیشتووە، بەڵام دەبینین کە دوورکەوتنەوە لە نێوان ئێوەو کورددا هەیە لەسەر ئاستی سیاسیی، کێ ئەو بۆشاییەی دروستکرد؟**

* ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەسەر بنەمای تەوافوقی فـەزای نیشتماندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەوپێیەی ئەو ناوچانە پێکداچووە لە رووی مەزهەبیو نەتەوەییو ئاینییەوە، بۆیە دەبێت دەستوورو تەوافوقی نیشتمانییو دیالۆگی نیشتمانیی رۆڵ ببینن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زۆربـەی نەتەوەو مەزهەبو کەمایەتییەکان زیانیان بەدەستی رژێمی بەعسی پێگەیشتووە، کورد لە هەرێمی کوردستان، تورکمانیش لە ناوچەکانی کەرکوکو دووزو تەلەعفەر، کوردو تورکمان هاوبەشی ستەملێکراوییان هەبوو، بەڵام بەداخەوە، تورکمانەکان هەست بەوە دەکەن کە سیستمی نوێی عـێـراق پـاک نـەبـووە بەرامبەریانو سەبارەت بە ئەگەرەکانی هاوپەیمانیی نێوان کوردو تورکمانیش، کارێکی قورس نییە کە ئەو دوو نەتەوەیە هاوپەیمانێتی ببەستن لەسەر بنەمای هاوبەشییەکانیانو بەرژەوەندیی نیشتمانیی، بەڵام نامانەوێت بەرە لە خەلکی تر بگرینو لایەنی تر توڕە بکەین.

**رۆژنامە: یەکێک لە دروشمەکانی دەوڵەتی یاسا لەکاتی هەڵبژاردندا، ریگرتن بووە لە دەستێوەردانی دەرەکی، هەمان بۆچوونتان بۆ دەستێوەردانی تورکیاو ئێرانیش هەیە؟**

*ئێمە لەگەڵ مەبدەئی دەستوەرنەدانی سەرجەم وڵاتانین لە کاروباری ناوخۆی عێراق، ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان، یان دراوسێی ناوچەکە بێتو دەمانەوێت ئەو وڵاتانە رێز لە سیستمی دیموکراسیمان بگرن، بەڵام کوتلە سیاسییەکان نەیانتوانی رێگە لە دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ بگرنو سوکترین دەستوەردانیش لە کاروباری عێراق تا ئێستا، دەستوەردانی سیاسیی بووە.

**رۆژنـامـە : پێشبینیی دەکـەن کە جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی نێوان دوو حیزبە کوردییەکەو دەعوەو ئەنجومەنی باڵا؟**

* ئەو هاوپەیمانییە چوارقۆڵییە، توانیی قۆناغێکی سیاسیی دیاریکراو بپارێزێت، بـەڵام پێموانییە، کەشو بارودۆخی ئێستا بۆ پێکهێنانەوەی ئەو هاوپەیمانێتییانە باش بێتو پێموایە، کەشی هاوپەیمانێتیی سێقۆڵیی (عـێـراقـیـیـە، کورد، هاوپەیمانیی نیشتمانیی)ەو ئێمە پێویستیمان بە هاوپەیمانێتییەکی جیاوازە لەوانەی پێشوو.

# سەرۆکایەتییەکانو سیستمی کۆتا

د. گیان کامیل بەسیر



هـەمـیـشـە شاعیرو نووسەرە بـەڕێـزەکـانـمـان سرووود بە بولبولەوە دەلـێـنو جوانترین ئەزموونی شیعرییان لـە چریکـەکـەی بـولـبـولـەوە وەرگـرتـووە وەک سیمبولێک ژانەکانیان پێ رشتووە.

ئێمەش وەک زۆرینـەی خوێنەران لەبەر مەزنیو جوانیی ئەم باڵندەیە خاڵێک رایگرتین، ئەویش ئەوەیە کە بۆ بولبول دەخوێنێت؟ ئایا لەبەر خەمە، یان خۆشی، یان گازندەی ئەوە دەکات کە وەک هەڵۆ لە بەرزیدا نییە.

تێڕوانینو فیکرەکانمان کەڵەکە دەبێت بۆ بـەراوردکـردن لەنێوان داواکـاریی هەندێکدا، کە بانگەشە بۆ هەندێک پرس دەکـەن کە دوورە لە واقیعەوەو دوایین داواکاریشیان گەیشتە ئەوەی داوای ئەوە بکەن، ژنێک پۆستی سەرکردایەتی یەکێک لە سێ سەرۆکایەتییەکە وەربگرێت، ئەمەش کارێکی ئەستەمو قورسە لە جێبەجێکردندا، لانیکەم لەکاتی ئێستادا لەبەر زۆرێک هۆکار گرنگترینیان ئەوەیە، کە هەندێک لە ژنە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کە گەیشتوونەتە پەرلەمان لەوانەن، کە قاعیدەو بناغەی سیاسییو جەماوەرییان نییەو ئەمەش هەمیشە جێگەی رەخنە بـووە لە ژنە پەرلەمانتارەکانی خولی پێشوو، بەوپێیەی لە چوارچێوەی لیستی داخراوو کۆتا خۆی پاڵاوتووە، هەربۆیە بە لیستی کراوە خۆی فەرز دەکاتو دەبێتە داوایەکی جەماوەریی تا لەو رێگەیەوە سەرجەم ئەو کێشانەی پرۆسەی سیاسیی چارەسەر بکات، کە لەلایەن ژنانەوە، یان پیاوانەوە بووبێت.

کە ئەم داواکارییانەش داواکاریی ژنان بێت، بۆیە دەبێت باس لە هەندێکیان بکەین کە لە رێگەی لیستی کراوەوە دەرچووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ژنە پەرلەمانتارانە بە نوێنەرایەتی راستەقینەی گەل هاتبن، بەڵکو لە رێگەی دەنگی لیستەکەیو بازدان بەسەر بەشو ئیستیحقاقی هاوڕێ پیاوەکەیدا لە هەمان لیست دەرچـووەو هەربۆیە کۆتا رۆڵی گەورەی هەبووەو هەندێک لەو ژنە پەرلەمانتارانە پێشینەی سیاسییان نەبووە کە پێویستە بۆ سەرکردایەتییەکی قورس کە پیاوان نەیانتوانی بۆیانی ئامادە بکەن.

ئێمە لێرەدا دژی ئەوە نین ژن ناوەندی دەسەڵات لە دەوڵەتی عێراقیدا وەربگرێت، هەموومان دەزانـیـن ئـەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە ساڵی (٢٠٠٣)وە روویانداو تیایدا سەرجەم یاساکان جەختیان لەسەر مافی ژنان کردەوە بۆ دەنگدانو خۆپاڵاوتنو بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیداو رێژەی کۆتای ژنیشی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بە لانیکەم (٢٥٪) دیاریکردو ژنی عێراقیی هەنگاوە سەرەتاییەکانی نا بۆ بەشداریی کاراو کاریگەر.

بـۆ یـەکـەمـیـن جـاریـش دەسـتـی بە ئیدارەکردنی حوکمڕانی کردو لە ئەنجومەنی حوکمدا شـان بەشانی لەگەڵ براکەیدا بەشداریی کردو لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی حوکمیشدا لەدوای پێکهێنانی لە (١٣)ی مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٣) لەنێو (٢٥) ئەندامەکەی ئەنجومەنی حوکمدا سێ ژنی تیابوو، بەوەش ئەو بەشداریکردنە لە قۆناغی نوێدا بونیادنرا، کە خۆی لە بەشداریکردنێکی بەهێزو کارا دەبینیەوە لە رێگەی یاسای هەڵبژاردنەوە، کە بناغەو بونیادی ژنانی لە هەر ئەنجومەنێکی یاساییدا دانـا ئـەو گواستنەوەی گۆڕانکارییەش گرنگییەکی زۆری بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە، تا ئەمڕۆش بـەردەوام بوو و ژنـان سەرۆکایەتی چەندین لیژنەی پەرلەمانیو وەزارەتو پۆستی هەستیاری تریان وەرگرت، بەڵام لەدوای ئەو هەموو ئەزموونە سیاسییە قورسەی عێراقی پێدا تێپەڕی، پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە هەموو (ترانیم)ێک شایستەمان نییەو ژنی سەرکردە پێویستە لە سفرەوە دەستپێبکات، نەک لە کورسی کۆتاوە.

بەغدا هەڕەشە لە ئازادییەکان دەکات 10

# وەزیری ناوخۆی هەرێم چەند ئەندامێکی پارتی بەبێ بینینی (خولی سەربازیی)، لە کەرکوک دەکاتە ئەفسەر

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**

بە بڕیارێکی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، سێ کارمەندی پۆلیس لە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی کەرکوک بێ بینینی خولی سەربازییو چاودێریکردنی بڕوانامەکانیان، دەکرێنە مولازمی یەکەم.

لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک بە ژمارە (٤٦٥)، کە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٢٥ ئاراستەکراوەو کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بە جێگیرکردنی پلەی (٤٦) ئەفسەری بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی کەرکوک دەکات لە ڕۆژی دەرچوونی ئەو نووسراوەوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ڕیزبەندی (٢٤و٢٥و٢٦)ی ئەو ئەفسەرانەن، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن لە شاری کەرکوک، کە بڕیارەکەی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان گرتوونێتییەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە دوابەدوای جێگیرکردنی پلەی سەربازیی ئەفسەرە کوردەکان، وەزارەتی ناوخۆی عێراق داوای کۆتا مووچەی پلەی سەربازیی لێکردبوون لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە ئاماژە بە پلەی سەربازییان لە میلاکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی چەند پۆلیسێکی پارتی لە کەرکوک پلەی (ڕێپدراویان) هەبوو لە کوردستان، بەڵام پلەی مولازمی یەکەمیان ناردبوو بۆ بەغدا، وەزارەتی ناوخۆ داوای مەلەفی پلەی ئەفسەری لێکردوون، کە کۆتا مووچەیان دەیسەلمێنێت.

دواتر بە بڕیارێکی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان چەند کارمەندێکی هاتوچۆ کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لە کەرکوک لە پلەی ڕێپدراوەوە بە ماوەی یەک مانگ دەکاتە مولازمی یەکەم، تا پلەی جێگیرکردنیان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بیانگرێتەوە، ئەفسەرێکی یەکێتیش هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ «مانەوەی دوو ئیدارەیی لە کوردستان».

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی هاتوچۆی کوردستان بە ژمارە (٦٨٠٤) لە ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٢، کە واژووی لیوا ڕزگار عەلی عەزیز، بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێمی لەسەرەو کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بە چەند کارمەندێک دەکات؛ کە لە بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی گشتیی کوردستان، کە مووچەو پلەی ڕێپدراوی وەردەگرن دوای ئاراستەکردنی بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (١٧٩٧٧) لە ٢٠١٠\٧\٢٥، لە ماوەی یەک مانگدا پلەکەیان لە ڕێپێدراوەوە بەرز دەکاتەوە بۆ مولازمی یەکەم.

ئەفسەرێکی پلەباڵای یەکێتی لە هاتوچۆی کەرکوک لەبەر هەستیاریی پلەکەی نەیویست ناوی بهێنرێت، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پۆلیسێکی ئاسایی بێ بوونی بڕوانامەو خولی سەربازیی بکرێتە مولازم، یان مولازمی یەکەم، سەر لەبەری نایاساییە، بەڵام جەنابی وەزیری ناوخۆی هەرێم واژۆ لەسەر ئەو نووسراوە دەکات، پێیوایە؛ ئەمە تەنیا پەیوەندیی بە دوو ئیدارەیی حکومەتی هەرێمەوەیە».



ئەو ئەفسەرە، وتیشی: «ئەگەر بڕیار وایە ژێر بەژێر وەزیری ناوخۆی هەرێم سەرجەم عەریفەکانی ئیدارەی سلێمانیو هەولێر، کە لە کەرکوک جێگیربوون، بکاتە مولازم، با بێ جیاوازیی بێتو حیزبایەتی تێنەکەوێت، هەرچەندە کارێکی نایاساییە، بەڵام نایاساییتر ئەوەیە، کە کەسێک جیابکرێتەوەو لە پلەی ڕێگەپێدراوەوە بکرێتە مولازمی یەکەم، کە ئەمە لە هەیمەنەی ئەفسەریی کەمدەکاتەوە».

هەر لەوبارەیەوە نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەرزکردنەوەی پلە لە سیستمی سەربازیی عێراقیدا بە چوار ساڵ جارێکە، ئەگەر ئەو کەسە بۆ خۆی ئەفسەر بوو، هەروەها پێدانی پلە بە مەرسومی کۆماریی دەکرێت، بۆ هیچ کەسێک نییە پلە بدات بە کەسێک، کە شایستە نەبێت، چونکە پێدانی پلە دەبێت ڕەچاوی بڕوانامەو تواناو تەمەن بکرێت.

بە وتەی ئەو شارەزایەی کاروباری هێزەکانی ناوخۆ: «ئەو کەسەی دەبێتە ئەفسەر لە هێزێک، ئەگەر بە نایاسایی پلەی پێدرابێت، لەبری ئەوەی ببێتە هۆی سەرکەوتنی، دەبێتە هۆکار بۆ شکستهێنان».

# کەرکوکییەکان داوادەکەن ڕۆڵیان لە بەغدا پێبدرێت

**ئارام جەمال- کەرکوک**

لەحەوت ساڵی ڕابردوودا، زۆرترین کۆسپ لەبەغداوە لەبەردەم ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکوک دروستکراوە، بەڵام چاوەڕواندەکرێت کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، بەپێچەوانەی ڕابردووەوە ڕۆڵی زیاتربدات بە کەرکوکییەکان.

لەساڵی (٢٠٠٣)وەو دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکمو حکومەتی کاتیو حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق، هەمیشە کەرکوک خاڵی ناکۆکیی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا بووە، کە بەهۆی دووریی کەرکوکییەکان لەناوەندەکانی بڕیارو مانەوەی کێشەکە وەک خۆی، بوو بە کێشەیەکی تەنانەت نێودەوڵەتییو ئیقلیمیش.

لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا، هیچ کەرکوکییەک وەک نوێنەری شارەکەی لەبەغدا نەبووە، بەپێچەوانەوە نوێنەری حیزبو لایەنێکی دیاریکراوی کردووە، بەڵام لەدوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، گۆڕانکاریی بەسەر نوێنەرایەتیی شارەکانی عێراقدا هات بەهۆی لیستی کراوەوە.

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، پێی وایە: لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەلی زیاتر لەدەستی کەرکوکییەکاندایەو لەناوەندی بڕیارو دانوستاندان.

لەوبارەیەوە، ئاڵا تەحسین تاڵەبانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ژمارەیەک ئەندامی باشی کەرکوکی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدان، کە دواتر بەسەر لیژنەو بەشە گرنگەکانی پەرلەماندا دابەش دەبنو دەتوانن ڕۆڵی باش ببینن کە لەماوەی ڕابردووشدا ڕۆڵی باشیان هەبووە لەناو وەفدی دانوستانکاری کوتلە کوردستانییەکاندا».

لەبارەی بەشداریکردنی کەرکوکییەکان لەناو پێکهاتەی حکومەتو دەسەڵاتدا، ئاڵا تاڵەبانی ڕایگەیاند: «هەرچەندە ئێمە ئەو جیاوازییەمان نەکردووە لەنێوان کەرکوکو شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانداو هەموو ئەندام پەرلەمانە کوردەکان، وەک شاری خۆیان داکۆکییان لە کەرکوک کردووە، بەڵام لەئێستادا ئەو پۆستە وەزارییەی دەدرێت بە یەکێتی لەناو لیستە کوردستانییەکاندا، دکتۆر نەجمەدین کەریم کە نوێنەرایەتی کەرکوک دەکات، وەریدەگرێتو هەروەها سەرۆک کۆماریش خەڵکی شاری کەرکوکە».

ئەندامێکی لیستی برایەتیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: هەندێک پۆست هەن کە پێشتر لەدژی کەرکوک بەکارهێنراون، کەرکوکییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن، بەتایبەت ئەو پۆستانەی پەیوەندییان بەئاساییکردنەوەی کەرکوکەوە هەیە.

ئاوات محەمەد، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەشداربوونی کەرکوکییەکان لەناوەندی بڕیارو پۆستە گرنگەکانی بەغدادا گرنگە، بەتایبەت هەندێک پۆست کە پەیوەندییان بەداهاتوو، یاخود ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکەوە هەیە، کە هەندێکیان لەڕابردوودا وەک کۆسپ لەبەردەم ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکدا بەکارهێنراون، بۆنموونە لەپەرلەمان لە لیژنەکانی هەرێمەکانو کاروباری پارێزگاکان بوونیان زەرورەو لەناو حکومەتیشدا لە وەزارەتەکانی پلاندانانو بازرگانیو ناوخۆدا کە لە ڕابردوودا بەرپرسیارانی ئەم وەزارەتانە کۆسپی گەورەبوون بۆ کەرکوک».

ئاوات محەمەد، وتیشی: «لەئێستادا، هەرچەندە دابەشبوون بەسەر کوتلەی جیاوازدا، بەڵام تورکمانەکان کوتلەیەکی نەتەوەییان پێکهێناوە، هەرچەندە ئەمە بۆ پەرلەمانتارە کەرکوکییەکان نابێت، بەڵام دەکرێت داکۆکییو کاری باش بکەن بۆ کەرکوک».

کەرکوک، وەک چۆن سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکانی عێراقە لەڕووی ئاڵۆزیی چارەسەرکردنییەوە، لەهەمانکاتدا بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، کلیلی پێکەوەژیانی سەرجەم نەتەوەکانی عێراقە.

هێمن کامیل، چاودێری سیاسیی، پێیوایە: «لەخولەکانی ڕابردوودا، هێندەی قەبارەی کێشەی کەرکوک، کەرکوکییەکان لەناوەندەکانی بڕیار لەبەغدا بوونیان نەبووە، یاخود نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی کەرکوکییانەش نەبووە لە پەرلەمانی عێراقداو هۆکاری ئەوەش، ئەوە بووە کە کەسانێک بەهۆی لیستی داخراوەوە نوێنەرایەتیی کەرکوکیان پێکراوە، با کەرکوکیش بن، بەڵام دوور بوون لەواقیعی کەرکوکو لەدەرەوەی کەرکوک ژیاون، بۆیە نەیانتوانیوە کێشەو نە ها مە تییە کا نی کەرکوک وەک ئەوەی کە هەیە، بگەیەننە بەغداو پێداگریی لەسەر دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بکەن».

ئەو چاودێرە سیاسییە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەم خولەی ئێستادا، بەتایبەت کە هەڵبژاردن بەشێوازی لیستی کراوە بوو، کەسانێکیش سەرکەوتوون، سەرەڕای بوونی تێبینیشمان لەسەریان، بەڵام کەسانی بەتوانایان تێدایەو هەموومان چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەین کە نوێنەرایەتییەکی باشتری خەڵکی کەرکوک بکەنو بتوانن بگەنە ناوەندەکانی بڕیارو خزمەت بە کەرکوکو تەواوی عێراق بگەیەنن.



پێویستە کەرکوکییەکان چارەنووسی کەرکوک دیاریی بکەن

فۆتۆ: ئەرشیف

# سازشکردنەکانی کورد لە بەغدا

دنیس ناتالی *

ئەگەر بەغداش نەتوانێت بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو زیاد بکات وەک ئەوەی پێشبینیی دەکرێت، توانای کۆنترۆڵکردنی کەرتی نەوتی هەر دەبێت، بازارەکانی کوردستانیشی لەگەڵدا بێت. وڵاتانی ناوچەکە هەوڵ دەدەن قازانج لە نەوتی عێراق وەربگرن، بە تایبەتی تورکیا، وە هەوڵەکانیان بە ئاراستەی بەغدایە وەکو سەرچاوەی سەرەکی داهاتەکە نەوەک هەولێر، وەزیری وزەی تورکیا لەو ماوەیەدا دانی بـەوەدا نا کە کۆمپانیا بیانییەکان رازیبوونی حکومەتی ناوەندییان دەوێت بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتنەکان لە بواری نەوتو غازدا، شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە- هەولێر گەشەسەندنیان بەخۆوە بینیوە، تورکیا لەم نزیکانەدا رێککەوتنی هێڵە نەوتییەکانی لەگەڵ بەغدا درێـژ کردەوە. ئەوەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگوێخستنی هەرێمی کوردستان دەردەخات.

بەڕێوەبەرێتییەکەی ئۆباما، پێدەچێت حکومەتی شەراکەتی تازەی عێراق وەکو رووداوێکی گرنگی مێژوویی ببینێت، بەرەو حکومەتێکی یەکگرتوو لە بەغدا، بەڵام بڕیاری کاریگەریی سیاسیی عێراق لەکاتێکدا دێت کە یاسا گرنگەکان لە پەرلەماندا پێشکەش کران، دوو لە هەستیارترین دۆزەکان لەسەر پەیوەندیی نێوان هەولێر- بەغدا مەسەلەی ناوچەیی وە نەوت دەگرێتەوە، بڕیاردان لەسەر سنوورە جێناکۆکەکانو تێپەڕاندنی یاسای نەوتو غاز، هەرچەندە کوردەکان ئەوەیان راگەیاندووە کە دەبێت شێوازی بەڕێوەبردنی پارێزگای بە نەوت دەوڵەمەندی کەرکوک دیاریی بکرێت، نزیکەی هەموو گرووپە عەرەبییەکان سوننەو شیعەکان زۆر بە توندی دژی ئەم پێشنیازەن، بەپێی گەشەسەندنەکانی ئەم دواییە لە عێراقو لە هەرێمی کوردستاندا، هاوپەیمانی کوردستانیی هەوڵی تـەواوی دەدات بۆ گۆڕینی کارنامە نەتەوایەتییە توندەکەیو ئاراستە گۆڕینی جەختکردنەوەکانی لەسەر بانگەشە سەختەکانی خاک بۆ رازیکردنی بەغدا لەسەر گرێبەستەکانی پەترۆڵ.

بیرۆکەی ئاشکراکردنی گرێبەستە نەوتییەکان پێدەچێت سروشتی نهێنییەتی وەزارەتـــی سـەرچـاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی بەرەنگاریی بکاتەوە، یارییەکی یەک کەسی کە لەلایەن ئاشتی هەورامییەوە بەڕێوەدەبرێت، پێدەچێت چارەسەرێکی بچووکی بێ متمانەی سیاسیی بەردەوامی نێوان هەولێرو بەغدا بکات، یان میراتە مێژووییەکانی کەرکوک کە ناسنامەی کوردستان دادەڕیـژێـت، کە بە خاکەوە بەستراوە، دەرکەوتنی رۆڵێکی تازەی نەوت لە ئاراستەکردنی بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستانو نەبوونی پشتگیریی گرووپە عەرەبییە بەهێزەکانی شیعەو سوننە لە کۆنترۆڵکردنی کەرکوک لەلایەن کوردەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چانسێکی تری نییە، جگە لە بەکارهێنانی هەستی نەتەوایەتیی بۆ سیاسەتی جێبەجێکردن، ئەم هەڵبژاردەیەش پێدەچێت باشترین هەنگاوی گونجاو بێت لە هێنانەدی هەر دەستکەوتێکی سیاسیی، یان ئابووریی بێت لە چەند سالی داهـاتـوودا، تائێستاش کوردەکان پێدەچیت چانسێکی باشتریان هەبێت بۆ دانوستانکردن لەبارەی یاسای نەوتو غازو چارەسەرکردنی دۆزی کەرکوک، لە راستیدا، هەنگاوی بچووک نراوە لەبارەی کێشەی قورسی نەوتەوە، بەتایبەت کاتێک جەختکردنەوەکە گۆڕا لە «مافی دۆزینەوە» بۆ «روونییەتی لە گرێبەستەکاندا». لەسەردانی ئەم دواییەیدا بۆ پەرلەمانی کوردستانی عێراق، حسێن شەهرستانی رایگەیاند؛ کە بەغدا دان بە گرێبەستە نەوتییەکاندا دەنێت، تەنیا ئەگەر بە روونی خرانە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردن، حکومەتی ناوەندی لە رەشنووسی بودجەی (٢٠١١)دا، بەشێک لە هەناردەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، هەرچەندە برێکی کەمە، داواکـردن بۆ شەفافیەتیی هەروەها بووە بۆ کێشە لەلایەن بزووتنەوەی گـۆڕانـەوە، کە مـاوەیـەک لەمەوبەر لە هاوپەیمانیی کوردستان کشایەوە، هەروەها داوای ئاشکراکردنی تـەواوی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

حکومەتی هەریمی کوردستان پێوستی بە سازشکردنی سیاسیی دەبێت، لەبەر ئەوەی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا شتێکی رووکەشییە، کوردەکان دەسەڵاتی دیاریکردنی کەسەکانیان نییە لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا جگە لەمە، بەشداربوویەکی یەکسانیش (هاوتا) نین، بەڵام بە شێوەیەکی سیاسیی کاریگەرن لەسەر گۆڕینی دەنگ بۆ دوو گرووپی سیاسیی عێراق؛ دوڵەتی سیاسیی مالیکیو عێراقییەی ئەیاد عەلاوی، هەرچەندە جەلال تالەبانی پایەی سەرۆک كوماری بەدەستهێنایەوەو توانیویەتی کەسایەتییە کاریزماییەکەی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی رۆڵیکی گرنگتر بگێرێت، هاوپەیمانیی کوردستانیی لەوانەیە وەزارەتێکی گرنگ بەدەستبهێنێت لە بەغدا، هەرچەندە توانای ئاراستەکردنی خالی گەوهەریی دەسەڵاتی سیاسیی نابێت، وەکـو سەرۆکایەتی، هێزەکانی ئاسایش، یان وەزارەتی داد.

## سازشکردنەکانی کورد لە بەغدا

کـوردەکـان هـەروەهـا لەسەر ئاستی نەتەوەیی رووبەڕووی بەرهەڵستییەکی تازە بوونەوە، نزیکەی هەموو ئەو نەتەوانەی کە کورد نین لە سەرانسەری عێراقدا، نیگەرانن، ئەگەر نەیار نەبن، دژی زیادبوونی مافەکانی کوردو جیاوازیکردن لەگەڵ عەرەبەکاندا لـە هەرێمی کـوردسـتـانـدا، کـاردانـەوە یەکگرتووەکانیان بۆ ئەوەیە دڵنیای بکەنەوە کە کەرکوک بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراقو لە رووی بەڕێوەبردنەوە نابێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، هەرچەندە کوردەکان کاریگەرییان هەیە لە بەغدا، بەرەوپێشچوونێکی راستەقینە نابینرێت لە دۆزە نەتەوەییە گرنگەکانی کورددا، لە سالی (٢٠٠٥)ەوە سەرژمێریی دوادەخرێت، مادەی (١٤٠) لەکارخراوەو ئێستا کوردەکان پێویستە رووبـەڕووی بڕیارەکانی کۆمیتەی پێداچوونەوەی دەستوری عێراق ببنەوە، کە هەوڵدەدات بەو مادانەدا بچێتەوە کە دەسەڵاتی هەرێم لاواز دەکەن.

لە ئەنجامدا، کۆمپانیا نەوتییەکان تائێستاش ناتوانن نەوتە خاوەکەیان هەناردەی بازارە نێودەڵەتییەکان بکەنو کرێی تەواوی بەرهەمهێنانیان پێ نەدراوە، سـەرەڕای کۆمپانیا گـەورەکـان کە بەم نزیکانە هاتوونەتە ناو کوردستان، هەرێمی کوردستان پێدەچێت رووبەڕووی پێشبڕکێ ببێتەوە لەگەڵ بـاشـووری عـێـراق، بە تایبەتی کاتێک حکومەتی ناوەندیی هەوڵی چالاککردنەوەی رۆڵی دەدات لە ئۆپێکدا.

بەرەوپێشبردنی کێڵگە فراوانەکانی بـەسـرەو نـۆژەنـکـردنـەوەی دامــەزراوە نەوتییەکانی، بـەهـیـوای زیـادکـردنـی بەرهەمەکانی لە (٢,٦) ملیۆن بۆ زیاتر لە (١٢,٥) ملیۆن بەرمیل لە مـاوەی حەوت ساڵدا.

لە راستیدا، کوردەکان رووبـەڕووی بەربەستی گرنگ دەبنەوە لە کەرتی نەوتدا، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندان گرێبەستی نەوتیی ئیمزاکردووە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانو پرۆژەی تر، کە توانای بەرهەمهێنانی (یەک ملیۆن) بەرمیلیان هەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بەڵام حکومەتی ناوەندیی دان بەو گرێبەستانەدا نانێت.

هـاوپـەیـمـانـیـی کـوردسـتـان هیچ هاوپەیمانییەکی راستەقینەی نییە لە بەغدا، مالیکی پێدەچێت پشتگیریی خۆی بۆ داوا نەتەوییەکانی کورد دەربڕیبێت لە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست، هەروەکو چـۆن سـەرکـردە عێراقییەکانی پێشوو ئەمەیان کرد کاتێک رژیمەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، هەروەها چاوەڕواندەکرێت عێراقییە رێگریی لە داواکانی کورد بکات کە پەیوەندییان بە خاکەوە هەیە، سەرۆکی پەرلەمان، ئوسامە نوجەیفی، ناوبانگی هەیە بۆ دژایەتیکردنی ویستە نەتەوەییەکانی کـورد، دژی بیرۆکەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکە (مادەی ١٤٠) .

بەڕێوەبەری سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئەمریکییە لە عێراق-سلێمانی.



دنیس ناتالی

*** سەرچاوە گۆڤاری فۆرێن پۆلیسی ئەمریکی**

**وەرگێڕانی: محەمەد بابەکر**

# باشووری سودان، جیابوونەوەو جەنگ

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

کەشی سیاسیی باکووری سودان ئاماژە بە دواکەوتنی ئەو ریفراندۆمە دەکـات، کە چارەنووسی سـودان دیاریدەکاتو باشوورییەکانیش داوای بەڕێوەچوونی دەکەن.

نزیکەی هەفتەیەکە تۆمارکردنی ناو بۆ دەنگدان لە ریفراندۆمە چارەنووسسازەکەی سـودان دەستپێکردووە، کە بڕیارە لە (٢٠١١/١/٩)دا ئەنجامبدرێت، بەڵام باشووری سـودانو کۆمەڵگەی نێودەولەتی لەگەڵ بەڕێوەچوونی بێ قەیدو شەرتی ئەو ریفراندۆمەدان.

هەرچەندە ئامادەکارییەکان بەپێی پێویست نینو باشوورییەکان هـەر لە ئێستاوە ئامادەکاریی سەربەخۆیی خۆیان ئامادە کـردووەو کەشی دروستبوونی نوێترین وڵاتیان لە جیهاندا خولقاندووە، بەڵام باکوورییەکان تائێستاش بەهیوان لە رێی سوپاو حکومەتەوە رێ لە وەها هەنگاوێک بگرن، بەڵام ئیدارەی باشوور لە جوبا لە هەولیاندا بەردەوامن بۆ سەرکەوتنی ئەو دەنگدانە.

بـەهـۆی جـیـاوازیـی ئیتنیو دینییو کلتوورییەوە، باشووری سودان بە دۆخێکی ئابووریيو کۆمەڵایەتی خراپدا دەڕوات، ئاوارەییو شەڕو دەستدرێژیکردن بوونەتە باوو حکومەتی ناوەندی باکووریش بە هەر هۆیەک بێت دەیەوێت باشوورییەکان بێدەنگ بکات.

ئەمریکا پشتگیریی باشوورییەکان دەکات لە دەنگدانیاندا لەسەر چارەنوسی خۆیان، هیلاری کلنتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە دوایین هەولیداو لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە بەرپرسانی خەرتوومی راگەیاندووە؛ کە دەنگدان لەسەر چارەنووسی باشوور «حەتمییە»و ئەمریکاش هـەولـدەدات ئەو پرۆسەیە بە ئاشتییانە بەڕێوەبچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گومانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو پرۆسەیەو پێیوابوو؛ کێشەی راستەقینە دوای دەنگدانی باشوورییەکان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دەستپێدەکات.




باشووری سودانو تاقیکردنەوەیەکی نوێ

جگە لەوەی میسر، کە هێزێکی هەرێمی ئەو ناوچەیەیەو پێشتر رۆڵـی گـەورەی هەبووە لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا، جیابوونەوەی نێوان باشوورو باکووری بە حەتمی لە قەڵەمداو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە سیاسییەکانی باشوورو باکوور هەوڵی جدییان بۆ مانەوە نییە بە یەکگرتوویی.

لە باشوورییەکانو باکوورییەکان بانگەشەی خاوەندارێتی دەکەن.

باشوورییەکان دەیانەوێت ئەم ناوچەیە ببێتە بەشێک لە دەوڵـەتـە نوێکەیانو باکوورییەکان ئەوە رەتدەکەنەوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی یەدەگی نەوتی سودان لە باشووردایە، کێشەیەکی گەورەو توندوتیژیی زۆر لەنێوان ئەم دوو بەشەدا دروستدەبێت.

دیکەی شەڕ لەنێوان باکوورو باشووردا، بـەڵام باشوورییەکان سـوورن لەسەر دەنـگـدان لەسەر چارەنووسی خۆیانو باکوورییەکانیش دەیانەوێت بە هەر جۆرێک بێت رێ لەوە بگرن، هەر بۆیە سەرکردە سودانییەکان هەوڵدەدەن لە رێی نفوزی جەماوەرییەوە رێ لە رووبەڕووبوونەوەیە بگرن.

> باشوورییەکان دەیانەوێت ناوچەکەیان ببێتە بەشێک لە دەوڵەتە نوێکەیانو باکوورییەکان ئەوە رەتدەکەنەوە

حکومەتی ناوەندی خەرتوومو ئیدارەی باشووری جوبا، جگە لە بوونی جیاوازییەکی زۆر لـەسـەر ریـفـرانـدۆمـەکـە، کێشەی ناوچەی جێناکۆکی ئابییەشیان هەیە، ئابیە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوتەو هەریەکە

لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو سودانییەکان خۆیان نیگەرانن لە رووداني توندوتیژیی لە حالەتی دوانەخستنی راپرسییەکەی باشووری سودان، رووداني هەر هەڵەیەکیش دەبێتە هۆی دەستپێکێکی

یەکێک لە سەرکردە سودانییەکان لە چەند سەردانێکیدا بۆ شارە جیاوازەکانی باکوورو لە پێناوی هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان، داوای لە جەماوەری ئەو هەرێمە کرد، کە هەموان لەم ریفراندۆمەدا دەنگ بدەن. ریک مارکاری جێگری سەرۆکی حکومەتە ئۆتۆنۆمییەکەی باشووری سودان لە چەند شارێکدا داوای لە هاوڵاتییان کردووە؛ کە پێش دەستپێکی ریفراندۆمەکە چەند خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گـەورەو بەهێز رێکبخەن بۆ رێگرتن لە دەستێوەردانی سوپایی.

باشووری سـودان، کە بە (حکومەتی باشووری سودان)یش ناسراوە، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمییەو پایەتەختەکەی شاری جوبایە، کە گەورەترین شاری ئەو هەرێمەیە، ئەم هەرێمە بەوە جیادەکرێتەوە کە زیاتر ئەفریقییە وەک ئەوەی عەرەبی بێتو لە رووی ئیتنیو دینییو کەلتوورییەوە لەگەڵ دراوسێکانی باشووری یەکدەگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی زۆریی سەرچاوە سرووشتییەکان لەم ناوچەیەدا وایـکـردووە، حکومەتی ناوەندی سودان هەڵوێستێکی هێرشبەرانە وەربگرێت لە دژی هەولەکانی ئەم هەرێمە بۆ جیابوونەوە.

دوای چەندین دەیە لە شەڕی ناوخۆو دوای ئـەوەی پەیمانی ئاشتی دوولایەنە، نەیتوانی سەقامگیریی لەنێوان ئەم دوو هەرێمەدا بەدەستبێنێت، باشووری سودان بە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانی ریفراندۆم بۆ دەنگدان لەسەر چارەنووسی هەرێمەکە بکاتە ئەمری واقیع.

باشوور (٨٥٪)ی نەوتی سودانی هەیەو بەپێی پەیماننامەی ئاشتی بەرهەمی نەوت، پێویستە بە شێوەیەکی یەکسان لەنێوان باکوورو باشووردا دابەشبکرێت، بەرهەمی نەوت (٩٨٪)ی بودجەی باشووری سودان پێکدەهێنێتو هەندێک ناوچەش لەنێوان باکوورو باشووردا جێناکۆکن.

باشوورییەکان بە ئینگلیزیو عەرەبی دەدوێن، جگە لە بوونی نزیکەی (٤٠٠) دیالێکتی ناوچەیی جیاواز، رووبـەری باشووری سودان بە (٦٤٠٠٠٠) کم٢ لە قەڵەم دەدرێتو دانیشتووانیشی بە زیاتر لە (٨) ملیۆن خەڵک دەخەملێنرێت، باشوور حکومەتو ئاڵای جیاوازەو تەنیا بە ناو لەگەڵ باکووردا یەک وڵاتن، لە ئێستادا سلڤادۆر کیر مایاردیت، سەرۆکی باشوورە، باشوورییەکان دینی تەقلیدییو ناوچەیی خۆیان هەیە، بەڵام (٢٠٪) یان مەسحییەو (١٠٪)یشیان موسلمانن.

چۆن چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستاندا بکرێت؟ 12

# سوننەکان بە «نهێنی» هەوڵی هەرێمی فیدراڵیی دەدەن

**راپۆرتی: کاروان عومەر**

دەنگەکانی پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵیی بۆ سوننەکان، زیاد دەکەن‌و پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بەوەدەکات، کە ئەو هەوڵە بە نهێنی دەدرێت‌و ئەگەر سوننەکان لە حکومەتدا کارا نەبن، بیر لە بە هەرێمکردنی ناوچەکانیان دەکەنەوە.

ماوەی چەند هەفتەیەکە، ژمارەیەک لە وتاربێژانی مزگەوت‌و کەسایەتی‌و سەرۆک هۆز لە ناوچەکانی عەرەبی سوننە، داوا دەکەن کە هەرێمێکی فیدرالیی تایبەت بە سوننە لە ناوچەکانی ناوەڕاست‌و خۆرئاوای عێراق دابمەزرێنرێت‌و لەو چوارچێوەیەشدا، ئەحمەد جبوری کە ئیمامی یەکێکە لە مزگەوتەکانی دیالە، رایگەیاند: «داوا دەکەین، ناوچەیەکی تایبەتی فیدراڵیی بە عەرەبی سوننە هەبێت، چونکە جگە لە گرتن‌و راوەدونان، هیچمان لە حکومەتی ناوەندی دەست نەکەوت، با کورد لە باکوورو شیعە لە باشووری ئێمەش لە ناوەڕاست، هەرێمی فیدراڵیمان هەبێت».

لەوبارەیەوە، سەلاح موزاحمی پەرلەمانتاری عێراق لە پارێزگای دیالە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر هەندێک کەسایەتی داوای پێکهێنانی هەرێمی فیدڕاڵییان کردبێت، ئەوا کاردانەوەی هەڵویستی حکومەتی ناوەندییە کە دیالەی فەرامۆشکردووەو گەنجەکانیان دەستگیر دەکات».

بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی ورد کە ئاماژە بە ژمارەی عەرەبی سوننە بکات لەعێراقدا، تا ئێستا رێژەی ئەو پێکهاتەیە بە تەواوی نازانرێت‌و لە سەرژمێرییەکانی پێشتری عێراقیشدا ئاماژە بە رێژەی سوننە نەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی، رێژەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا (٢٠٪-٢٥٪)ەو لە پارێزگاکانی سەلاحەدین‌و ئەنبارو نەینەواو دیالەو بەغداو باکووری بابل‌و خۆرئاوای کەرکوک‌و باکووری واست هەن، بەڵام تەنیا لە پارێزگای ئەنبارو سەلاحەدین بەشێوەیەکی بەربڵاو هەن‌و لەپارێزگاکانی تری وەکو نەینەواو دیالە رێژەیان (٥٠-٦٥٪)ەو لە بەغدا رێژەیان (٢٥-٤٠٪)ەو لە بابل‌و کەرکوک‌و واست، رێژەیان (١٠-٢٥٪)ەو سەلاحەدینیش نزیکەی (٨٠٪)ی سوننەیە.


سوننەکان بوون بە دوو بەشەوە لە ئەگەری بەهەرێمکردنی ناوچەکانیان

فۆتۆ: ئەرشیف

فاتن عەبدولقادر، پەرلەمانتاری سوننەی عێراقییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تێبینی ئەوە دەکرێت کە بانگەشە بۆ دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵیی بکرێت بۆ سوننەکان، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەنتەرێکی راپرسی تایبەت لەعێراقدا، تا ئێستا نەزانراوە ژمارەی ئەوانەی کە پشتگیریی لە پێکهێنانی ئەو هەرێمە دەکەن، چەندەو رێژەی ئەوانەی تریش کە رەتی دەکەنەوە، چەندە».

دەنگۆی هەوڵی پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵیی بۆ سوننەکان، دووبارە پرۆژەی جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا دێنێتەوەکایە کە لەسەردەمی دەسەڵاتی جۆرج بۆشدا پێشکەشی کرد بۆ پێکهێنانی سێ هەرێمی (کورد- شیعە- سوننە) لە عێراقدا کە ئەو کات بەتوندی لەلایەن خودی سوننەکانەوە رەتکرایەوە.

لەلای خۆشیەوە، ئەحمەد ئەبوریشەی سەرۆکی ئەنجومەنەکانی سەحوە لە پارێزگای ئەنبار، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سوورین لەسەر یەکپارچەیی عێراق، بەڵام ئەگەر حکومەت بەردەوام بێت لەسەر پشتگوێخستنی پێکهاتەکانی تری عێراق، وەکو سوننە، پێدەچێت لەداهاتوودا بیرۆکەیەکی لەو جۆرە تاوتوێ بکەین».

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سوننەکان بایکۆتیان کرد، بەڵام دەستووری عێراقیش ئاماژەی بە مافی پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵیی داوە بۆ پارێزگایەک، یان زیاتر، بە مەرجێک سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە، یان (١٠٪)ی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایە پێشکەشی بکەن بۆ سازدانی راپرسی لەسەر ئەو پرسە کە بۆ سەرگرتنی دەبێت بە زۆرینەی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایە، دەنگ لە بەرژەوەندیی پێکهێنانی ئەو هەرێمە بدەن، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لە پارێزگای بەسرە، ئەو هەنگاوە ئەنجامدراو سەرکەوتوو نەبوو.

هاوکات، هەندێک لە لایەنە سوننییەکان، دژی پێکهێنانی هەرێمی سوننەمەزهەب دەوەستنەوەو لەوبارەیەشەوە تەلال زەوبەعی، سەرکردەی ئیئتیلافی عێراقییەو سەرۆکی هۆزی زەوبەعی ئەنبار، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو بیرۆکەیە رەتدەکەینەوەو دروستبوونی هەرێمی فیدراڵیی لە عێراقدا، جگە لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە مایەی دابەشبوونی عێراق».

هەندێکی تریش پێیانوایە، پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵیی لەسەر بنەمای مەزهەبیی، سەرکەوتوو نابێت‌و مەحمەد ئیقبالی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئیسلامیی، ئاشکرای کرد؛ کە پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی لە ناوەڕاستی عێراق پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، چونکە پێکهێنانی کارێکی ئاسان نییەو بۆ رۆژنامە وتی: «پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی لەسەر بنەمای تایفەگەریی، سەرکەوتوو نابێت‌و دەبێتە مایەی پەرتکردنی عێراق‌و ئەگەر جێبەجێش کرا، دەبێت لەسەر بنەمای پارێزگاکان جێبەجێ بکرێت، تا تایبەت نەبێت بە نەتەوەیەک، یان مەزهەبێک».

هاوکات، سەعد حەدیسی، لێکۆڵەرەوەی سیاسیی سوننە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەوڵەی سوننەکان بۆ پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی، بەنهێنی دەکرێت، بەڵام بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێدەچێت لەداهاتوودا، ئەو داواکارییە لەنێوان سوننەکاندا بڵاوبێتەوە، چونکە ئەگەری بەشداریکردنیان لەحکومەتی داهاتوودا، بەشێوەیەکی کارا کەمبووەتەوەو پێناچێت لەماوەی داهاتوودا عەرەبی سوننە، بەشێوەکی ئەکتیڤ بەشداربن لە حکومەتدا، بۆیە لەرێگای پێکهێنانی ئەو هەرێمەوە هەوڵی بەرێوەبردنی ناوچەکانیان‌و رێگرتن لە پەراوێزخستنی ناوچەکانیان دەدەن».

## رۆشنبیران رووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە

# بەغدا هەڕەشە لە ئازادییەکان دەکات

**بەغدا- پەیامنێری رۆژنامە**

بڕیاری داخستنی یانەکانی شەوانی بەغداو رێگرتن لە وانە هونەرییەکان، نارەزایی رۆشنبیرانی بەغداو عێراقی لێدەکەوێتەوەو وەزیری رۆشنبیریی پێشووی عێراق بە مەترسیی بۆ سەر ئازادیی لە قەڵەم دەدات‌و بەرپرسێکی بەغداش دەڵێت: «ئەو یانانە کاری خراپی تیا ئەنجام دەدرا».

پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو بە بڕیارێکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا ژمارەیەک یانەی شەوانەو دووکانی مەیفرۆشتن داخران‌و لە نێویاندا یانەی ئەدیبانی عێراق بە بڕیارێک وتنەوەی وانەی شانۆو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان قەدەغە کرا، لەدوای ئەم بڕیارەش زنجیرەیەک نارەزایی سەری هەڵداو رۆشنبیرانی بەغدا زنجیرەیەک خۆپیشاندان‌و چالاکی جۆراوجۆری نارەزاییان دژ بەو بڕیارە سازدا.

لەوبارەیەوە شەوقی حەسەن کەریم، ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری یەکێتیی ئەدیبانی عێراق، ئاماژەی بەوە دا؛ کە ئەوان دژی یاسا نین‌و نابن، بەڵام دژی هەر یاسایەکن کە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی ئاستی ئازادیی تاک لە عێراقداو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەوڵیک هەیە لە لایەن هەندێک لایەن بۆ ئەوەی بەغدا لە شاری رۆشنبیرییەوە بکرێت بە شاری تاریکیی‌و هەر بڕیارو یاسایەک کە دژی ئازادیی تاک دەربکرێت، کە دەستوور ئاماژەی پێکردووە، یاسایی نییە، بۆیە سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگای بەغداوە دەرچوون‌و ئاماژە بە داخستنی یانەی رۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و فرۆشتنی مەی‌و رێگریی دەکات لە وانەکانی پەیمانگەو کۆلێژی هونەرە جوانەکان، یاسایی نین».



دیمەنێک لە نارەزاییەکان لە بەغدا

لە بەرامبەردا ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد؛ ئەنجومەنی پارێزگا بڕیارێکی جێبەجێ کردووە کە پێشتر دەرکرابوو، کە سەرجەم دووکانەکانی مەیفرۆشتنی قەدەغەکردبوو، کە مۆڵەتی یاساییان وەرنەگرتووە، جگە لە داخستنی هەندێک یانەی شەوانەو مەلها لە شەقامی ئەبو نەواس لە بەغدا، چونکە بە وتەی ناوبراو «بووەتە شوێنێک بۆ ئەنجامدانی کاری خراپە».

سەبارەت بە داخستنی یانەی ئەدیبانی عێراق، موعین کازمی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەشێک لەو یانەیە باری مەیخواردنەوەی تیادا دروستکراوەو ئەوانەی کە دژایەتی داخستنی دەکەن هۆی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبووە لە کردنەوەی ئەو بارەو ئەنجومەنەکەمان رێگریی کردووە لە هەندێک وانەی هونەرە جوانەکان، بە پێچەوانەی ئەوەش پشتگیریی لە کاری هونەریی دەکەین‌و چەند تیپێکی هونەرییشمان هەیە».

ئەمە لەکاتێکدایە کە بێدەنگییەکی مەترسیدار لەلایەن هێزە سیاسییەکانی عێراقەوە بەدی دەکرێت، بەرامبەر بەو هەوڵانە بۆ رێگرتن لە ئازادییەکان لە بەغداو پایتەخت، بەوپێیەی چەقی دەسەڵاتی سیاسیی‌و یاسایی‌و دادوەریی عێراق لەو شارەدایە، کە پایتەختەو تەنیا حیزبی شیوعی عێراق ئیدانەی ئەو کارەی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدای کرد.

موفید جەزائیری، وەزیری پێشووی رۆشنبیریی عێراق، کە هاوکات ئەندامێکی باڵای حیزبی شیوعی عێراقە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەگەڵ ئەوەداین کە یاسا جێبەجێ بکرێت‌و سەرجەم ئەو یانەو دووکانانەی مەیفرۆشتن، کە مۆڵەتی یاساییان نییە، دابخرێن، بەڵام ئەوەی روویدا کە سەرجەم دووکانەکان‌و یانەکانی شەوانەش کە مۆڵەتیان هەبووە، بە یانەی ئەدیبانی عێراقەوە، داخران».

موفید جەزائیری، ئاشکراشی کرد؛ ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا بە پشتبەستن بە یاسایەکی سەردەمی رژێمی بەعس ئەو کارەی ئەنجامداوە، بێ ئەوەی رەچاوی دەستووری عێراق بکات، کە سەرجەم مافەکانی تیایدا پارێزراوە، وتیشی: «ئەو رێوشوێنانە کە ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا ئەنجامیداوە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو پێشتر لە ژمارەیەک پارێزگای تری وەکو: بەسرەو بابل ئەنجامدراوە، ئەو بڕیارانە لە چوارچێوەی هەوڵێکە بۆ بەرتەسککردنەوەی مافەکانی تاک لە عێراقدا، بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ».

هاوکات شەوقی حەسەن کەریم، ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری یەکێتیی ئەدیبانی عێراق ئاشکرایکرد؛ کە یەکێتییەکەیان چەند چالاکیی ئەنجامداوە دژی ئەو بڕیارانەو پێش ماوەیەک خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکان توندوتیژییان لە دژیان بەکارهێناوەو لە ئێستادا مانگرتن ئەنجام دەدەن بە مەبەستی پاراستنی ئازادییەکان لە عێراق، وتیشی: «تۆمەتبار کراوین کە سەندیکای ئەدیبان بەرگریی لە مەیخانەکان دەکەن، بەڵام ئێمە بەرگریی لە مەیخانە ناکەین، بەڵکو بەرگریی لە ئازادییەکان دەکەین».




# مانی کوردستاندا بکرێت؟

## انی هەرێمی کوردستان



پەیوەندیی نێوان پەرلەمانتارو حیزب، یان پشتە سیاسییەکەی دەردەکەونو دەنگدەر لەو ئەنجامە ئاگادار دەبێت کە ئایا پەرلەمانتار تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ئیرادەی دەنگدەرو تا چ ئاستێک حیزب کاردەکاتە سەر بابەتی نوێنەرایەتیکردنەکە.

ئـەوەی لە ئـەدای کـاری پەرلەمانیی ئێمە دەبینرێت، لە پەیوەندیی پەرلەمانتارو پشتە سیاسییەکەی، شێوازی (جامد)ە، بە بەرگێکی توندڕەوانە کە مەبەستمان لەم توندڕەوییە پابەندییەکی کوێرانەی ئەندام پەرلەمانە بە ئاراستەکردنی حیزبەکەیەوە لەلایەکو لەلایەکی ترەوە، نادیاریی چەمکی بەرژەوەندیی گشتیی، یان چاکەی گشتییە لە دیدی پەرلەمانەوە.

ئەم بارە لە هەرێمدا وا کەوتووەتەوە کە ئەوەندە کاریگەریی حیزب لەسەر پەرلەمان

## «ئۆپۆزسیۆنەکان لە بازنەیەکی نایاساییدا دەخولێتەوە»

دیـارە، هێڵی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانو حیزب، لە بارێکی رێکخستنێکی سیاسییو یاساییەوە بووەتە شێوازی بەکارهێنانی پەرلەمان بۆ مەبەستی حیزبیی، بۆ نموونە پەرلەمان بۆ ئەوە بەکاردێت، ئەگەر کارێکی حیزبیی بـەخـودی حیزبەکە نەکرێت، ئەوا پەرلەمان بۆی جێبەجێدەکات، وەک پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ حیزب لە بودجەی خەڵک، کار پەیداکردن بۆ هەندێک لە کادیرە باڵاکان بەبێ رەچاوکردنی توانستو شیاوییان.

یەکێک لەو هەڵە کوشندانەی حیزبەکان بۆ پاڵاوتنی ئەندامانی پەرلەمان رەچاویان کردووە، ئەوە بووە کە هەر توێژو پیشەو ناوچەیەک نوێنەری هەبێت لە پەرلەمان، بۆ نموونە بازرگان، مامۆستای زانکۆ، ئەندازیار، هەروەها بەپێی ناوچەو بوونی رەگەزی ژنیش بەشێکە لە دەرهاویشتەکانی ئەو بیرۆکەیە. لەراستیدا ئەمە تەقلیدیترین شێوازی دیاریکردنی پاڵێوراوەو مەترسیداریشە، چونکە لە سەر حسابی لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی، هەستی ناوچەگەرێتیو پیشەگەرێتیو رەگەزپارێزیی دروستدەکات. ئەم بارە لەگەڵ لێکدانەوە فیقهییەکانداو سروشتی پەیوەندیی ئەندام پەرلەمان بە گەلەوە ناکۆکە، کە ئەندام پەرلەمان بە نوێنەری هەموو گەل دەزانێتو ئەندامی پەرلەمان لەسەر هەر لایەنێک، یان حیزبێکی سیاسیی حساب بێت، یان نێر بێت یان مێ، لە دوای سوێندخواردنییەوە نوێنەری ئیرادەی خەڵکە، ئەم نوێنەرایەتیکردنە لە پەرلەماندا شیاوی بەشبەشکردن نییە، ناکرێتو شیاو نییە پەرلەمانتارێک بڵێت، من نوێنەری فڵانە حیزب، یان توێژ یان ناوچەم. بیروڕاکان پێداگریی لەوە دەکەن کە هەرچەندە کارێکی شیاوە پەرلەمانتار، یان فراکسیۆنی پەرلەمانیی پشتی سیاسیی هەبێتو راسپاردەو پێشنیازی لێوەربگرێتو کار بۆ جێبەجێکردنی ئایدیاکەی بکات، بەڵام نابێت کاربکاتە سەر نوێنەرایەتیکردنی بۆ هەموو خەڵکو لەمەش زیاتر هەرگیز بابەتی نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی خەڵک بەسەر کەمینەو زۆرینەی پەرلەمانیدا دابەشناکرێت، بەڵکو هەردوو لایەن وەکیەک نوێنەرایەتی دەکەن، (کە لە بڕگەی داهاتوو زیاتر باس لە کێشەی نوێنەرایەتی دەکەین).

پەیوەستی کـوێـرانـەی پەرلەمانتار بە حیزب، یان پشتە سیاسییەکەی، ئەو دەرئەنجامە دەدات بەدەستەوە کە بەبێ وەرگرتنی حیزب لە هاوکێشەی پەیوەندییەکەدا نەتوانین راڤەیەکی دروست بۆ پەیوەندیی دەنگدەرو نوێنەر -پەرلەمانتار- بکەینو ئەمەش راڤەکردنەکان بەلای ئەوەدا دەبات کە ئەندام پەرلەمان نوێنەری حیزب بێت نەک دەنگدەران، یاخود تیۆری بریکارنامەی ئیلزامی، کە مەبەست لێی پەیوەندیی بریکارێتی گەلو پەرلەمانتارە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیی بریکارێتی نێوان حیزبو پەرلەمانتار، کە پەیوەندییەکی گرێبەستییە -العقدی- و بەم شێوەیەش پەرلەمانتار دەبێتە بریکاری حیزب نەک دەنگدەر. دروستکردنی ئەم واقیعەش لە کوردستان، چەندە پەیوەندیی بە ویستی حیزبەکانەوە هەیە، ئەوەندەش بە ملکەچی پەرلەمانتارانەوە بۆ بڕیاری سەرکردەکانیان، لەکاتێکدا یاسای هەڵبژاردنەکان لە کوردستانو ئەو سیستمانەی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە لە عێراق دەرچـوون، گەرەنتی تەواوی سەربەخۆیی ئەندام پەرلەمانو حیزب ناتوانێت لایانبدات.

### کێشەی نوێنەرایەتیکردنو بنەمای یاسایی کاری زۆرینەو کەمینە

یەکێک لـە ئـەرکـە سەرەکییەکانی پەرلەمان، ئەرکی نوێنەرایەتیکردنە، لەراستیدا سـەرچـاوە دەستوورییەکان بە گشتیی، بایەخ بە سێ ئەرکی پەرلەمان دەدەن، کە بریتین لە ئەرکی یاسادانانو متمانەدان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنو چاودێریی، لە کاتێکدا سەرەکیترین ئەرک کە رۆحی هەموو ئەرکەکانی تریشە، بریتییە لە ئەرکی نوێنەرایەتیکردن. ئەرکی نوێنەرایەتیکردن، ئەرکێکی ئەخلاقیو دەستوورییەو لە راپەڕاندنی هەموو ئەرکەکانی تری پەرلەماندا دەبێت بە زەقی ببینرێتو بە پێچەوانەوە، ئـەوەی بـەدەر لەمە بگوزەرێت، ناکرێت لەسەری بنووسرێت بە ناوی گەلەوە.

دیموکراسیێتیی نوێنەرایەتی، واتای ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتیی ئیرادەی گەل دەکەن، بەمەش پەرلەمان شوێنگەی باڵای هەیە لە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلو هەرچەندە لە سیستمی سەرۆکایەتیدا، سەرۆکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە، لافی نوێنەرایەتی گەل لێبدات، ئەوا ئەم نوێنەرایەتییەی ناگاتە ئاستی نوێنەرایەتی پەرلەمان.

ئـەوەی وەک کێشەیەکی بنەڕەتی لە بابەتی نوێنەرایەتیکردندا، لە رووی فیقهییەوە، دەردەکەوێت، بریتییە لەوەی کە نوێنەرایەتیکردن پشتببەستێت بە بنەمایەکی یاسایی کە لەسەرەوە ناوی سێ تیۆرمان بۆ ئەم پەیوەندییە هێنا.

ئەوەی پرسی سەرەکییە لێرەدا ئەوەیە، لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکەن، ئەمەش واتای نوێنەرایەتی شکۆمەندی گەلە (السيادة الشعبية)، بـەڵام ئایا ئەم نوێنەرایەتییە زۆرینە دەیکات، یان کەمینە؟ ئایا، ئەگەر بوترێت، زۆرینە کە حکومەت پێکدەهێنێت لە سیستمی پەرلەمانیدا، نوێنەرایەتی گەل دەکـات، ئەوا دەپرسین، ئایا دەکرێت شکۆمەندییو ئیرادەی گەل دابەشبکەین بەسەر کەمینەو زۆریـنـەی پەرلەمانو هەریەکەیان بە هێندەی کورسییەکانیان بەشیان لەو شکۆمەندییەدا بەربکەوێت؟ ئایا ئەگەر زۆرینە بەتەنیا نوێنەرایەتیی دەکات، ئەی کاری کەمینەی پەرلەمان لە ناو پەرلەمان چییە؟ وەڵامدانەوە بە ئەرێ بۆ ئەم پرسیارانە، جگە لە دەرئەنجامی دژوار کە لەگەڵ بابەتی نوێنەرایەتیو شکۆمەندی نایەنەوەیەک، هیچیتر نادات بەدەستەوە، بۆیە دەبێت وەک راستییەک ئاماژە بـەوە بدەین، کەمینەو زۆرینە لە پەرلەمان وەکیەک نوێنەرایەتی گەل دەکەن، ئەمەش حەقیقەتێکە چەندە بۆ زۆرینە تاڵ بێت، لە هەمانکاتدا بەرپرسیارێتییەکی گەورەش، هێندەی بەرپرسیارێتیی زۆرینە، دەخاتە ئەستۆی کەمینەو جیاوازیی رێژەی کورسییەکانیشیان هیچ لەم راستییە ناگۆڕێت. دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوەیە کە ئەوەی نوێنەرایەتی دەکـات، پەرلەمانە وەک دەزگایەک، نەک تاک بە تاکی ئەندامانو فراکسیۆنە سیاسییەکان، کەواتە لە بابەتی نوێنەرایەتیکردن ئـەم دەرئەنجامەی دوایـی راستترین لێکدانەوەی فیقهییە بۆ نوێنەرایەتیکردن، چونکە پەرلەمان خاوەنی کەسێتیی یاسایی سەربەخۆیەو بڕیارو یاساکانیشی بە ناوی ئەمەوە دەردەچن، نەک کەمینەو زۆرینە.

### فراکسیۆنی پەرلەمانییو بنەمای یاسایی کارکردنی

سـەرەڕای جیاوازیی نێوان حیزبو فراکسیۆنی پەرلەمانیی، لەڕووی پێکهاتەو کەسێتیی یاساییو ئەرکو جۆرو فراوانی چالاکییەکانیان ....، ئەوا مێژووی فراکسیۆنی پەرلەمانیی، مێژوویەکی تێکەڵە لەگەڵ مێژووی حیزبی سیاسیی کە بە بـڕوای (مۆریس دیفرجیە) وەک لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (الاحـزاب السياسية - ل ٧) باسیدەکات، فراکسیۆنی پەرلەمانیی یەکێکە لەسەرچاوەکانی دروستبوونی حیزب، بۆ ئەمەش سەرهەڵدانی حیزب لە ئەنجومەنی یاسادانانی فەرەنسا (١٧٨٩) بە نموونە دەهێنێتەوە.

سـەرەڕای گرنگیی فراکسیۆن، لەهەر پەرلەمانێکو لە پەرلەمانی کوردستانیش، بە تایبەتیش فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی تا ئێستا کێشەیەکی یاساییە، نەبوونی یاسایەکە بۆ ناسینی فراکسیۆنەکە وەک هەبوویەکی یاساییو دیاریکردنی مافو ئەرکە پەرلەمانییەکەیو بەهەمان شێوەیەش تا ئێستا یاسایەک نییە بۆ بەیاساییکردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی لە پەرلەمانی کوردستان. ئەم بابەتە هەروا کارێکی سانا نییە، تا جێبهێڵرێت، بەڵکو سەرەکیترین ئەرک بۆ زۆرینەو کەمینەی پەرلەمان، ئەوەیە کە بابەتی ئۆپۆزسیۆنبوونو مافو ئەرکەکانی فراکسیۆنەکانیش بە یاساو دەستوور رێکبخرێن، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە دیموکراسی دەسەڵاتەوە هەیە لەسەر بنەمای ئەو راستییەی کە بوونی ئۆپۆزسیۆن نیشانەیە بۆ دیموکراسی دەسەڵاتو دەستاودەستکردنی بە ئاشتییانە.

ئـەوەی ئاشکرایە تا ئێستاش لەلایەن پەرلەمانەوە، بابەتێکی لەم جـۆرە یاخود پرۆژەیەک بۆ بەیاساییکردن کاری فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن تـاوتـوێ نـەکـراوەو یاسای ئۆپۆزسیۆنمان نییە، بۆیە بۆ لێکدانەوەی بنەمای کاری یاسایی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ عورفی دەستووریی، لەهەمانکاتدا کێشەکە ئەوەیە، ئێمە لەهەرێم نە دەستوورمان هەیەو نە دەستووری عێراقیش (٢٠٠٥) باسی لە فراکسیۆنی پەرلەمانییو مافی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کـردووە تا وەک دەستووری فیدراڵ، بنەماکانی بۆ ئێمە ببێتە دەستوور، یان عورفی دەستوورییو لەهەمانکاتدا بەیاساییبوونی پشتی سیاسیی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنو مۆڵەتپێدانی وەک حیزب، مانای بەیاساییبوونی فراکسیۆنەکە نییە، چونکە لەڕووی یاساییەوە، فراکسیۆن درێژکراوەی حیزب نییە، بەڵکو دوو پێکهاتەی جیاوازن، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا.

> «هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆی پەرلەمان، خەسڵەتی پابەندی نییە بۆ پەرلەمانی دوای خۆی»

کەسێتیی یاسایی حیزب، بەهیچ شێوەیەک کەسێتیی یاسایی نابەخشێت بە فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەیو سـەرەڕای ئەمەش، مافی ئۆپۆزسیۆن، مافێکی دەستوورییەو پێویستە لە دەستووری داهاتووی هەرێم مادەیەکی تایبەت هەبێت بۆ رەوایەتی کاری ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، بۆیە تا ئێستا کاری فراکسیۆنەکانی پەرلەمانو فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە بازنەیەکی نایاساییدا دەخولێتەوە.

پێداویستی بەیاساناسینی فراکسیۆن لەوەوە دێت کە فراکسیۆن وەک پێکهاتەیەکی پەرلەمانیی دەردەکەوێتو بەردەوام پرۆژەو داواکارییو هەڵوێستی هەیەو هەروەها دەشێت فراکسیۆن وەک پێکهاتەیەک ئەرکو مافی هەبێت، بە شێوەیەک بتوانێت توانایەکی باش بدات بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان، بۆئەمەش نابێت جیاوازیی رێژەی کورسی هەر فراکسیۆنێک کاربکاتە سەر کەمکردنەوەی مافی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکە، چونکە دەشێت فراکسیۆنێک لە یەک کورسی پێکبێت، هەرچەندە پێناسەی فراکسیۆن وا دەکرێت کە بریتییە لە چەند ئەندام پەرلەمانێک، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کورسییەکی پەرلەمان بەتەنیا بە فراکسیۆن دانەنرێت، ئەوەی ئەم بیروڕایەش دەچەسپێنێت، جگە لە پێداویستی دیموکراسییەتی پەرلەمانییو بـواردان بە ئازادیی بیروڕاو یەکسانیی فراکسیۆنەکان لە مافدا، لەگەڵ سیستمی کۆتاو شیاویی پێکهاتنی لیستێکی هەڵبژاردن لە یەک کاندید، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا پەیڕەو کرانو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دەگونجێت.

هەر لە روانگەی بە یاساییکردنی مافو کاری ئۆپۆزسیۆنەوە، خاڵێکی تر کە بەلامانەوە گرنگە، ئەوەیە کە کەمینەی ئۆپۆزسیۆن، بڕوای تەواوی بە کارسازییو رێوشوێنەکانی یاسادانان هەبێتو پێشێلیان نەکات، نابێت بە بیانووی نەگونجانی یاسایەک لەگەڵ بیروڕای خۆیان، یان پشتە سیاسییەکەیان رێوشوێنەکانی یاسادانان بشکێنن، لەبەرئەوەی هەموو فراکسیۆنەکان ئەرکی پاراستنی ئەو رێوشوێنانەیان لەئەستۆیە.

### کۆتایی:

ئەوەی بۆ ئێمە لەم بابەتەدا گرنگە، وەک گەلێک، دەبێت سەرەتایەکی یاسایی دابڕێژین بۆ کاری پەرلەمانیی کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئازادییو دیموکراسیدا بگونجێت. دروستبوونی پەرلەمان لە هەرێمدا لە ساڵی(١٩٩٢) دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ مێژووی پەرلەمانی ئێمە، بەڵام هەموو باشیو خراپییەکانیشی، لایەنەکانی پەیڕەوکردنی یاساو پێشێلکردنی، وەکیەک دەچنە ناو ئەو مێژووەوەو لاکردنەوە بەلای چارەسەری یاسایی بۆ کێشەکانی پەرلەمان، خزمەتێکی زۆری مێژووی دیموکراسیو یاسایی گەلی کوردستان دەکـاتو دەبێتە بەشێکی گرنگ لە کەلتووری سیاسییو یاسایی بۆ گەلی کوردستان. ململانێکانی پەرلەمان، ئەگەر پشتبەستوو نەبن بە یاسا، ئەوا جگە لە رێخۆشکردن بۆ دەستێوەردانی حیزبییو پێشێلی مافی پەرلەمانتارو فراکسیۆنەکان، زیانێکی زۆریش بە دیموکراسیێتی دەسەڵاتو دەستاودەستکردنیو متمانەی نێوان دەنگدەرو نوێنەر دەگەیەنێت، لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان نەتوانێت کاری خۆی بەیاسایی بکات، ئەمە مانای شکستێکی گەورەیە لە داڕشتنی بنەماکانی دەوڵەتی یاسا.

*** ماستەر لە فەلسەفەی یاساو مافی مرۆڤ.**
**دکتۆرای فەلسەفە لە یاسای گشتی.**

# چۆن چاکسازیی لە پەرلە

پەرلەمانی کوردستان یەکەمین دامەزراوەی یاسایی‌و تەشریعی هەرێمی کوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە کە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵەو سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە، بە رای شارەزایان‌و چاودێران پێویستی بە چاکسازیی‌و گۆڕانکارییە.
(رۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەکی لەم بارەیەوە کردووەتەوەو چاوەڕوانی بۆچوونی جدیی‌و رەخنەگرانەی کەسانی شارەزاو چاودێران‌و پەرلەمانتارانە، کە بە تێڕوانینەکانیان دۆسیەکە دەوڵەمەند بکەن.
دۆسیەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم بوارانەی کاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان (پەیڕەوە ناوخۆییەکەی).
٢- کەسایەتی ئەندام پەرلەمان.
٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمان‌و مووچەی پەرلەمانتاران‌و خانەنشینکردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێکهێنانی هێزێکی بێلایەن بۆ پاسەوانیکردنی دامەزراوەی پەرلەمان.

ئامادەکردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

## چەند لێکدانەوەیەکی یاساناسیی بۆ چەند لایەنێکی کاری پەرلەما

د.تەها عومەر رەشید *





لـەم نووسینەدا هـەوڵـدەدەیـن تیشک بخەینەسەر چەند لایەنێکی کاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان‌و لێکدانەوەیەکی یاسایی بۆ بکەین، تا بزانین بنەمای کارکردنی دەزگای یاسادانانی هەرێم تا چەندە پشتبەستووە بە رێوشوێنە یاساییەکان‌و لە راڤەکاری یاساناسیی- فیقهی- دا کام وەسفە لەخۆی دەگرێت، بۆیە لێرەدا باس لە چوار لایەن دەکەین کە بە بڕوای ئێمە، بەشێکن لە کێشەی یاسایی هەنووکەیی پەرلەمان‌و کاریگەریی نەرێییان هەیە بۆ سەر بەیاساییکردنی دامەزراوەکانی دەسەڵات‌و پاراستنی ئازادیی‌و بەرقەرارکردنی دیموکراسی.

### ئازادیی بیروڕای پەرلەمانتارو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان گرنگییەکی زۆری هەیە لە رووی چالاککردنی پەرلەمان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە دەستوورییەکانی، بۆیە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، تەنیا وەک سیستمێکی شێوەیی کارڕایی سەیرناکرێت، بەڵکو بابەتێکی سیاسیی‌و یاسایی گرنگەو پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە لە راییکردنی کاروبارەکانی پەرلەمان لەلایەکو لە لایەکی تریشەوە بە دیموکراسیی‌و شێوازی ئاڵوگۆڕی بیروڕاو رادەربڕینی ئەندامان، بۆیە دەشێت ببێتە رێخۆشکەر بۆ دیموکراسیێتی پەرلەمانیی، یان رێگر بێت لە بەدیموکراسیبوونی کاری پەرلەمان، بۆیە دەبینین ئەم بابەتە جێگەی سەرنجدانی قوڵی فیقهی دەستوورییە.

بەر لە هەر شتێک، پێویستە کەمێک باس لە سروشتی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەین‌و بپرسین، ئایا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سروشتێکی دەستووریی هەیە، یان یاسای ئاسایی، یان خاوەنی سروشتێکی تایبەت بە خۆیەتی؟

لەم رووە چەند بیروڕایەکەی فیقهی هەن، هەندێک لایانوایە کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سروشتێکی دەستووریی هەیە، چونکە - وەک دەستوور - ئەرکی بابەتی دەســەڵاتــە گشتییەکان‌و رێکخستنیان جێبەجێدەکات، بەتایبەتیش لە رووی چۆنێتیی رێکخستنی دەسەڵاتی پەرلەمان‌و پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەم سیستمە درێژکراوەی دەقی دەستوورییە، لە کاتێکدا رای دووەم پێداگریی لەوە دەکات کە پەیڕەو سروشتی دەستووریی نییە، بەڵکو تەنیا یاسایەکی ئاساییە وەک هەر یاسایەکی تر کە پەرلەمان دەریدەکات، چونکە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەلایەن یاسادانەری پەرلەمانەوە دەردەچێت، نەک یاسادانەری دەستووریی، لەهەمانکاتدا بە پرۆسەی دانانی دەستووردا تێناپەڕێت - بۆ نموونە راپرسی لەسەر ناکرێت - بەڵکو تەنیا بە دەنگدان لەسەری لەلایەن پەرلەمانەوە کۆتاییدێت.

لەگەڵ ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەدا، بۆچوونێکی تر لای وایە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، نە یاسایەکی دەستوورییەو نە ئاسایی، بەڵکو سیستم یان بڕیارێکی ناوخۆی تایبەت بە پەرلەمانە کە بە بڕوای ئێمە، ئەمە بۆچوونێکی راستە، چونکە خۆدانە دەست هەر بۆچوونێکی جیاواز لەمە، دەرئەنجامی ناکۆک لەگەڵ واتای یاسای دەستووریی‌و ئاسایی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یاسایەکی دەستووریی بێت، ئەوا چۆن دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار بکرێت؟ یان پابەندییەکەی چییە بۆ دەسەڵاتی پەرلەمان‌و جێبەجێکردن؟

هەروەها وەک یاسایەکی ئاساییش نییە، چونکە هەرچەندە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، بەڵام نە بە پێشنیازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت‌و نە ئەم دەسەڵاتەش دوای دەرچـوونـی لە پەرلەمان پەسەند، یان رەتی دەکاتەوە،وە بە هیچ شێوەیەک دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا، مافی نییە داوای دانانی پەیڕەو یان هەمواری لە پەرلەمان بکات، کەواتە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان خاوەنی سروشتێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بریتییە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان‌و ئەم سروشتەی ئەو خەسڵەتەی پێدەبەخشێت، کە بنەمای کاری پەرلەمانیی بێت‌و دەسەڵاتی یاسادانەری دەستووریی‌و جێبەجێکردن دەستنەخەنە ناو پەیڕەوەکەو لەهەموو بارێکیشدا نابێت دەقەکانی پێچەوانەی دەقی یاسای ئاسایی، یان دەستووریی بن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە رووی پلەبەندیی‌و ستراکچەری یاساییەوە، دەکەوێتە نزمتر لە دەقە دەستووریی‌و یاسا ئاساییەکان‌و بەڵگەیەکی تریش بۆ بۆچوونەکەمان ئەوەیە کە هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆی پەرلەمان، خەسڵەتی پابەندی نییە بۆ پەرلەمانی دوای خۆی، بەڵکو پابەندی پەیڕەوەکە بە کۆتایی ماوەی خولی پەرلەمان کۆتاییدێت‌و پێویستە هەر پەرلەمانێکی تازە هەڵبژێردراو دوای هەڵبژاردنی سـەرۆک‌و جێگرەکانی، پەیڕەوێک بۆ کارەکانی خۆی دابنێت،بە پێچەوانەی دەستوورو یاسا ئاساییەکان کە بە کۆتاییهاتنی ماوەی پەرلەمان، کۆتاییان نایەت‌و وەک دەرئەنجامی ئەم شیکارییەش، دەتوانین بڵێین، ئەو پەیڕەوە ناوخۆییەی

> سیاسیبوونی پەرلەمانتار واتای دەرچوونە لە پابەندبوونی خێڵەکیی‌و ناوچەگەرێتی‌و پیشەگەریی

ئێستا پەرلەمانی کوردستان کـە پەیڕەوی ژمـــارە (١)ی ســاڵـــی (١٩٩٢)ی هەموارکراوەو پەرلەمان کاری پێدەکات، هیچ خەسڵەتێکی پابەندی بۆ ئەم پەرلەمانەی ئێستا نییە. (جگە لە مـادەی ٣٧و ٣٨و ٣٩ تایبەت بە پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان)و بێدەنگیی پەرلەمان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوەکە یان کارپێکردنی، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بێدەنگییە واتای رەزامەندییە، چونکە بێدەنگیی تەنیا بۆ هەندێک لە هەڵسوکەوتە ئیرادەییەکان‌و لە هەندێک باردا نیشانەی رەزامەندییە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە نزیکترین کاتدا ئەم کێشە یاساییە چارەسەربکات‌و یان پەیڕەوێک بۆخۆی دابنێت، یان بە بڕیارێک کارپێکردن بە پەیڕەوی پەرلەمانی پێشوو رابگەیەنێت.

دوای ئەم لێکدانەوە فیقهییە، دەمانەوێت ئەوە بپرسین، لەکاتێکدا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سروشتێکی بەم شێوەیەی هەیە، ئایا کاریگەریی چییە بۆ سـەر ئازادیی بیروڕای پەرلەمانتار، ئایا کاتێک هەندێک لە پەرلەمانتارانی کوردستان زۆرجار پەیڕەوی ناوخۆ بە رێگر لە ئازادیی رادەربڕینیان دەزانن، ئەم بۆچوونەیان راستە؟

بەپێی لێکدانەوە فیقهییەکان، سروشتی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، سروشتێکی تایبەتە -وەک باسمانکرد - و ناگاتە ئاستی دەستوور، یان یاسایەکی ئاسایی، کەواتە نابێت پێچەوانەش بێت بۆیان، لە هەمانکاتدا ئازادیی بیروڕا سەرچاوەکەی دەستوور، یان یاسای ئاساییە، کەواتە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناتوانێت ئەو ئازادییە رەتبکاتەوە، یان کەمیبکاتەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - هەرچەندە بەبڕوای ئێمە، خەسڵەتی پابەندی بۆ ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان نییە - ناتوانێت رێگر بێت لە ئازادیی بیروڕا.

پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت میکانیزمی قسەکردن‌وئاڵوگۆڕی‌بیروڕای‌پەرلەمانتاران‌و فراکسیۆنەکان دیـاری بکات، وەک دەقی وردەکاریی پابەند بۆ ناوخۆی پەلەمان، نەک رێگر بێت لە رادەربڕین.

هەرچەندە تا ئەم ئاستەی لێکدانەوەکە، ئـەوە دەسەلمێت کە پـەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە رووی یاساییەوە ناگاتە ئـەو ئاستەی قۆرغی ئـازادیـی بیروڕای پەرلەمانتار بکات، بـەڵام دەشێت ئاستی لێکدانەوە فیقهییەکە فراواتر سەیربکەین‌و بیبەستینەوە بە یاسای مافەکانی مرۆڤەوە، چونکە سەرچاوەکانی ئەم یاسا نێودەوڵەتییە بەشێکی زۆری ماف‌و ئازادییەکانی مرۆڤ، بە ئازادیی رادەربڕینیشەوە لەخۆدەگرن. لە پلەبەندی یاسایی‌و خەسڵەتی پابەندییان بۆ دەوڵەت، دەکەونە سەرووی دەستوورو یاسا ئاساییەکانیشەوە، کەواتە پاڵپشت بەم سەرچاوانە، ئازادیی بیروڕا نەک بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەڵکو بە دەستوورو یاساش قەدەغەناکرێت‌و ئەمانە لەکاتێکدا خودی پەرلەمان، وەک سروشتی ئاسایی خۆی، شوێنی کۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕا جیاوازەکان‌و لەخۆگرتنی فرەیی سیاسیی‌و رۆشنبیرییە جیاوازەکانە، بۆیە پێویستە ئەو یاساو سیستمانەی کاری پەرلەمانیی رێکدەخەن، گونجاوبن لەگەڵ سروشتی کارەکەیدا.

ئەم ئازادیی بیروڕایە لە پەرلەماندا، لەبەرئەوەی بابەتێکی ژیارییەو پەیوەستە بە فرەیی سیاسیی‌و تۆلێرانسەوە، بۆیە پێویستە لە سەر دوو ئاست فراوانبکرێت، یەکەم: لەسەر ئاستی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوانیانداو دووەمیش: لەسەر ئاستی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، بەتایبەتی لە نێوان کەمینەی ئۆپۆزسیۆن‌و زۆرینەی دەسەڵاتدا.

> تا ئێستا کاری فراکسیۆنەکانی پەرلەمان‌و فراکسیۆنە

### کەسێتیی پەرلەمانتارو پابەندی بە پشتە سیاسییەکەیەوە

(جـان مـاری دانـکـان )لـە کتێبێکیدا بـە ناونیشانی (علم السياسة) باس لـەوەدەکـات، کەسێتیی پەرلەمانتار دوو شێوە کەسێتییە، یەکەمیان ناودەنێت (سنج) و ئەو پەرلەمانتارانەن کاری سیاسیی وەک بەرهەمێکی دەروونی تایبەت سەیردەکەن‌و وەک -مثل العليا- بڕوایان بە ئایدیای حیزبەکەیان‌و فەرمانی سەرکردەکانی هەیە، دووەمیشیان ناودەنێت هەلپەرست (الانتهازي) کە ئەو پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە، وەک سەرچاوەیەکی دارایـی‌و بژێویی لە کاری سیاسیی دەڕوانن.

ئەگەرچی ئەم دوو خەسڵەتە بۆ مرۆڤ تەنیا بە بوونە ئەندامی پەرلەمان دروستنابن، بەڵکو پەیوەندیی بە مێژووی پێش چوونە پەرلەمانیش هەیە، یاخود دەشێت پەرلەمان کەسێتییەکی لەم شێوەیە بە پەرلەمانتار ببەخشێت، بەڵام کەسێتیی پەرلەمانتار پێویستە لەوە بەدەربێت کە لە یەکێک لەو دوو شێوەیەدا خۆی بنوێنێت، چونکە بەر لەهەر شتێک کاری پەرلەمانیی، کاری نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی خەڵکەو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی‌و سیاسیی‌و یاساییشە.

یەکێک لەهەرە خەسڵەتە سروشتی‌و ئاساییەکانی ئەندام پەرلەمان، ئەوەیە کە هەڵگری ئایدیایەکی سیاسیی بێت، یاخود بە واتایەکی دیاریکراوتر کەسێکی حیزبیی بێت‌و بە ئاشکرا ئەندام یان لایەنگری حیزبێک یان لایەنێکی سیاسیی بێت‌و هەر لەمەشەوە سروشتی‌و ئاساییە داکۆکیی لە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی حیزب، یان پشتە سیاسییەکەی بکات. سیاسیبوونی پەرلەمانتار - بە مانایەکی فراوانترلەکاری‌حیزبیی -وەک پێداویستییەکی کاری پەرلەمانیش سەیردەکرێت، چونکە سیاسیبوونی پەرلەمانتار واتای دەرچوونە لە پابەندبوونی خێڵەکیی‌و ناوچەگەرێتی‌و پیشەگەریی کە هەموویان لەگەڵ سروشتی کـاری پەرلەمان ناکۆکن، سیاسیبوون پەیوەستە بە نوێنەرایەتییەکی فراوانترو سیاسیی کە نوێنەرایەتیی گەلە.

رێکخستنی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانتارو پشتە سیاسییەکەی، یان حیزبەکەی بابەتێکی گرنگ‌و هەستیارەو راستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئاستی نوێنەرایەتیی پەرلەمانتار بۆ گەل، ئەمەش بۆ رێگرتن لەوەی پەرلەمان ببێتە نێوەندێکی سیاسیی بۆ حیزبێک، یان چەند حیزبێکی هاوپەیمان‌و خەسڵەتی نوێنەرایەتیکردنی گەل لەدەستبدات، واتا کێشەی رێکخستنی پەیوەندییەکە لەوەدایە کە چی بکرێت تا هەیمەنەی حیزب بەسەر پەرلەمانەوە نەبینرێت‌و پەرلەمان وەک دەزگایەکی دەوڵەت کاربکات. ئەم جیاوازیی رێکخستنە لە سیستمە سیاسییەکاندا بە دوو شێوە دەرکەوتووە، یەکەمیان ئەو شێوازەیە، حیزب بەتەواوی ئاراستەی پەرلەمانتارەکانی خۆی دەکـات‌و ئەوانیش گوێڕایەڵێکی بە ئەمەکی حیزب دەبن‌و لە وتەی دەرناچن، وەک شێوازی بەریتانی کە پێیدەوترێت شێوازی بەستو(جامد)، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەرلەمانتار ئازادیی تەواوی هەیە بۆ رادەربڕین لە پەرلەماندا، ئەگەر پێچەوانەی بەرنامەی حیزبەکەشی بێت، کە ئەمەیان شێوازی (نەرم- مرن)ە.

لەڕاستیدا، چەندین تیۆری فیقهی باس لەپەیوەندیی نێوان دەنگدەر-گەل-و نوێنەرەکانی دەکـەن لە پەرلەمان، وەک تیۆری بریکارنامەی ئیلزامی‌و بریکارنامەی گشتیی پەرلەمان‌و تیۆری هەڵبژاردن، بەڵام لە فیقهی دەستووریدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بە راڤەی پەیوەندیی نێوان ئەندام پەرلەمان‌و پشتە سیاسییەکەی نـەدراوە، کە ئایا ئەم پەیوەندییە لە پەیوەندییەکی سیاسییەوە دەکرێت بکرێتە پەیوەندییەکی رێکخراو بە یاسا؟ گرنگیی ئەمەش لـەوەدایـە کە بەیاساییکردنی پەیوەندییەکە هەموو هێڵەکانی

# سەردەشت لەبیرکرا



راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دوای تۆمەتبارکردنی بە «بوونی پەیوەندیی بە باندی تیرۆریستییەوە» داخرا، رۆژنامەنووسان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بنەماڵەکەشی لە ئێستادا بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا لەبەردەمی کۆلیژەکەی خۆی لە هەولێری پایەتەخت لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رفێنراو دوای دوو رۆژ تەرمەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە، دوای نارەزایەتییەکی زۆری بنەماڵەکەی‌و رۆژنامەنووسان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و ناوخۆیی‌و دەرەکی، حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی نهێنی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆرکردنەکەی پێکهێناو دوای ئاشکراکردنی ئەنجامەکەشی راگەیەنرا، کە «سەردەشت پەیوەندیی هەبووە بە رێکخراوی تیرۆریستییەوەو بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبووە چیتر ئیشیان لەگەڵ بکات، تیرۆریان کردووە»، ئەمەش بۆ ماوەیەکی کورت نارەزایەتیی بە دوای خۆیدا هێنا، بەڵام لە ئێستادا بێدەنگییەکی نامۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە هەستپێدەکرێت، بە جۆرێک کە نیگەرانیی لای بنەماڵەکەی دروستکردووە.

بەشدار عوسمان، برای رۆژنامەنووسی تیرۆرکراو (سەردەشت عوسمان) بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو کەیسە کەیسی رۆژنامەنووسان‌و دەسەڵاتە، نەک بە تەنیا بنەماڵەکەی، ئێمە نازانین بۆچی رۆژنامەنووسان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەیسەکە ناجوڵێنن، بۆچی قسەی لەسەر ناکەن دوای ئەوەی تۆمەتی بۆ دروستکرا، ئیتر بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەمە پەیامێک بوو بۆ رۆژنامەنووسان».

بە وتەی برای شەهید، لە ئێستادا هەر کەسێک بیەوێت ئیش لەسەر ئەو کەیسە بکات «ئێمە دەستی دەگوشین‌و هاوکاریی دەکەین، بە تایبەتی لە ئێستادا کە دەمانەوێت پەیکەری ئازادیی بۆ سەردەشت لە شوێنی رفاندنیدا دابنێین، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەولێر لێناگەرێن ئەوە بکەین».

بنەماڵەکەی سەردەشت داواکارن کە دووبارە کەیسی سەردەشت زیندوو بکرێتەوەو کەمپەینی بۆ پێکبهێنرێت، هەروەک بەشدار وتی: «بێدەنگیی‌و دیزە بەدەرخۆنەکردنی ئەو کەیسە پەیامێکی زۆر ترسناکە بۆ هەموو ئازادیخوازان‌و رۆژنامەنووسان».

سەرەتای ئەم هەفتەیە، ساڵیادی راگەیاندنی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بوو، هەر بۆیە دەبوو رۆژنامەنووسان هەر هیچ نەبێت لەو رۆژەدا داوای خوێنی ئەو رۆژنامەنووسە بکەن‌و فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن بۆ پێکهێنانی لیژنەی نوێ بۆ دووبارە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەیدا.

نیاز عەبدولڵا، رۆژنامەنووس لە هەولێر ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەروو کە لە هەرێمی کوردستان زۆرجار لەگەڵ ئەو دۆخەی کە هەیە بە جۆرێک لە هەڵچوونەوە مامەڵە دەکرێت‌و بەرنامەیەکی پێشوەخت نییە بۆ مەسەلەکان، وتیشی: «پێموایە ئەمەی کە لە پرسی کەیسی سەردەشت عوسماندا هەیەو بە بێدەنگیی ناودەبرێت، بێدەنگیی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پلان پێ دەزانم کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەستیانەوەیە کە ئەنجامی بدەن، هەرچەندە ئەمەندە بەس نییە، بەڵکو پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەوانەی کە کارەکانیان تایبەتە بە پرسی مافەکانی مرۆڤ‌و ئەو رێکخراوانەی کە کارەکانیان تایبەتە بە پرسی داکۆکیکردن لە مافەکانی رۆژنامەنووسان ئەرکیانە کە بەردەوامبن لە بەدواداچوون بۆ ئەم کەیسە».

لە مادەی (١٩)ی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە؛ کە مرۆڤ نابێت رێگریی لێبکرێت لە ئازادیی رادەبرین‌و وەرگرتنی زانیاریی، ئەو خاڵەش بە تایبەت پەیوەندە بە رۆژنامەنوسان‌و کەیسی سەردەشتیش بەدەر نییە لەو مەسەلەیە، هەربۆیە بە بڕوای نیاز پێویست بوو کە «لە رێککەوتنی ساڵیادی راگەیاندنی جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا دەزگا راگەیاندنەکان قسەیان لەسەر پرسی ئازادیی رادەربڕین‌و دەستکەوتنی زانیاریی‌و بە تایبەتیش تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس لەسەر دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی، بکردایە».

سەبارەت بە پیادەکردنی ئەو جارنامەیە لە کوردستاندا، ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەی درکاند، کە لە رووی بانگەشەوە هەموو حیزبەکان لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیاندا جەختیان لەسەر نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزیی‌و مافەکانی مرۆڤ کردووەتەوە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا «ئەم حیزبانە خۆیان بەرهەمهێنەری کۆمەڵێک توندوتیژیی بوون جا توندوتیژیی سیاسیی بووبێت، یان کۆمەڵایەتیی، یان ئابووریی، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەک لە بەرپرسانمان لە قۆناغی خەباتی شاخدا دەستیان بە خوێنی خەڵکانێک سووربووەو ئێستا بەبێ ئەوەی جارێکی تر چاکسازیی دەروونیی‌و کۆمەڵایەتییان پێشکەش بکرێت، بەرپرسیارێتییان پێدراوە، هەربۆیە بروایان بە کۆمەڵێک توندوتیژیی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، بە جۆرێک کە ناتوانن جارێکی تر پابەندبن بە کۆمەڵێک یاساو بنەما کە پەیوەندیدارە بە ئاسایش‌و کەرامەتی ئینسانەوە».

بە بڕوای ئەو رۆژنامەنووسە (سەردەشت) لەبیرنەچووەتەوەو هەرگیزیش لە بیر نا چێتە و ە ، وتیشی: «ئەو کەیسە بووە بە پەڵەیەکی رەش‌و ناشرین بە ناوچاوانی هەرێمی کوردستانەوە، چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی ئەمەیان کردووە بە ئەرشیف، هەر بۆیە ئەرکی رۆژنامەنووسان‌و رێکخراوەکانە چەندین هەڵمەتی تر رێکبخەن، چونکە هەر بێدەنگبوونێک لە کەیسی سەردەشت، هێنانەدی ئامانجی ئەو لیژنەیەیە کە سەردەشتیان بە تیرۆریست ناوهێنا».

بێدەنگبوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاست کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشتدا پێویستە ئەستەم بێت‌و شتێکە کە هەرگیز چاوەڕوان ناکرێت‌و نابێت رووبدات.

شۆڕش ئەمین؛ چالاک لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئەندامی کەمپەینی سەردەشت عوسمان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە بێدەنگ نەبووین، بەڵکو چاوەڕوانی دوا راپۆرتی لیژنە حکومییەکەین، چونکە ئێمە بەو ئەنجامە رازی نەبووین‌و ئەوانیش پێیان راگەیاندین کە روونکردنەوەی زیاترمان دەدەنێ، بۆیە لە ئێستادا جۆرێک لە بێدەنگبوون بەدی دەکرێت».

هێزی پێشمەرگە لە هەولێرو سلێمانی، هێزی ناوخۆ لە هەولێرو سلێمانی، ئاسایش لە هەولێرو سلێمانی، بە بڕوای شۆڕش ئەمین دابەش بووە بەسەر دوو حیزبدا، بۆیە «ئێمە ویستمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی سەر بە رێکخراوەکان‌و رۆژنامەنووسان‌و خانەوادەی سەردەشت، بەشداریی بکەن کە ئەنجامەکان بۆ هەموو کەس ئاشکرا بێت، هاوکات بۆ ئەوەی کەسانێک ئەگەر زانیارییان لابێت، بێ ترس پەیوەندیی بەو لیژنەیەوە بکەن، بەڵام لەو بێدەنگییەی کە لیژنەکە لەدوای راپۆرتی لێکۆڵینەوەکەوە نواندوویانە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی بڵاوکرانەوە هیچی راستیی نەبوون».

رێکخراوەکان بە نیازن ساڵانە یادی تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە بکەنەوە، بەردەوام بن لە چالاکیی، ئەمین وتیشی: «ناکرێت ئێمە لە وڵاتێکدابین کە بەردەوام باسی دیموکراتیی دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتێکمان هەیە کە گوێ ناگرێت، وەڵام ناداتەوە، هیچ ئیعتبارێک بۆ چالاکیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و نارەزاییەکان دانانێت».

> بەشدار عوسمان: ئێمە نازانین بۆچی رۆژنامەنووسان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەیسەکە ناجوڵێنن؟

> رۆژنامەنووسێک: ئەمەی لە کەیسی سەردەشت عوسماندا هەیە بێدەنگیی نییە، بەڵکو بە پلانێکی دەزانم کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەستیانەوەیە کە ئەنجامی بدەن



«پێویستە لێکۆڵینەوە لە بودجەی یەکێتیی مامۆستایان بکرێت» 16

**ڕاڤەی بودجە**

## پێشمەرگەو حکومەتی ناوەندی

عەلی حەمەساڵح

یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی کە لەنێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەچارەسەر نەگەیشتووە، کێشەی پێشمەرگەیە کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیە، خەرجییەکانی پێشمەرگەیە. هەرچەندە پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) بەشێکە لە هێزی بەرگریی عێراقی، بەڵام حکومەتی ناوەندی تا ئێستا وەک هێزی بەرگریی عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووە، بەتایبەت لە ڕوانگەی بودجەو خەرجیی هێزی پێشمەرگەوە.

وەک ئاشکرایە هەموو ساڵێک کە بودجە پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، کێشەو ململانێ لەسەر ئەم مەسەلەیە هاتووەتە گۆڕێو لە کۆتاییدا وا ڕێککەوتوون کە ئەم کێشەیە لەنێوان هەرێمو بەغدا چارەسەر بکرێت، بەڵام هەرێم بەدەنگ ئەم مەسەلە گرنگەوە نەهاتووەو نەیتوانیوە کەموکورتیەکان چارەسەر بکاتو بەناچاریی ئەو بودجە زۆرە لە ١٧٪ی هەموو ساڵێک دراوە کە ئەمەش قسە زۆر هەڵدەگرێتو بۆ ئەڵقەکانی داهاتووی بەجێ دێڵم.

هەرچەندە چارەسەرکردنی گرفتی هێزی پێشمەرگە لەنێو ڕیزبەندی داخوازییەکانی کورددا هەیە (١٩ خاڵی داواکارییەکانی کورد)، بەڵام تا ئێستاو بە ئەندازەی وەرگرتنی چەند پۆستێک، پێداگریی لەسەر چارەسەرکردنی ئەم گرفتە نەکراوە. ئەم نووسینە هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی ئەو پرسەی، کە ئایا چارەسەرکردنی گرفتی پێشمەرگە پێویستی بەوە نەدەبوو لە ڕیزبەندی داواکارییەکانی کورددا بێت لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقی؟ ئایا چارەسەرکردنی گرفتی پێشمەرگە لەنێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمدا، گرنگ بوو، یاخود پۆستی سەرۆک کۆمارو وەرگرتنی چەند وەزارەتێکی دیکە؟

ئەو بڕە پارەیەی کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بۆ پێشمەرگە خەرجکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، (٩٧٦) ملیارو( ٦٦٦)ملیۆن دینار بووە، بۆ ئەمساڵیش جگە لە پرۆژەکان، تەنیا بۆ خەرجیی بەکاربردنی وەزارەتی پێشمەرگە، (٨٣٥)ملیار دینار تەرخانکراوەو بە پێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداریش «خەرجییەکانو پرۆژەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەی ئەمساڵو ساڵی ڕابردوودا، لە (٢)ترلیۆن دینار نزیک دەبێتەوە»، ئەگەر سیاسییەکانی کورد پێداگرییان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە بکردایە، بەو (٢)ترلیۆن دینارە بەشێکی زۆری گرفتەکانی حکومەتی هەرێم چارەسەر دەبوو، چۆن؟

سەرجەم ئەو پارانەی بۆ پرۆژەکانی ئەمساڵ تەرخانکراون، (٩٨٦)ملیار دینارە (هەرچەندە ئەم پارەیە هەمووی خەرج نەکراوەو لەنووسینی ئایندەدا قسەی لەسەر دەکەم)، ئەگەر ئەو (٩٨٦ )ملیار دینارە کە بۆ سەرجەم پرۆژەکان تەرخانکراوە، خەرجیش کرابێت، بەقەد ئەو پارەیەیە کە لە ساڵێکدا بۆ پێشمەرگە خەرجکراوە، ئەی کەواتە بۆ سیاسییەکانی کورد، پێش داواکردنی پۆستی سەرۆک کۆمار، داوای چارەسەرکردنی ئەو گرفتەیان نەکرد، ئایا ساڵێکی سەرۆک کۆماری بەئەندازەی ئەو پرۆژانە خزمەت بە کورد دەکات کە لەهەمان ساڵدا دەکرێت، ئایا پۆستی سەرۆک کۆمار زیاتر خزمەت بە ئێمە دەکات، یان ئەو (٢) ترلیۆن دینارە کە (١١٠٠)قوتابخانەی (٢٧)پۆلی پێ دروستدەکرا لە دوو ساڵدا؟، ئایا پۆستی سەرۆک کۆمار سوودی زیاتری بۆ ئێمە دەبێت، یان ئەو (٢)ترلیۆن دینارەی کە (١٤٨) نەخۆشخانەی گشتیی (٢٠٠)قەرەوێڵەیی پێ دروستدەکرا، نەک بە ئەندازەی پۆستی سەرۆک کۆمار، بەڵکو بە ئەندازەی وەرگرتنی وەزارەتێکی سیادییو چەند وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی، سەرانی کورد پێداگرییان لەمە نەکردووە، بۆ؟

ئایا ئەگەر کورد پرسی چارەسەرنەکردنی گرفتی پێشمەرگە نەکاتە پرسی سەرەکی، دەتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات؟

بۆ قسەکردن لەسەر ئەمە، دەبێت بگەڕێینەوە سەر خەرجییەکانی هێزی بەرگرییو ناوخۆی عێراق.

لە ڕاپۆرتێکدا، ڕۆژنامەی واشنتن پۆست لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڵاوی کردووەتەوە، لە ماوەی (٧)ساڵی ڕابردوودا نزیکەی (٢٤)ملیار دۆلار بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای هێزەکانی ئاسایشی عێراق خەرجکراوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە هیچ پێشڕەوییەکی بەرچاو لە توانای ئەو هێزانەدا بکرێت، واتە ئەو پارەیەی کە بۆ بەهێزکردنی توانای هێزەکانی ناوخۆی عێراق.

هەر بەپێی هەمان ڕاپۆرت، لەسەرەتای (٢٠١١)وە، ساڵانە عێراق پێویستی بە (٦٠٠)ملیۆن دۆلار هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو پێداویستییە سەربازییانەی هەیەتی کە بە (١٠)ملیار مەزندە کراوە، بەڵام لەمساڵدا تەنیا (٤٠)ملیۆن دۆلار بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکراوە، ئایا ئەگەر حکومەتی ناوەندی نەتوانێت پارەی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوەی پێداویستییە سەربازییەکانی دابین بکات، ئامادەیی ئەوەی تێدا دەبێت چەندین ئەوەندەی ئەو پارەیەی بۆ نۆژەنکردنەوەی پێداویستییە سەربازییەکانی تەرخانی دەکات، بیداتە هێزی پێشمەرگە؟

ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی پێشمەرگە لەنێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەرەتا ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو دوورخستنەوەیەتی لە حیزبو کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستییەکانییەتی، پاشان پێداگرییو بەمەرجکردنی ئەم پرسەیە لەلایەن بەرپرسانی کوردەوە، بەلای کەمەوە بەئەندازەی ئەو پێداگرییەی کە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمارو چەند وەزارەتێک کردیان.

### عێراق، هەرێم بە پێدانی نەوت، یان پارە پابەند دەکات

# بودجەی (٢٠١١) کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

**حکومەتی عێراق، هەرێم پابەند دەکات بەوەی، ڕۆژانە (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، یان ئەو پارەیە لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی بودجە دەبڕیت، ئەمەش بە بڕوای شارەزایانی بواری نەوت کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا قووڵتر دەکاتەوە**



پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، کە بڕیار وایە لەم هەفتەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لە بڕگەی (ب) مادەی یەکەمیدا، هەرێم پابەند دەکات بە ناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بۆ دەرەوەو داهاتەکەشی دەخرێتە سندووقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (DFI)، ئەمەش دوای لێشکاندنی (٥٪)ی ئەو پارەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی جەنگی کوەیت، یان هەر ڕێژەیەکی دیکە بۆ هەر مەبەستێکی دیکە، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بڕیاری لێ بدات، هەر لەو بڕگەیەدا بە ڕوونی ئەوە باسکراوە، کە ئەگەر هەرێم پابەند نەبێت بە ناردنی ئەو (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوتە، ئەوا لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی هەرێم دەبڕدرێت.

بە بڕوای د.بایەزید حەسەن، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا قووڵتر دەکاتەوە، چونکە کاتێک حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای بیانی گرێبەستی ئیمزا کردووە، ئەو کۆمپانیایانە بۆ قازانج هاتوونەتە هەرێم، بەڵام بەگوێرەی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراق، کە وای داناوە بەرمیلێک نەوت لە ساڵی (٢٠١١) بە (٧٣) دۆلار بێت ڕۆژانەش (٢) ملیۆنو (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بنێرێتە دەرەوە، کە (١٥٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە لایەن هەرێمەوە ڕەوانە بکرێت، ئەمەش لایەنی کوردستانیی نیگەران دەکات.

ئەم بڕگەیەی حکومەتی عێراق کە لە یاسای بودجەکەدا دایناوە، هاوکاتە لەگەڵ دانپێدا نەنانی حکومەتی عێراقی بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمو خاڵێکی سەرەکیی بووە لە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، هەربۆیە ڕەنگە ئەم بڕگەیەی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١) سوودو قازانجی بۆ هەرێم هەبێت، وەک د.بایەزید، کە هاوکات شارەزای بواری نەوتو گازیشە دەڵێت: «دەکرێت ئەو بڕگەیەی یاسای بودجە وا تەماشا بکرێت، کە دانانێکی لاوەکیی حکومەتی عێراقییە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، چونکە حکومەتی ناوەند کاتێک قبووڵ دەکات کە هەرێم نەوت بنێرێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش دانپێدا بنێت، کە ئەو نەوتە بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی پەیدا بووە، چونکە بە بۆچوونی ئەو شارەزایە بە پێچەوانەوە، ئاماژەیەکی خراپە کاتێک حکومەتی ناوەند داهاتی نەوتەکەی قبووڵەو داوای دەکاتو گرێبەستەکانی قبووڵ نەبێتو دانی پێدا نەنێت.

لەلایەکی دیکەوە، هەرچەندە لە مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراقیدا هاتووە؛ کە داهاتی نەوتو گاز بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان بەسەر عێراقییەکاندا دابەش دەبێت، چاودێرانی بواری ئابووریش پێیانوایە؛ کە پابەندکردنی هەرێم بە ناردنی (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بارێکی گران دەبێت بەسەر حکومەتی هەرێمەوەو ڕەنگە ببێتە هۆی کشانەوەی کۆمپانیا بیانییەکان، شارەزایەکی ئابووریی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو؛ جگە لەوەی لە هەر بەرمیلێک نەوت (١) دۆلار بۆ ئەو پارێزگایەیە، کە نەوتەکەی لێ دەردەهێنرێت، هیچ سوودو داهاتێکی دیکە بۆ هەرێم نامێنێتەوە لە دەرهێنانو گرێبەستە نەوتییەکان، چونکە هەمووی دەچێتەوە سەر بودجەی عێراق، بەمەش ڕەنگە کۆمپانیاکان بکشێنەوە، چونکە سوودو قازانجیان نامێنێت، لە کاتێکدا ئاشکرایە، ئەوان بۆ سەرفکردنی داهات نەهاتوونە هەرێم، بەڵکو بۆ قازانجکردن.

هەر لە پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا، داهاتی (٢٠١١)ی عێراق بە (٧٨) ترلیۆنو (٧٠٥) ملیارو (٢٣٧) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دیناری عێراقیو خەرجیەکان بە (٩٢) ترلیۆنو (٩٨٠) ملیارو (٥٨٢) ملیۆنو (٩٧٠) هەزار دینارە، کە (٢٨) ترلیۆنو (٩٥٧) ملیارو (٩٥٧) ملیۆنو (٨٠٤) هەزار دینار بۆ وەبەرهێنانو (٦٤٠) ترلیۆنو (٢٢٦) ملیارو (٢٥١) ملیۆنو (١٦٦) هەزار دینارە.

بە جیاوازیی نێوان داهاتو خەرجیەکانی بودجەی (٢٠١١)، دەردەکەوێت بودجەکە (١٤) ترلیۆنو (٢٧٥) ملیارو (٣٤٥) ملیۆنو (٤٧٠) هەزار دینار کورتهێنانی هەیە، بۆ ئەمەش وەزیری دارایی عێراق سەرپشک کراوە، کە دەسەڵاتی وەرگرتنی قەرزی هەبێت لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی بە نزیکەی (٤,٥) ملیار دۆلار، هەروەها لە بانکی نێودەوڵەتیش بە بڕی (٢) ملیار دۆلار و بە بەکارهێنانی مافی ڕاکێشانی تایبەت بە بڕی (١,٨) ملیار دۆلار، ئەویش لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە لە بودجەدا دێتە ئاراوە.

وەرگرتنی قەرز بۆ چارەسەری ئەو کورتهێنانی بودجەیەش بە وتەی پسپۆڕانی بواری کاروباری ئابووریی، وەک تیرێکی دوو سەر وایە، ئەگەر نەزانرێت چۆن بەکاردەهێنرێت، د.دلێر حەقی شاوەیس، پسپۆڕی ئابووریی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو؛ کە وەرگرتنی ئەو قەرزە هەنگاوێکی ئیجابییە، ئەگەر پارەکە لە بەگەڕخستنی بواری پیشەسازییو کشتوکاڵو گەشتوگوزار بەکاربهێنرێتو داهاتیان هەبێت کە بتوانرێت قەرزەکەی لێ بدرێتەوەو لە داهاتوودا سەرچاوەیەکی دارایی بێت بۆ وڵات، بەڵام ئەگەر قەرزەکە وەربگیرێتو سەرف بکرێت، بێ ئەوەی داهاتی لێ دەستبکەوێت، ئەوا بە خراپیی دەشکێتەوە، چونکە جگە لە کورتهێنانی بودجەکەی، دەبێت حکومەتی عێراق خەمی دانەوەی قەرزەکانیش بخوات.

لە پرۆژەیاسای بودجەدا، داهاتی نەوتی عێراق بۆ (٢٠١١) بە (٧٠) ترلیۆنو (١٤٢) ملیارو (٩٦٢) ملیۆن دۆلار دانراوە، بەمەش (٨٩,٢٪)ی بودجەی ئەمساڵی عێراق پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت، کە ئەمەش بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسییو شارەزایانی بواری نەوتو ئابووریی کەموکوڕی سستمی بودجەی حکومەت دەسەلمێنێت.

د.دلێر حەقی شاوەیس، ئەو ڕێژەیەی بە لاوە کەم بوو، وتی: «ڕەنگە ڕێژەکە زۆر لەوە زیاتر بێت، چونکە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی عێراق ئەوەیە، کە داهاتی یەکلایەنەیە، ئەم حاڵەتەش ئابوورییەکی شێواوە کە تەنیا بە یەک ڕەهەند پشتی بەستووە، کە ئابووریی نەوتە، هەموو بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیەکیش لە نرخی نەوت کاریگەریی بەسەر ئابووریی وڵاتەوە دەبێت»، وەک ئەو شارەزا ئابوورییە ئاشکرای کرد؛ ئەمە سروشتی ئابووریی عێراقەو بەم جۆرەیە، پەیوەندیی نییە بە شێوازی دانانی بودجەکەوە.

هەروەها وتی: دەبوو لە سەرەتاوە کار بۆ ئەوە بکرێت، کە ئابووریی وڵات فرە ڕەهەند بکرێت، نەک تەنیا پشت بە سەروەتو سامانی سروشتی ببەستێت، پێویستە بەرامبەر بەوە کار بۆ پێشەوەچوونو گەشەکردنی کشتوکاڵو پیشەسازییو بازرگانیو گەشتوگوزار کرابێت، ئەمە کێشەی وڵاتانی ئۆپێکە بە گشتی.

### کێشەی هەرێم

هاوکات، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئەم پشتبەستنەی عێراق بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت دووجار کێشەیە، چونکە لە لایەک ئێمە پشت بەو (١٧٪)یە دەبەستین کە لە بەغداوە بۆمان دێتو لە لایەکی دیکەوە ئەو بودجەیە لە بنەڕەتدا یەک ڕەهەندەو کێشەیە.

ئەمەش بە بۆچوونی د.بایەزید حەسەن، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بێ پلانیی حکومەتی هەرێمە کە زیاد لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ناوچەیەکی گونجاوە بۆ کشتوکاڵو پیشەسازییو بوژاندنەوەی بواری گەشتوگوزار، بەڵام کەموکوڕیی حکومەتی هەرێم لەو لایەنەدا بە ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە، کە تەنیا پشت بە (١٧٪)ی بودجە دەبەستێت، کە لە بەغداوە بۆی دێت.

ئەو پرسیار دەکات؛ حکومەتی هەرێم پلانی چییە، ئەگەر مانگێک حکومەتی عێراق بودجە نەنێرێت بۆ هەرێم؟، ئەگەر نزمبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا ڕوویدات، چۆن چارەسەری ئەو کورتهێنانی بودجەیە دەکات؟

لەگەڵ ئەمانەدا، د.دلێریش، جەختی لەوە کردەوە؛ کە پێویستە حکومەتی عێراقیو حکومەتی هەرێم ئەو ڕاستییە بزانن، کە پشتبەستن تەنیا بە داهاتی نەوت لە بودجەی وڵاتدا، تەنیا بۆ بودجە زیانی نییە، بەڵکو بێکاریی زیاد دەکاتو گرانیی بڵاودەبێتەوە، کاتێک نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، گرانیی بڵاودەبێتەوە، بەڵام کە نرخی نەوتەکە دادەبەزێت بازاڕ هەرزان نابێتو وەک خۆی دەمێنێتەوە.

لەکاتێکدا، حکومەتی عێراقی تەنیا (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا لە هەرێم داوا کردووە، پێش چەند ڕۆژێک وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ڕایگەیاند؛ هەرێم لە ساڵی (٢٠١١) توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە (٢٠٠) بەرمیل نەوتی دەبێت لە ڕۆژێکدا، بەمەش چاودێرانی سیاسیی پێیانوابوو؛ کە هەرێم دەتوانێت تا ڕادەیەک سوود لە گرێبەستە نەوتییەکانی وەربگرێت، چونکە تەنیا (١٥٠) هەزار بەرمیل بە حکومەتی عێراق دەدات، بەڵام ئەم بۆچوونە سەرکەوتوو نابێت، چونکە لە بڕگەی چوارەم مادەی (١٤)ی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)ی عێراقدا هاتووە: کە وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو زیانانە دیاریی دەکات، کە هەر لایەنێک بە نەوتی وڵاتی دەگەیەنێت لە ڕێگەی دەرهێنانی نەوتی خاو و بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ، یان ناردنە دەرەوەی.

د.بایەزید دەڵێت: «ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دەستی هەرێم ببەستنو ڕێگە نەدەن مامەڵە بە نەوتەوە بکات، چونکە (١٥٠) هەزار بەرمیلەکە لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی خۆیەوە دەڕواتو ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە بەرهەم زیاد بکرێت بۆ دابینکردنی پارەی کۆمپانیاکان، ئەوا بەم خاڵە حکومەتی عێراقی دەستی حکومەتی هەرێمی گرتووە، ڕەنگە ئەگەر هەرێم نەوتی زیادە دەربهێنێتو بفرۆشێت، وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕێژەی (١٧٪)ەکەی ببڕێت.

کەواتە بە بە وتەی شارەزایانی ئابوورییو بواری نەوت، بە هەموو شێوەیەک پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١١)، هەموو مامەڵەیەکی هەرێم بە نەوتەوە ڕادەگرێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕۆژی گفتوگۆکردنی پرۆژەیاسای بودجەکە لە پەرلەمانی عێراق، کە تا چەند لایەنی کوردی دەتوانێت گوشار بکات بۆ گۆڕینی ئەو بڕگانەی پرۆژەیاساکە.

## وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان:

# مەلەفی شەڕی ناوخۆ نەدراوەتەوە دەست ئێمە

سازدانی: هەنگاو هاشم

**د. مەجید حەمەد ئەمین؛ وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان باس لەوە دەکات، تاوەکو ئێستا مەلەفی بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ نەگەیشتووەتە وەزارەتەکەیان، ئەمە لەکاتێکدایە لە هەفتەی رابردوو کەسوکاری بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ خۆپیشاندنیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان رێکخست، وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەدا،ئاماژە بەوەش دەکات وەزارەتەکەیان لە ئەنجامی دوو دەزگای حیزبیی دروست بووە.**

**رۆژنامە: ژمارەی ئەو شەهیدانەی تۆمارکراون لەلایەن وەزارەتەکەتانەوە چەندە؟**

* شەهیدان لای ئێمە دابەشکراون بەسەر سێ بەشدا: شەهیدانی جینۆسایدو شەهیدانی سەنگەرو شەهیدانی هاوڵاتیی، ئەو دابەشکردنەش بۆ شێوازی شەهیدبوونەکە دەگەرێتەوە.

**رۆژنامە: لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا بەشێک لە داهاتی نەوت کە وەکو شیرینیی وەرگیراوە، بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراون خەرج بکرێت، ئەمە بەکوێ گەیشتووە؟**

* ئەو بڕە پارەیەی ئاماژەتان پێداوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەزامەندیی لەسەر دراوە کە بڕەکەی (٥٠)ملیۆن دۆلارەو چاوەرێ دەکرێت پەرلەمانیش پەسەندی بکاتو دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمە لە وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان بەرنامەرێژیمان بۆ کردووەو لە سەرتاسەری کوردستان جێبەجێی دەکەین.

**رۆژنامە: لە کابینەی رابردوودا دوو جۆر کارت هەبوو لە وەزارەتی شەهیدان، کە زەردو سەوز بوون، کارتە زەردەکە کاری زیاتر دەڕۆیشت، ئایا ئەمە لەم وەزارەتەی جەنابیشتان بەدی دەکرێت؟**

* من نەمزانیوە کارتی لەم جۆرە هەبێت، لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان تەنیا ناسنامەی شەهید هەیە لەگەڵ دەستپێکردنی سیستمی ئەلکترۆنی، سەرجەم ناسنامەکان دەکرێتە یەکو یەک جۆر ناسنامە بە وارسی شەهید دەدرێت.



د. مەجید حەمەد ئەمین

**رۆژنامە: جیاوازیی شەهیدی سەنگەرو شەهیدی تر چییە، بۆچی جیاوازیی دەکرێن، ئایا کەسانێک هەن لە وەزارەتەکەی ئێوە ناویان هەبێت بە شەهیدو شەهیدیش نەبن؟**

* وەکو ئاگادارن وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانە، لە ئەنجامی دوو دەزگای حزبیی لە هەولێرو سلێمانی دروست بووە، ئەم دوو دەزگایەش بێگومان گرفتو کێشەی خۆی هەبووە، هەندێک لەو کێشانە هاتووەتە ناو وەزارەتی شەهیدان، بەڵام ئێمە بە بەرنامەیەکی تۆکمە خەریکی چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو کێشانەین کە هەستی پێدەکرێت، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەش، سەرقاڵی بە ئەلکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکانی خانەوادەی شەهیدانو ئەنفالکراوانین.

**رۆژنامە: پێتانوایە سەرجەم کەیسەکانی کورد لە دادگای تاوانەکان بە جینۆساید بناسرێن، کاریگەرییان چی دەبێت؟**

* وەکو ئاگادارن تا ئێستا (٣) کەیسی کورد لە دادگای تاوانەکانی عیراق لە بەرژەوەندیی کورد تەواو بووەو هەرسێ کەیسی ئەنفالو هەڵەبجەو کوردە فەیلییەکان بە جینۆساید ناسێنراوە، هیواشمان وایە کەیسی بارزانییەکانیش بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندیی گەلی کورد تەواو بێتو سەرجەم کەیسەکانی تریش رێچکەی قانوونیی خۆیان گرتووەو بەردەوامیی هەیە، وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان لە رێگەی تیمێکی پارێزەران بەدواداچوونی ورد بۆ سەرجەم کەیسەکان دەکات، ئێمە لە ئەدای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق رازین.

**رۆژنامە: هەڵوێستتان چییە دەربارەی ئەوەی تا ئێستا هیچ کۆنە مستەشارێک دەستگیر نەکراوە؟**

* ماوەیەک لەمەوبەر دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، بڕیاری دەستگیرکردنی (٢٥٨)سەرۆک جاشو مستەشاری دەرکرد لە ئەنجامی داوایەکی وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان، کە زادەی سکاڵای کەسوکاری شەهیدان بوو، بەرزمان کردەوە بۆ دادگا، دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەش ئێمە لە رێگەی نووسراوی رەسمیی داوای جێبەجێکردنمان کردووەو بەردەوام دەبین لە بەدواداچوونی ئەم کەیسە تا جێبەجێ دەبێتو دەستگیر دەکرێن، سەبارەت بە هەڵوێستی ئێمەش، ئێمە لەمەوبەر هەڵوێستی خۆمان خستووەتە روو سورین لەسەر ئەو هەڵوێستەمان.

**رۆژنامە: جیاوازیی شەهیدانی حیزبی دەسەڵات لەگەڵ حیزبەکانی تر هەیە، بۆچی هەندێک لایەن شەهیدەکانیان ناویان نییە لای ئێوە؟**

* سەربارەت بە شەهیدی سەرجەم حیزبەکانی کوردستان، ئێمە تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو حیزبانەی کە داوایان پێشکەشکردووە، مامەڵەکانیان کاری بۆ کراوەو شەهیدەکانیان تۆمار کراوەو ئیستیحقاقی خۆیان وەرگرتووە، هەر کاتێکیش هەر کەسێک، یان لایەنێک بزانێت مافی لای ئێمەیەو داواکاریی پێشکەش بکات، ئەوا ئێمە بە یەک چاو سەیری هەموو لایەنەکان دەکەین، لەبەر ئەوەی وەزارەت، وەزارەتی هەموو خەڵکی کوردستانو موڵکی لایەنێک، یان کەسێک نییە.

**رۆژنامە: چەندین کەس بە هۆی شەڕی ناوخۆوە تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنن، ئێوە تا چەند بەدواداچوونتان بۆ ئەمە کردووە، ئایا ئەو کەسانە لای ئێوە بە شەهید نووسراون؟**

* ئەو مەلەفە لای ئێمە نییەو تا ئێستا نەدراوەتەوە دەستی ئێمە.

**رۆژنامە: هۆکاری چییە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری گۆڕەبەکۆمەڵەکان هەڵنەدراونەتەوە، بەربەستەکانی بەردەمی چین؟**

* ئێمە لەمەوبەر رامانگەیاندووە کە نزیکەی (٢٧٦) گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەرتاسەری کوردستان هەیە کە زۆربەیان هی کوردن، ئێمە بەردەوامیشین لە هەڵدانەوەو هێنانەوەی رووفاتی ئەو گۆرانە، تاکو ئێستا ژمارەیەکمان لێ هەڵداونەتەوە لەوانە: (حەیدەریە، توبزاوا، حەزەر، صوریا، گۆڕستانەکانی دبز)، بەڵام ئەوەی دەکرێت لێرە باسی بکەین، یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی(٢٠٠٦)ە، ئەرکی پاراستنو هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی داوەتە دەست وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقیی، وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقیی لەگەڵ ئەوەی هەماهەنگیمان هەیە، بەڵام بە ئەندازەی پێویست هاوکارمان نەبوون، ئەم هاوکارینەکردنەش بە تەواوەتی لە ئامادەکاریی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی حەمرین بەدی دەکرێت، کە ئێمە تا ئێستا چەند جارێک نووسراومان بۆ کردوون، بەڵام بێ سوود بووە، تا وایلێهات ئێمە بڕیارماندا لەو ماوەیەی دادێت، یەکلایەنە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی حەمرین لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەت هەڵبدەینەوە، بە کورتیی، هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەردەوامیی دەبێت تا سەرجەم روفاتی ئەنفالکراوانمان بە خاکی کوردستان شاد دەکەینەوە، لە هەمان کاتدا لە هەوڵداین لە رێگەی پرۆژەیەکەوە داوای هەموارکردنی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) بکەین، دەمەوێت ئەوەش رابگەیەنم کە ئێمە لە سەرەتای مانگی (١)ی ساڵی داهاتوو، سێیەمین کۆنگرەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە شاری هەولێر دەبەستینو تێیدا چەندین تۆژینەوە لەمەڕ گۆرەبەکۆمەڵەکان پێشکەش دەکەین.

**رۆژنامە: بەشێکی زۆر لە وارسی شەهیدان تاوەکو ئێستا خانووی نیشتەجێیان بۆ نەکراوە، هۆکاری چییە؟**

* پێشتریش رامانگەیاندووە کە (٣٦٠٠) خانوو رەزامەندیی بۆ کراوەو لە سەرتاسەری کوردستان جێبەجێدەکرێت، زۆرینەیان تەندەری بۆ کراوەو بەمزووانە دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێتو وەزارەت بەردەوام دەبێت لەسەر دابینکردنی شوێنی نیشتەجێکردن، تا ئەو کاتەی سەرجەم کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان خانووی نیشتەجێیان بۆ دەکرێت.

**رۆژنامە: دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە وەزارەتەکەتان چی کردووە، بۆچی تاوەکو ئێستا هاوڵاتییان کاریگەری کیمیابارانیان بەسەرەوەیە؟**

* تا ئێستا لە رێگەی لیژنەی تایبەت، چارەسەرکردنی بریندارانی هەڵەبجە بەردەوامیی هەیەو ئێمە میوانداریی چەندان پزیشکی تایبەتمەندمان کردووە تا سەردانی هەڵەبجە بکەن، دواییینیان تیمێکی پزیشکیی دانیمارکیی بوو لە بواری دەروونی کە ئێستا خەریکی نۆرینو چارەسەرکردنی بریندارانن، لە رووی نیشتەجێکردنەوە؛ لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری شەهیدان خانوویان بۆ کراوەو بەرنامەرێژیی کراوە، تا خاوەن شەهیدەکانی ئەو شارە لە رێگەی وەبەرهێنان خانوویان بۆ بکەین، لە رووی ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵاتیش؛ ئێمە لەمەوبەر لە رێگەی تیمێکی پزیشکیی بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستیی نۆرینمان بۆ نەخۆشەکانی هەڵەبجە کردووە، دوای ئەوەی بانگەوازمان بۆ کرد، بۆمان دەرکەوت کە (١٦٤) کەس پێویستیان بە چارەسەر هەیە، بەڵام نەخۆشییەکانیان گران نین، تاکو چارەسەری بەپەلەیان بۆ بکەین، (٩٠) کەسیان پێویستییان بە چارەسەر هەیە، لەو ژمارەیە (٤٩) کەسیان پێویستیان بە چارەسەری زۆر بەپەلە هەیە، بۆیە لە چەند رۆژی رابردوودا وەجبەی یەکەم رەوانەی ئیران کرانو چارەسەریان وەرگرتو لە بەرنامەدایە لەم نزیکانە وەجبەی دووەمیش بەرێ بکەین.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بە جینۆساید ناساندنی کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان، خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو هەم بۆ شاری هەڵەبجە، هەم بۆ کوردستانو وەزارەتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان کە رۆڵی گرنگی تێیدا بینی.

**د.مەجید حەمەد ئەمین جەمیل، وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان**
**لە (١٩٦١) لە هەولێر لە دایک بووە.**
**بە کالۆریۆس لە پزیشکییو نەشتەرگەریی گشتییو ماستەر لە کۆمەڵگەو ئاماری پزیشکیی هەیە.**
**لە نەخۆشخانەی رزگاریی فێرکاریی هەولێرو فەرمانگەی تەندروستیی هەولێر خزمەتی کردووەو پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستیی لە وەزارەتی تەندروستیو تەندروستیی هەولێرو وەکیلی وەزارەتی تەندروستیی بووە لە ئیدارەی سلێمانی (١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٢).**

# تائێستا خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کۆیە دروست نەکراوە

راپۆرتی، ئاری سابیر

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ، تائێستا خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کۆیە دروست نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی خانووەکان لە (٦١٠) خانووەوە کەمکراونەتەوە بۆ (١٥٠) خانوو.

ماوەی دوو ساڵە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بە دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی سنووری قەزای کۆیە، بەڵام تائێستا بڕیارەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەپێی بڕیاری وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانیش؛ ئەو خانووانەی بڕیاربوو دروست بکرێت بۆ وارسی ئەنفال، لە (٦١٠) خانووەوە کەمکراوەتەوە بۆ (١٥٠) خانوو، ئەوەش نیگەرانیی لە لای کەسوکاری ئەنفالەکان دروستکردووە.

بەندی لوقمان، (٢٢) ساڵ، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی کە باوکی ئەنفالە، بە رۆژنامەی وت: «حکومەت هیچ گرنگییەکی بە کەسوکاری ئەنفالەکان نەداوە لە کۆیە، جیاوازیی زۆری کردووە لەنێوان خەڵکی ئەنفالی کۆیەو شارەکانی تری کوردستان لە کەلارو کفریو چەمچەماڵ، خانووی بۆ کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال دروستکردووە، لە کۆیەش یەک پارچە زەوییان پێداوین، ئەویش بە دە ساڵی دیکە خزمەتگوزاریی پێ ناگات».

وتیشی: «بڕیاربوو (٦١٠) خانوو بۆ ئێمە دروست بکرێت، بەڵام ئێستا بە بڕیارێک کەمکراوەتەوە بۆ (١٥٠) خانوو، ئەمەش زۆر کەمە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی سنووری قەزای کۆیە. کێشە لەنێوان کەسوکاری ئەنفالیش دروست دەکات، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بگرێتو قەرەبوویان بکاتەوەو پەراوێزیان نەخات».

ئەنفالی دەشتی کۆیە، کە بە ئەنفالی چوار ناسراوە، زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی لە گوندەکانی کۆیە ئەنفالکراون، کە زۆربەیان سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیانی بەرکەوتووە، کەسوکاری ئەنفالکراوانی ئەو سنوورەش زۆربەیان لە ناحیەی تەقتەقو قەزای کۆیە دادەنیشن، ژمارەیان (٦٣٠) واریسە.

تالیب حەمەد، کە باوکیو (٦٦) هاوڵاتی دیکەی گوندەکەیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون لە دەشتی کۆیە، رەخنەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت کە وەک پێویست هاوکاریی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کۆیەی نەکردووە، وتی: «ئێمە هەموو ژیانمان لەسەر کورد داناوە، باوکو کەسوکارەکانمان زیندەبەچاڵکراون تەرمەکانیشمان دەست نەکەوتنەوە، کەچی تاکو ئێستا خانوویەکی باشمان نییە تیایدا بژین وەک خەڵک، پێویست بوو حکومەتی هەرێم هەموو کارێکی بکردایە بۆ کەسوکاری ئەنفال، کە وێنەی نەبێت، لەبەر ئەوەی زامەکەمان ئەوەندە گەورەیە قەت لەبیر ناچێتەوە».

بەپێی نووسراوی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٢٢٨٣)، کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ ئاراستەی وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکان کراوە، داوا کراوە لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)، (٦١٠) خانوو لە قەزای کۆیە بۆ وارسی ئەنفال دروست بکرێت، بەڵام تاکو ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە.



کۆیە، خۆپیشاندانی کەسوکاری ئەنفالکراوان

فۆتۆ: ئاری

سەبارەت بە جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕیارەو کەمکردنەوەی ژمارەی خانووەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی سنووری قەزای کۆیە، کرمانج عەبدوڵڵا، لێپرسراوی بەشی ئەنفالکراوەکان لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانی کۆیە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەو کێشەیە کردووە لە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، پێیانڕاگەیاندین؛ وەزارەت لە توانایدایە لە هەموو سنووری پارێزگاری هەولێر (٦٠٠) خانوو دروستبکاتو (١٥٠) خانووی بەر قەزای کۆیە دەکەوێت، بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بکرێت بە کارکردن تێیدا».

وتیشی: «چەند مەرجێک دانراوە بۆ دابەشکردنی ئەو خانووانە. هەر وارسێک ژمارەی ئەنفالەکانی زۆربێت، یاخود کەسی یەکەمی ئەنفالکراوەکە بێت وەک؛ هاوسەرو دایکو باوک. هەوڵێکی زۆریشمان داوە بۆ زیادکردنی ژمارەی خانووەکان».

تالیب حەمە، ئاماژەی بەوەشکرد: «دروستکردنی (٦٠٠) خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی سنووری کۆیە، تەنیا داهاتی یەک رۆژی کێڵگەی نەوتی تەقتەقی دەوێت، حکومەت خانوویەک بۆ حیزب، یاخود بەرپرسان بە سەدان ملیۆن دینار دەکرێت، بۆچی پارەی نییە (٦١٠) خانوو بۆ ئەو هەموو خەڵکە هەژارو ماندووە دروست بکات».

بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی بە نوێترین سیستم کارەکان رادەپەڕێنن 18

### لە خانەقین سەدان واژوو بۆ گرفتەکە کۆکراوەتەوە

# وەزارەت، دەرگای زانکۆو پەیمانگاکان بەڕووی خوێندکاراندا دادەخات

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵلا
گەرمیانی حەمەی پوور

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، دەرگای زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم بەڕووی دەرچووانی قۆناغی دوانزەی ئامادەییدا داخستو ئاشکرایکرد، زانکۆو پەیمانگاکان، بەهیچ شێوەیەک توانای زیادکردنی کورسیی خوێندکارانیان نییە بۆ ئەمساڵ، لەکاتێکدا ئەمساڵ نزیکەی (١٣)هـەزار خوێندکار وەرنەگیراون.

هاوکات، تا ئێستا کێشەی زیاتر لە هەزار دەرچـووی پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی خانەقین بە چارەسەر نەگەیەنراوە، کە داوایان کردووە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی رەزامەندی لەسەر خوێندنیان لە کۆلێژی ئادابی خانەقین بدات.

لە کۆی زیاتر لە (٤٦)هەزار خوێندکاری دەرچووی قۆناغی(١٢)ی ئامادەیی، رۆژی (١١/٤)وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکارانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگا حکومیی‌و ئەهلییەکان ئاشکراکردو لەو چوارچێوەیەشدا (٣٧)هـەزارو (٤٧٩) خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگەی حکومیی‌و ئەهلیدا وەردەگـیرێـن، لـەو ژمارەیەش (٣٣٢٩٣)خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگەی حکومیی‌و (٤)هەزار و (١٨٦)خوێندکار لە زانکۆ ئەهلییەکان وەردەگیرێن.

بەپێی چەند زانیارییەکی رۆژنامە کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستکەوتوون، بـەدەر لەو رێژەیە، نزیکەی (١٣)هـەزار دەرچوو بەتایبەتی دەرچووانی (پیشەیی، دەرەکـی) لە هیچ زانکۆو پەیمانگایەک وەرنەگیراون‌و لە خوێندن بێبەش دەکرێن.

ئـەوەش دوای ئـەوەی لە چەند هەفتەی رابـردوودا خوێندکارانی (١٢)ی ئامادەیی چەند خۆپیشاندانێکیان سازدا بەمەبەستی بێبەش نەبوونیان لە خوێندن، هاوکات سەرەڕای ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش لە هەوڵی کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکەدان، بەڵام تا ئێستا بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوە.


خۆپیشاندانی خوێندکارانی ناڕازیی
فۆتۆ: رۆژنامە

لە هەرێمی کوردستاندا (٦)زانکۆی حکومیی‌و (٢)دەستەی تەکنیکی حکومیی هەن‌و هەروەک (١٠)زانکۆی ئەهلیی هەن. بەپێی لێدوانی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ خوێندنی ئەمساڵ توانای وەرگرتنی دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا، کەمترە لە (٢٢)هەزار خوێندکار، بەڵام بە هەوڵ‌و فشاری حکومەت‌و وەزارەتـی خـوێندنی بـاڵا، زانکۆئەهلییەکان ریـــژەی(٨٠٪)ی کورسییەکانیان بۆ دەرچووانی ئامادەیی ئەمساڵ تەرخانکردووەو بەشی زانستیی لە زانکۆو دەستە حکومییەکانیش (٢٠٪)و بەشی وێژەیی (٤٠٪)رێژەی وەرگرتنیان لە دەرەوەی پلانی خۆیان زیادکردووە.

رۆژی پێنجشەمەی رابردوو، وەزیرو ئەنجومەنی وەزارەتـی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی‌و لیژنەی باڵای وەرگرتنی قوتابییان، لەگەڵ لیژنەی پـەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە.

بەپێی راگەیەنراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، لەکۆبوونەوەکەی نێوان بەرپرسانی وەزارەتـی خوێندنی بـاڵاو لیژنەی پـەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بڕیاردراوە «بەهۆی ئەوەی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم رێژەیەکی زیاتر لە سەرووی پلانی وەرگرتنی قوتابییانیان وەرگرتووە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک توانای زیادکردنی کورسی خوێندکارانیان نییە بۆ ئەمساڵ، هەروەها ئەو خوێندکارانە کە بەهۆی کەمیی کۆنمرەکانیانەوە لە زانکۆو پەیمانگاکان وەرنەگیراون، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار، لە هەوڵی چارەسەرکردنی گونجاون بۆ رەخساندنی هەلی کارو راهێنانی پیشەیی، یان باشترکردنی تێکڕای نمرەکانیان لە ساڵای داهاتووی خوێندندا».

هەر لە راگەیەنراوەکەی وەزارەتـی خوێندنی بـاڵادا، ئەوە خراوەتەڕوو «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارانی ئاوارەبووی مەسیحی‌و ئێزدی‌و شەبەک‌و ناوچەی خانەقین‌و شەنگال، بڕیاردرا بە میکانزمێکی گونجاو کـاری وەرگرتن‌و گواستنەوەیان بۆ بکرێت بە رەچـاوی کۆنمرەو قۆناغی خوێندن بەپێی کۆنمرەکەی قوتابییانی هەرێم».

د. سـەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی پـــەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی لە پەرلەمانی کـوردسـتـان، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: وەرگرتنی سەرجەم خوێندکاران بە تەنیا ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵا نییە، بەڵکو ئەرکی وەزارەتەکانی تریشەو هەروەها مەرجیش نییە سەرجەم خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکان وەربگیرێن، چونکە کێشەکە بەوە چارەسەر ناکرێت‌و کێشەکە ساڵانە دووبـارەدەبـێـتـەوەو ئەگەر بەو بێپلانییەی ئێستا کاربکەین، نە دەتوانین کادیری سەرکەوتوو پێبگەیەنین‌و نە دەتوانین ئاستی زانستیی زانکۆو پەیمانگاکان بەرزبکەینەوە».

وتیشی: «تا ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەو مەبەستە نەنراوەو تەنیا باسکراوە، لەکاتێکدا ئەم کێشەیە پێویستی بە پلانێکی دوورودرێژ هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێم ساڵانە پلانی بۆ وەرگرتنی خوێندکاران هەبێت‌و ئەم کێشەیە بنبڕبکات».

هاوکات، فوئاد عەلی، وتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم، بەپێویستی دەزانێت «حکومەتی هەرێم چارەسـەری تر بۆ کێشەی وەرگرتنی خوێندکاران بدۆزێتەوە».

ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بۆ ئەمساڵ لە پۆلی ١٢ لە سنووری پەروەردەی خانەقین دەرچـوون لە هـەر یـەک لە ناحیەکانی جەلەولا و سەعدییەو سەنتەری خانەقین، ٥١٣ خوێندکاری بەشی زانستیی‌و ٤٩٩ خوێندکاری بەشی وێژەییە.

حسێن سایە، بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقین بە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئەو خوێندکارانە داوا دەکەن لە جیاتی خوێندن لە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بخوێنن، لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێن.

وتیشی: «بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لە رۆژی ٢٠١٠/١١/١٠ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆبووینەوەو بەڵێنی چارەسەری گرفتەکەی پێداین، بەڵام تائێستا هەنگاوێک بە ئاراستەی چارەسەرکردن نابینم».

هەر لەوبارەیەوە پەیام ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئێمە بۆ بە چارەسەرگەیاندنی گرفتی وەرنەگرتنی خوێندکارانی خانەقین لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزیـری خوێندنی باڵا کۆبووینەتەوەو بەڵێنی چارەسەرمان لە ماوەیەکی نزیکدا لێ وەرگرتووە.

لەلایەکی تریشەوە، د.فوئاد حسێن، راگری کۆلێژی ئادابی خانەقین بە رۆژنامەی راگەیاند: بەمەبەستی چارەسەری ئەو کێشەیە، ئێمە چەندجارێک سەردانی وەزارەتـی خوێندنی بـاڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانمان کردووە، بۆ ئەوەی زۆرترین رێژەی خوێندکاران لە کۆلێژەکەمان وەربگیرێن، بەڵام تا ئێستا کێشەکە بە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

---

### سەرۆکی لیستی مامۆستایانی یەکگرتوو لە سلێمانی:

# پێویستە لێکۆڵینەوە لە بودجەی یەکێتیی مامۆستایان بکرێت

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵلا

**رێبوار عەلی، سەرۆکی لیستی مامۆستایانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە سلێمانی، بە پێویستی دەزانێت، لە کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیی مامۆستایاندا، سەرجەم لاوازییەکانی رێکخراوەکە بە جورئەتەوە بخرێنەڕوو، تا رێکخراوەکە لە تەقلیدیبوون رزگاربکرێت‌و نوێ بکرێتەوەو ئاماژە بەوەش دەکات: «یەکێتیی مامۆستایان، بودجەیەکی زەبەلاحی مامۆستایانی لەبەردەستدابووەو بە ناشەفافیی سەرفیکردووە، بۆیە پێویستە لیژنەیەکی نەزاهە لەپەرلەمانەوە دروست بکرێت‌و لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بکات».**


رێبوار عەلی

**رۆژنامە: لە (٤٨)ساڵی تەمەنی رێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، تاچەند ئەو رێکخراوە پیشەییانەو بێلایەنانە کاری کردووە؟**

* ئەم رێکخراوە لەرابردوودا، بەپێی قۆناغەکە کاری خۆی کردووە لەبواری کوردایەتی‌و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی کـوردا، بـەڵام کێشەکە لـەوەدایـە، ئەم رێکخراوە لـەدوای راپەڕینەوە ناچێتە قوناغیکی نوێوەو قاوغێکی حیزبایەتی لەبەر دەکات‌و دوو کاری گرنگ کە کرۆکی کارەکانی ئەوە، پشتگوێیان دەخات‌و بە سستیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەوانیش (داکۆکیکردن لەمافەکانی مامۆستایان, ئەم رێکخراوە دەبوو هەر لەسەرەتاوە بەلیستێک ماف‌و داواکاری مامۆستایانەوە رووبـەڕووی دەسـتـەڵات ببوایەتەوەو پێداگرییان لەسەر بکات، هەروەها لەبواری پرسی گشتیی‌و مەسەلە نەتەوایەتییەکاندا، بەتایبەت بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی‌و ناعەدالەتیی لـەکـوردسـتـانـدا، دەبـوو ئـەو رێکخراوە شەقامی بجوڵاندایەو خۆپیشاندان‌و مانگرتنی گەورەی ئەنجام بدایە، دەیتوانی وەک گەورەترین رێکخراو فشاری مەدەنی بۆسەر دەسەڵات هەبوایە)، ئەوانەی نەکردووەو لەو ئاستەدا نەبووەو بەپێچەوانەوە داردەستی دەسەڵات بووە بۆسەرکوتکردنی مامۆستایان.

**رۆژنامە: بەپێی چ مەنتقێک، تۆمەتی «پاشکۆیەتی» دەدرێـتـە پاڵ یەکێتیی مامۆستایان؟**

* ئەم رێکخراوە پاشکۆی دەسەڵات بووەو سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بووەو بەبێ رەزامەندیی ئەوان، دەستی نەکردووە بە ئـاودا، کە ئەمەش خاڵی یەکلاییکەرەوەیەو هەر رێکخراوێکی جەماوەریی‌و پیشەیی‌و مەدەنی سەر بە دەسەڵات بێت، ئەوا لە رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دەردەچـێـت، نەک هەر دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات، بەڵکو دەبێتە بەشێک لەدەسەڵات، بەڵگەش بۆ ئەم راستییە، ئەوەیە کە ئەوانەی لەسەرکردایەتیی ئەو رێکخراوەدان، زۆربـەی هـەرە زۆریـان نوێنەری دوو حیزبەکەن‌و پێیەکیان لەناو رێکخراوەکەدایەو کۆنترۆڵیان کردووەو ئەوی تریان لەناو حکومەتدا پلەی باڵایان هەیە، کە ئەمەش نموونەیەکی بەرجەستەی تێکەڵاویی حیزب‌و حکومەت‌و تەنانەت رێکخراوی مەدەنیشە.

**رۆژنامە: زۆرجار باسی سوودمەندبوونی بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیی مامۆستایان دەکرێت، ئەم وتانە راستن، ئەگەر راستن، کێن ئەو کەسانەی کە سوودمەندبوون؟**

* بەڵێ، ئەو کەسانە سوودمەندی یەکەم بوون لە رێکخراوەکەدا، کە سێ سەرە سوودیان لە رێکخراوەکەو حکومەت‌و حیزب وەرگـرتـووەو لەژێر چاودێریی هیچ دەزگاو هەڵسوڕاوێکی کارای بواری مەدەنیدا نەبوون، هەڵدانەوەی لاپەڕەکان‌و گەڕان بەدوای ئەو وردەکارییانەدا، دەبێت کۆنگرە لەسەری راوەستێت‌و لیژنەیەکی بەدواداچوون دروست بکات.

**رۆژنامە: ئێوە لە مامۆستا ناڕازییەکانن، لە ئێستادا زۆرترین رەخنە لە رێکخراوەکە دەگرن، بۆچی پێشتر بەو شێوەیەی ئێستا رەخنەتان نەگرتووە؟**

* رەخـنـەی زۆرو زەبـەنـدمـان لە رێکخراوی (ی.م.ک) هەیە، بۆیە ئێستا قسەدەکەین، چونکە کاتیەتی‌و لەدەروازەی کۆنگرەداین، دەبێت سەرجەم لاوازییەکان بە جورئەت‌و بەبێ خاترانە بخەینەڕوو، تاو رێکخراوەکە لەتەقلیدیبوون رزگاربکەین‌و نوێی بکەینەوەو بیکەینە رێکخراوێکی مەدەنی، ئەگەر ئەو کات رەخنەمان بگرتایە، ئەمانە لەدەسەڵاتدا بـوون دەیانتوانی دژایەتیمان بکەن‌و پێگەی خویان قایم بکەن، هەروەک رەفتاری دەسەڵات وایە، ئەوێ رۆژێ دەیانوت دەستی دەرەکییان لەپشتەوەیەو ئێستا هیچ نەبووە لەخۆیانەوە رەخنە دەگـرن، کوردەواریی وتوویانە، کنگرو ماسی بۆ کاتی خۆی.

**رۆژنامە: بەشێک لە مامۆستایان بە پێویستی دەزانن، بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیی مامۆستایان رووبـەڕووی لێپرسینەوە بکرێنەوە، ئێوە ئەمە بە رەوا دەبینن؟**

*دەبێت لیژنەیەکی نەزاهە لەپەرلەمانەوە دروسـت بکرێت بە نوێنەری سەرجەم فراکسیونەکان‌و ئەوانەی ئەزموونیان هەبووە لە خستنەڕووی گەندەڵییەکان لە رابردوودا، دەبێت ئەوانە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، چونکە ئەم رێکخراوە پارەیەکی زۆرو زەبەندی مامۆستایانی لەبەر دەستدا بووە، کە بە ملیارەها دینارە، من بەداتایەک خستوومەتەڕوو کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە حسابی بکەیت، پارەیەکی خەیاڵییەوە تا ئەم ساتەش شەفاف نەبووەو شەفافییەت لە یەکێتیی مامۆستایاندا بوونی نەبووە.

**رۆژنامە: هەڵبژاردنی (١٢/٢)و کۆنگرەی داهاتوو، چ گۆڕانکارییەک بەسەر یەکێتیی مامۆستایاندا دەهێنێت؟**

* ئـــەم کـــۆنـــگـــرەیـــە دەبـــێـــت یەکلاییکەرەوەبێت‌و ئەم لاوازییە گەورانە لـەم رێـکـخـراوەدا بگوڕێت (لابـردنـی ئەندامێتیی بـەزۆر، پارە بەزۆر بڕین لە مووچەی مامۆستایان بوەستێنرێت، هــەروەهــا پــەیــڕەو و پــرۆگــرامــی ئەم رێکخراوە ئێستا لەهی کۆمپانیایەکی بازرگانی دەچێت، نەک رێکخراوێکی پیشەیی، سەرتاپای گۆڕانی بەسەردا بێت، جگەلەوە کە لە رووی داراییەوە, سەرجەم بودجەو داهات‌و رەسیدی بانکی ئەم رێکخراوە یەکبخرێت‌و بەدواداچوونی وردیان بو بکرێت‌و لە پرۆژەی مەعریفی‌و پـەروەردەیـی‌و خزمەتگوزاریدا سەرف بکرێت) سـەرکـردایـەتـیـی‌و پەیکەری بەڕێوەبردنی ئەم رێکخراوە بگۆڕێت‌و بە کەسانی شایستەو شـارەزا لەبواری رێکخراوی مـەدەنـی پڕبکرێنەوە، کە دەکرێت لیستی ئۆپۆزسیۆن فشاری گەورە دروست بکات‌و دەستی حیزبی دەسەڵات، کە قورقوڕاگەی رێکخراوەکەی گرتووە، دووربخرێتەوە.

# مەسیحییەکان لە بەغدا سەلامەتیی و لە کوردستانیش جێگەیان نییە

**ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**

تەرمی ئەو دوو ژنو مێردە بەساڵاچووە مەسیحییەی کە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٥ لە شاری بەغدا لەلایەن تیرۆریستانەوە بە چەقۆ کوژران، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٦ لە شاری هەولێر نێژران.

لە مەراسیمی ناشتنی هەردوو تەرمەکەدا بە ئامادەبوونی کوڕێکی هەردوو قوربانییەکە لە کڵێسای (ماریۆحەنا) لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو، دواتر لە گۆڕستانێکی خۆرئاوای شارەکەدا نێژران.

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ئارامترین ناوچەیە بۆ مەسیحییەکان، بەڵام لە ڕووی جێگەو شوێنی نیشتەجێبوونەوە لە ڕەوشێکی خراپدانو لە کڵێساکاندا نیشتەجێ بوون، بەڵام هێشتا هەر بەردەوامن لە جێهێشتنی ناوەڕاستو خوارووی عێراق.

دوای ئەنجامدانی تەقینەوەکەی مانگی ڕابردووی کەنیسەی (سەیدە نەجات) لە بەغدا، کە (١١٤)کەس کوژرانو بریندداربوون، نزیکەی (٦٠٠) خێزانی مەسیحییەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنن.

خێزانەکەی (ئوم سەوسەن) کە (٥) کەسن، یەکێکن لەو (١٥٠) خێزانە کە ماوەی (١٥) ڕۆژە ڕوویان لە شاری سلێمانی کردووەو لە ئێستادا لە هەردوو کڵێسەی (مریەم)و (ماریوسف) نیشتەجێ بوون.

دایکی سەوسەن وتی: «ماوەیەک هەڕەشەی بەردەوامان لێدەکرا، تەنانەت لە خوێندنگەکانیش بە هەمان شێوە، پێمان ئەڵێن؛ ئێوە کافرن، دواتریش تەقینەوەمان لە دژ کراو ژیانمان کەوتە مەترسییەوە».

لە تەقینەوەکەی مانگی ڕابردووی کەنیسەی (سەیدە نەجات) لە بەغدا دوو کوڕی گەنجی ئاموزای (ئوم سەوسەن) کوژران، کە دکتۆری دەرمانسازیی و بایەلۆژیی بوون، ئەمەش جگە لە زامی دووریی ماڵەکانیان، زامی جەرگ سووتانیشی پێبەخشیون.

دایکی سەوسەن دەڵێت: زۆر دڵتەنگمو دەستمان لەماڵو پیشەکانمان هەڵگرتوو ڕوومانکردووەتە سلێمانی، چونکە لایەنی ئەمنیی ناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراق زۆر خراپە، بەتایبەت بۆ مەسیحییەکان.

ئەو خیزانە ئاوارە مەسیحییانەی کە بە تەنیا ڕوویان لە کەنیسەی (ماریوسف) کردووە، زیاتر لە (٩١) خێزانو ژمارەیان زیاتر لە (١٥٠)کەسەو لەناویاندا پیرو پەکەوتەو منداڵ هەیەو بەشێکی زۆریان لە خوێندن دابڕاون.

لەبارەی ڕێوشوێنی نیشتەجێبوونیانەوە لە کڵێسەکاندا، دایکی سەوسەن وتی: «لێرە شوێنمان زۆر خراپەو جێگامان تەنگە لەبەر زۆریی خێزانەکان، بەردەوام دەگریم بۆ ماڵەکەمو بیری دەکەم».

ئەو خوێندکارە مەسیحیانەی لە زانکۆکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق دەخوێنن، ئێستا دەوام ناکەنو لە هەوڵی گواستنەوەیانن بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرەکانیش دەوامەکانیان لە فەرمانگەکان وەستاوە.

قەشە ئەیمەن، لە کەنیسە (ماریوسف) لەبارەی ڕەوشی ئێستای مەسیحییەکانەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوخیزانانەی کە لە کڵێسەی (ماریوسف) دەژین، باری ژیانیان باش نییەو زۆرێک لە خیزانەکان ژمارەیەک لە کەسوکاریان لەدەستداوە، زۆرێکیان گرفتی پیشەکانیان هەیە، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو پاریزگاری سلێمانی لە هەوڵی چارەسەرکردنیانو دابینکردنی شوێنن بۆیان».

سەرباری خراپیی جێگەو شوێنیان، بەردەوام خیزانی تازەی مەسیحییەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەنو فەرمانگەی کۆچو کۆچبەرانیش بۆ هەر خیزانێک (٥٠٠) هەزار دینار دابین دەکات.

د.کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بە سەرۆکایەتیی فەرمانگەی کۆچو کۆچبەران لیژنەیەکمان پێکهێناوەو لیژنەکە کۆمەڵێک ڕێنمایی داناوە، لق لە هەموو شارەکان دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەنیانو لە هەموو پاریزگاکانیش فۆڕم دانراوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر خێزانەکان، بۆ ئەوەی مانگانە پاڵپشتی بکرێن بۆ نیشتەجێبوون.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد، کە کۆمەڵێک یارمەتی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەیشتووەو بەردەوام خێزانەکانیش ڕوو لە زیادبوون دەکەن.

سەبارەت بە خوێندنو پیشەکانیشیان، د.کاوە وتی: «لەگەڵ وەزارەتەکان قسەکراوە بۆ ئاسانکاریی لە گواستنەوەی پیشەکانیانو خوێندکارەکانیشیان بەردەوام بن لە خوێندن».



کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی

فۆتۆ:دلێر عەبدولخالق

# سەروچاوە: بە تەقەکردن وەڵامی خۆپیشاندەران دەدرێتەوە

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

هێزەکانی پۆلیس بە تەقە وەڵامی خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی حاجیاوایان دایەوە، کە داوای پرۆژەی خزمەتگوزاریی و تاپۆکردنی خانووەکانیان دەکرد.

ڕۆژی (١٢/٨) بە سەدان کەس لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە، ڕژانە سەر شەقامەکانو خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، بە دروشمەکانی کوا خزمەتگوزارییەکانو تاپۆی خانووەکانمان؟ بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر ڕێگای سەرەکیی شارۆچکەکەیان داخستو لە بەرامبەریشدا لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تەقەیان بەسەردا کراو بەشێکیشیان ڕووبەڕووی هێرش بوونەوە.

یەکێک لە خۆپیشاندەرەکان بە ناوی جوتیار سەلیم؛ بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا ئێمەی وەرزشەوانانی گەڕەکی دەروازە لە یاریگای وەرزشیی بێبە شین و بەڵێنیان پێدان کە بۆمان بکرێت، هەروەها نرخی تاپۆکەشمان زۆرگرانەو ئێمە ناتوانین خانووەکانمان تاپۆ بکەین، کەچەندین ساڵە لە چاوەڕوانیداین.

ئاودێر قادر؛ گەنجێکی ترەو بۆ ڕۆژنامە وتی: تائێستا شارۆچکەکەمان شەقامی دوو سایدی بۆنەکراوە، کە زەمەنێکە بەڵێنیان پێداوین لەلایەن شارەوانییەوە بکرێت، بەڵام تائێستا بۆمان نەکراوە.

لە بەرامبەریشدا قادر ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری ناحیەی بێتواتە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: داواکاریی ئەو کۆمەڵە گەنجە تایبەتە بە کۆمەڵێک پڕۆژە، کە هەندێکیان دواکەوتوونو هەندێکی تریشیان لەکاتی کارکردندان، بەڵام شوێنەکانیان داوای گۆڕینیان لەسەرەو لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانداین.

شارۆچکەی سەروچاوە، سەر بە ناحیەی بێتواتەی قەزای ڕانیەیەو زیاتر لە (٢٠٠٠) ماڵ دەبێت، بەڵام تائێستا شارۆچکەکە لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی بێبەشەو بەتایبەتی تاپۆی خانووەکانیان، کە بەهۆی زۆریی نرخەکەیەوە، هاوڵاتییان ناتوانن خانووەکانیان تاپۆ بکەن.



حاجیاوا، خۆپیشاندانی هاوڵاتییان

فۆتۆ: هۆشەنگ

# چی دەزانیت دەربارەی بلۆکی نەوتی سندی- ئامێدی؟

| ناوی بلۆک | سندی-ئامێدی |
| --- | --- |
| کۆمپانیا | پێرێنکۆ |
| ڕێژەی قازانج | 100٪ پێشەکی |
| قۆناغ | پشکنین |
| ڕووبەر | 2358کم2 |
| ڕۆژی گرێبەست | 2007/10/2 |

**ئا: شالاو فەتاح**

ئەم بلۆکە لە باکووری هەرێمی کوردستانەو لەسەر سنووری عێراقو تورکیایە، لەنێوان بلۆکی تاوکێی دهۆکو سلۆپییە لە تورکیا.

کۆمپانیای پێرێنکۆی فەرەنسی کار لەم بلۆکەدا دەکات. بەپێی گرێبەستەکە ١٠٠٪ی قازانج بۆ پێرێنکۆیە وەک پێشەکی. دواتر حکومەتی هەرێم وەک لایەنی سێیەم ٢٥٪ی قازانج بەدەستدەهێنێت. بلۆکی سندی ئامێدی بلۆکێکی بەرزە ریسکە. بەو مانایەی ریسکێکی گەورەیەو دوورنییە بێئەنجام بێت، لەم جۆرە گرێبەستانەدا کۆمپانیا کارکەرەکان داوای قەرەبووی زۆر دەکەن بۆ کارکردن لەم ناوچانە. هەڵکەندنی ناوچەکان لە سەرەتای ٢٠١٠وە دەستیپێکردووە.

ڕووبەری بلۆکەکە ٢٣٥٨کم٢یەو لە سەرەتای ٢٠٠٨وە دەستکراوە بە تاقیکردنەوەی خاکەکەی بۆ دۆزینەوەی نیشانە جیۆکیمیاوییەکانو پشکنینی ئەگەری بوونی نەوتو گاز لەژێر خاکەکەیدا، بۆ ئەوەی لەسەرەتای ئەمساڵدا دەستبکەن بە هەڵکەندنی.

بلۆکی سندی- ئامێدی لە ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧و لەلایەن د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەخشرا بە کۆمپانیای پێرێنکۆی فەرەنسی. هەر لەو ڕۆژەداو لەلایەن وەزیری سامانە سرووشتییەکانەوە بلۆکی میران بەخشرا بە کۆمپانیای هێریتەیجی بەریتانی.

کۆمپانیای پێرێنکۆ کۆمپانیایەکی نەوتو گازی کەرتی تایبەتی ئەنگلۆ- فەرەنسییەو ئۆفیسی لە لەندەنە. لە ١٧ وڵاتی جیهان کاردەکات لە ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو خاوەنی زیاتر لە ٤٠٠٠ کارمەندە. ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٧٥و لەلایەن هوبێرت پۆرۆدۆی فەرەنسییەوە وەک کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری دەریاوانی لە سەنگافورە دامەزرا، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٨٠وە کۆمپانیاکە بەرەو بازرگانی هەڵکەندنو دۆزینەوەی نەوتو گاز چوو. لە ئێستادا ڕۆژانە نزیکەی ٢٧٥٠٠٠ بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت.

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای پێرێنکۆ، جین- میشێل جاکولوت لە چاوپێکەوتنێکیداو لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی ئایا هەڵبژاردنی سندی- ئامێدی پەیوەندی بە کارکردنیانەوە هەبووە لە بلۆکی سلۆپی تورکیادا کە هاوسنووری ئەم بلۆکەیە، دەڵێت: بەڵێ، ئێمە کارکردنمان لەو بلۆکەی تورکیادا بە بەسوود دەزانینو هەربۆیە ئەو بلۆکەشمان هەڵبژارد، چونکە هاوسنووریەتی. دواتر جاکولود دەڵێت: ئێمە پێشوازی لە هاوبەش دەکەین بۆخۆمان لەم بلۆکەدا ڕەنگە ببینە هاوبەشی کۆمپانیاکانی دی لە بلۆکەکانی دیکەدا، «دەمانەوێت پێگەمان لە کوردستانی عێراقدا فراوانبکەین». جاکولود بەمشێوەیە کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە هێنا.

حیزب هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دواخست 20

# ڕۆژنامەفرۆشان داوای شوێنی شیاو دەکەن

**ڕاپۆرتی: لاڤە بەشارەت- ئاریان حەسەن**

ڕۆژنامەفرۆشان ڕەخنە لە نەبوونی کۆشکی تایبەت بۆ پیشەکەیان دەگرن‌و دەڵێن: «فرۆشتنی ڕۆژنامە لەسەر جادەکان، ڕێزنەگرتنە لە نووسین»و داواش لە حکومەت دەکەن کۆشکیان بۆ دابین بکات.

لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە (٢٠٠) ڕۆژنامەو گۆڤار هەیە، ئەمەش وایکردووە پیشەی ڕۆژنامەفرۆشیی ڕوو لە زیادبوون بکات، بەڵام ڕۆژنامەفرۆشان زۆربەیان لەسەر شۆستەو شەقامەکان ئەم پیشەیە دەکەن، هەتا ئێستاش حکومەت شوێنێکی بۆ دابین نەکردوون تا کارەکەیانی تێدا بکەن.

هەرچەندە چەند کۆشک‌و کابینەیەک لە شاری سلێمانی بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەن، بەڵام ڕێژەیان زۆر کەمەو دەبێت ڕێژەکەی زیاد بکرێت بۆ ئەوەی پیشەی ڕۆژنامەفرۆشیی لەسەر شۆستەو شەقامەکان نەمێنێت.

دارا محێدین مەحمود؛ ڕۆژنامەفرۆش بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کۆشکانەی کە دروست دەکرێت هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نییە، چونکە دەمانەوێت لە گەرماو سەرما ڕزگارمان بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ مەرجێکی گەرمکەرەوەو فێنککەرەوەی تێدا نییە، ئاماژەی بەوەشدا کە داوایانکردووە چەند کۆشکێکیان لە بازاڕدا بۆ دابنرێت، وتیشی: «پێمان دەڵێن لەوانەیە (١ بۆ ٢) کۆشک بێنینە ناو بازاڕ لەکاتێکدا ئێمە (٨) ڕۆژنامەفرۆشین کە بەڵێنیان پێداین ئەو کۆشکانەمان بۆ دروست بکەن».

ئەو ڕۆژنامەفرۆشە ڕەخنەی لە جۆری کۆشکەکانیش گرت‌و ئاشکرایکرد؛ کە لەو کابینانەدا شوێنێکی وای بۆ دانەنراوە کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە بێت‌و زۆر بچووکیش دروستکراوە «جێی خۆمانی تێدا نابێتەوە».

ئەمە لەکاتێکدایە لەساڵی (٢٠٠٥) وە ڕۆژنامەفرۆشان داوایان کردووە کە کۆشکیان بۆ دروست بکرێت‌و بەڵێننامەی دادگاو پشتگیریی ڕۆژنامەکانیشان پێشکەش کردووەو فۆڕمیشیان هەیەو لە (٢٠٠٧/٣/٧)ەوە بڕیاری دروستکردنی ئەم کۆشکانەیان لە شارەوانییەوە پێدراوە، ئەو کۆشکانە لە قەزاو ناحیەکانیش دروستکراوەو تەواو بووە، بەڵام لە سلێمانی دروست نەکراوە.

بە ڕای یەکێک لە ڕۆژنامەفرۆشەکانیش، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر شۆستەو شەقامەکان ڕێزنەگرتنە لە نووسین‌و ڕۆژنامەنووسان.

ئاکام ڕەحیم؛ یەکێکە لە ڕۆژنامەفرۆشەکانی شەقامی مەولەوی لە شاری سلێمانی کە زیاتر لە (٥) ساڵە کاری ڕۆژنامەفرۆشیی دەکات سەبارەت بە نەبوونی شوێنێکی شیاو بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە داوای شوێنیان کردووە بۆ ئەوەی کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشیی لێدابنێین‌و چیتر لەسەر شۆستەکان کاری ڕۆژنامەفرۆشیی نەکەین، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەدراوەتەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ شوێنێکیشمان بۆ دابین نەکراوە ئەمەش وایکردووە ئێمەی ڕۆژنامە فرۆشان لەسەر شۆستەکان کارەکەمان بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی قەرەباڵغی‌و ڕێگرتن لە هاوڵاتییان لەناو شەقامەکان».



ئاکام؛ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر شۆستەکان بە بێڕێزییکردن دەزانێت بەرامبەر بە نووسین‌و ڕۆژنامەنووسان، بۆیە داوا دەکات لە حکومەت شوێنیان بۆدابین بکات بۆ ئەوەی کۆشکی ڕۆژنامە فرۆشیی لێ دابنێین.

محەمەد ساڵح، کە یەکێکە لە ڕۆژنامەفرۆشانی سەر شەقامی بەردەرکی سەرای سلێمانی، دەڵێت: «ڕۆژنامەفرۆشیی سەر شۆستەکان کارێکی زۆر ناخۆشە بۆ ڕۆژنامەفرۆشان، چونکە شوێنێکی جێگیرمان نییەو زۆرجار چاودێرانی شارەوانیی لە شوێنەکانمان دەرمان دەکەن، هەروەها ڕۆژنامەفرۆشیی لەسەر شۆستەکان لە وەرزی زستاندا بەهۆی بارانبارینەوە زۆر کەم دەبێتەوەو شوێنێک نییە تا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تیادا لە تەڕبوون بپارێزین، ئەمەش وادەکات لەو ڕۆژانەی کە بارانە، دەستکەوتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ئەستەم بێت، بۆیە ئەگەر شارەوانیی شوێنێکمان بۆ دابین بکات بۆ ڕۆژنامەفرۆشیی، ئەو کاتە نابینە کێشە بۆ شارەوانیی‌و کڕیارەکانیشمان بە ئاسانیی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان دەستدەکەوێت».

گرنگ سابیریش، کە کۆشکێکی ڕۆژنامەفرۆشیی هەیە لە گەڕەکی سەرچنارو پیشەی ڕۆژنامەفرۆشیی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دانانی کابینەو شوێنی جێگیر بۆ ڕۆژنامەفرۆشیی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ زۆریی کڕیاری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان‌و کارێکی زۆر شارستانیی‌و جوانیشە، وتیشی: «وا هەست دەکەم دانانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەسەر جادە، بچووککردنەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بێت».

لەلایەکی تریشەوە، زەردەشت ڕەفیق؛ سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندنی شارەوانیی شاری سلێمانی، ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک ئیمزا کردووەو چەند نموونەیەکیشی لێ هێنراوە بۆ سلێمانی‌و لەسەر شەقامەکان داندراون بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام تا ئێستا نە بڕی بوجەکەی‌و نە ژمارەو جۆری کۆشکەکان‌و چۆنێتی دابەشکردنی ئەو کۆشکانەشی دیاری نەکردووە کە بیدات بە کێ، هەروەها وتیشی: «لەماوەیەکی نزیکدا ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین‌و بەپێی پلانێک ئەو کۆشکی ڕۆژنامەفرۆشییانە دابەش دەکەین، کە ئەمەش لە خزمەتی هاوڵاتییان‌و ڕۆژنامەفرۆشان دەبێت».

## لەگەڵ بوونی هەندێک گلەیی‌و کەموکووڕیی

# بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی بە نوێترین سیستم کارەکان ڕادەپەڕێنن

**ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**

سیستمە نوێیە کۆمپیوتەرییەکەی کە نیتۆرکێکە بە بەغدایانەوە دەبەستێتەوە، نەیتوانیوە گلەیی ئەو هاوڵاتییانە لە بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی بنەبڕ بکات، کە لەسەرەدا بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان ڕاوەستاون.

ئەلیسن چێڵتن، هاوڵاتییەکی بەریتانییە، بۆ سەردان رووی لە هەرێمی کوردستان کردووەو سەرقاڵی تەواوکردنی مامەڵەی مانەوەی بوو لە بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی وتی: «زۆر دڵخۆش بووم کە کار بە سیستمی نێتۆرک دەکرێت، تەنیا نەبوونی سەرە، گرفتی بۆ دروستکردم، قەرەباڵغییەکی زۆر هەیە، کە دەبوایە ئەو ئامێرە سادەیەش بهێنن کە بەپێی ڕاکێشانی ژمارە مافی کەس نافەوتێ‌و نۆرەبڕیی ناکرێت».

بەهۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە دنیای دەرەوەو سەردانکردنی بیانیان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی زۆر کەوتووەتە سەر بەڕێوەبەرێتییەکانی نشینگە لە سەرجەم شارەکاندا، بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی لە ئێستادا بە یەکێک لە قەرەباڵغترین‌و کاراترین فەرمانگەی سلێمانی دادەنرێت.

سالار عەبدوڵڵا محەمەد، بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زیاتر لە ساڵێکە کار بە (نێتۆرک) سیستمی کۆمپوتەریی دەکەین‌و هیچ کێشەیەکمان نییە لە بەکارهینانیدا، دواتریش بەهۆی دابینکردنی (ستافێکی تەندروستی‌و دادنووس‌و بەڕێوەبەرێتی کارپێکردن) لەناو بینای بەڕێوەبەرێتی نشینگەدا، کیشەی هاوڵاتییان کەم بووەتەوەو دەتوانین بە ماوەیەکی زۆر کەم کارەکان ڕایی بکەین».

بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی لە ٢٠٠٧/١/١ بوو بە بەڕێوەبەرێتییەکی سەربەخۆ، کارەکانی بریتییە لە: ڕێکخستنی کاروباری بیانییەکان، بە مانەوەیان‌و هاتوچۆکردنیان لەناو هەرێمی کوردستاندا، بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتییەکە ڕۆژانە زیاتر لە (٢٠٠) هاوڵاتیی بیانیی سەردانی دەکەن.



نشینگەی سلێمانی لەکاتی بەڕێوەبردنی کارەکاندا

فۆتۆ: ئاکام

ئومید داود نوری، کارمەندی یاسایی لە بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد، کە «ئەو کێشە یاساییانەی ڕۆژانە تووشیان دەبێت لەگەڵ هاوڵاتییان، پێکهاتووە لە (تەزویر، قاچاغ، مانەوە بەبێ بەڵگە)، بەڵام بوونی بەشی یاسا، کارئاسانیی زۆری بۆ هاوڵاتییان کردووە.

بەپێی وتەی بەڕێوەبەری نشینگەی سلێمانی، ئەم فەرمانگەیە لە کارکردندا لە کاتی خۆیان زیاتر دەوام دەکەن‌و گوێ بە کات نادەن، وتیشی: «زۆر جار تا ئێوارە کار دەکەین، بۆ ئەوەی کەس بێ ئەنجام نەڕواتەوە».

کارمەندانی ئەم فەرمانگەیە دڵیان خۆشە بەو ناوبانگەی لەبەرەوپێشچوونی کارەکانیاندا بۆیان دروستبووە، هەر لەم ڕووەشەوە لایەنی پەیوەندیدار لەسەر ئاستی بەغداد سەردانیکردوون‌و ئاماژەیان بە سەرکەوتوویی کارەکانی نشینگەی سلێمانی کردووە، وا بڕیاریشە، بەم نزیکانە مووچەی کارمەندەکانیان بچێتە سەر حکومەتی عێراق.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە؛ وێڕای بەرەوپێشچوونی کارەکانیان، بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی بنکەیەکی مەشقی بۆ کارمەندەکانی کردووەتەوەو بەردەوام لە هەوڵی بەرزکردنەوەی تواناکانیاندایە.

محەمەد فایەق، بەڕێوەبەری ڕاهێنانی بنکەی کۆچی بەڕێوەبەرێتی نشینگەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەسەرەتای (٢٠١٠)وە بە هاوکاری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیی، توانیمان ئەم سەنتەرە دابنێین، خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی خۆمان‌و فەرمانگەکانی تر دەکەینەوە لە بوارەکانی (کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی، پشکنینی بەڵگەنامەی ساختە، یاساکانی نشینگەو کۆچی نایاسایی)، بە هۆی ئەم خولانەشەوە(١٥٠) کارمەند باشترو چالاکتربوون‌و گۆڕانکارییەکی زۆر هەستی پێدەکرێت».

ئەوەی پەیوەندیی بە پاراستنی تەندروستیی گشتییەوە هەیە، ئەم جۆرە فەرمانگانە لە ئەستۆی دەگرن‌و پشکنین بۆ سەرجەم ئەو هاوڵاتییانە دەکەن کە ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام نشینگەی سلێمانی لە هەندێک لە پشکنینەکاندا پێویستی بە تاقیگەکانی تر دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان.

سوارە محەمەد ئەمین، لێپرسراوی سەنتەری تاقیگەی نیشنگەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پشکنین بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە سەردانی نشینگە دەکەن، پشکنینی نەخۆشییەکانی (ئایدز، جگەری ڤایرۆسی)، ئەگەر گومانمان هەبوو لە ئەنجامەکە، ڕەوانەی تاقیگەی مەرکەزیی دەکەین بۆ دووبارە پشکنین، لەم ڕووەشەوە زۆر کار ئاسانیی بۆ هاوڵاتییان دەکەین».

# دوو سەرکردەی کورد... دوو وتاری نائەقڵانیی



مەحمود ڕەزا ئەمین

بوون و نەبوونی مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەنێوان تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیو مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی-دا، وەکو هەموو شتەکانی تری ئەم هەرێمە، تووشی سەرەگێژە هاتووە.

تاڵەبانی، بەبۆنەو بێ بۆنە رایدەگەیەنێت: دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە.

بارزانی، لە هەندێ کاتی دیاریکراو و نەگونجاودا ئاماژە دەدا، دەوڵەت دادەمەزرێنێ!

تاڵەبانی، بەو قسانەی تەواوی نەتەوەیەک لە خۆی توورەو نائومێد دەکات.

بارزانی، لە بۆش دڵی نەتەوەیەک خۆش دەکات.

لێ ئەم دوو وتارە هەردووکیان نائەقڵانین:

نائەقڵانییەتی وتارەکەی تاڵەبانی:

حیزبەکەی تاڵەبانی، لە هاوینی (١٩٨٣)وە، لە کۆبوونەوەکانی خەتێوە دروشمی سیاسیی سەرەکیی یەکێتی گۆڕی بۆ (دیمۆکراسی بۆ عێراقو مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد)، رادیۆکەی کە تا ئەوکاتە ناوی دەنگی شۆڕشی عێراق بوو، کردی بە دەنگی گەلی کوردستان، دروشمی سیاسیی یەکێتی لە دامەزراندنییەوە، تا ئەو ساڵە بریتیبوو لە؛ «دیمۆکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ گەلی کورد».

نائەقڵانییەتی وتارەکەی تاڵەبانی، لەوەدایە؛ کە حیزبەکەی نزیکەی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا مافی چارەی خۆنووسینی بۆ خەڵکی کوردستان چەسپاندووە، کەچی لەباتی ئەوەی دیفاع لە دروشمەکەی خۆی بکات، بەبێ ئەوەی ناچاربێت، یان ناچار کرابێت، زوو زوو دەچێتەوە بەگژ دروشمی حیزبەکەی خۆیداو دەڵێت: «دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە».

دواجار کە تاڵەبانی، ئەم قسەیەی تیا کرد، ئەو چاوپێکەوتنە بوو کە حوسنی مەحلیو رۆژنامەنووسێکی تورک بۆ بەشی عەرەبی تەلەفزیۆنی (TRT) تورکی لە گەڵیدا کردیان، لەو چاوپێکەوتنەدا حوسنی مەحلی، سەبارەت بە ئیمکانییەتی ژیانی دەوڵەتی کوردی، ویستی هیمەتێ بداتە بەر تاڵەبانی، لێی پرسی: کێ دەڵێ هەر چوار دەوڵەتەکەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە، دەتوانن پێکەوە لەسەر دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتی کوردی رێکەون؟ کێ ناڵێ ئەو کاتەش بەرژەوەندیی جیا لە یەکیان جیا ناکاتەوەو لەناویاندا دۆست بۆ دەوڵەتی کوردی پەیدا نابێت؟ کەچی تاڵەبانی، مووبڕانە سوور بوو لەسەر ئەوەی نەخێر شتی وا نابێو ئیمکان نییە روویدات، هەر وەکو ئەوەی راسپێردرابێ هیوای نەتەوەیەک بە رۆشناییەکەی ئەودیوی تونێلەکە بکوژێ.

کەواتە وتاری تاڵەبانی، دوو جار نا ئەقڵانییە: جارێک حیزبەکەی خۆی ئیحراج دەکات، جارێکی تر بێهودە هەوڵدەدات، هیوای نەتەوەیەک بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکوژێ، بەمەرجێ ئەو دەتوانێ، هەر کاتێک پرسیاری وەهای لێ کرا، زۆر ئاسان خۆی دەرباز بکاتو بڵێ: کورد مافی خۆیەتی وەکو هەموو نەتەوەکانی تری دنیا دەوڵەتی خۆی هەبێت، لێ جارێ هەلومەرجی خۆیی و بابەتی لەبار نین، تەواو.

نا ئەقڵانییەتی وتاری بارزانی:

یەکەم: مافی چارەی خۆنووسین، ئۆتۆماتیکی ناکاتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، کەچی پارتیو بارزانی، بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیانو چەواشەکردنی رای گشتیی، بەتایبەتی عەوامی کوردستان، دەیەوێ ئەو دروشمە یەکسان بکات بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، لە حاڵێکدا پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین، بریتییە لەوەی؛ ماف بدەی بە خەڵکی هەرێمەکە/ وڵاتەکە/ نەتەوەکە، خۆیان بڕیار بدەن چ جۆرە سیستمێکی حوکمڕانییو پێکەوەژیان لەگەڵ ئەویتر، هەڵدەبژێرن، بەوپێیە: نا-ناوەندێتی، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیی، کۆنفیدراڵییو دەوڵەتی سەربەخۆش هەموویان دەچنە ژێر سێبەری مافی چارەی خۆنووسینەوە، کەواتە ئەوەی پارتی دەیکات دیماگۆگیەتە.

دووەم: دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێویستی بە دوو کۆڵەکەی بنچینەیی هەیە، یەکەم: هەبوونی سیستمێکی سیاسیی دیمۆکراسی ئەوەندە جوان، کە دنیا مەجبور بێ رێزی لێ بگرێت، دووەم: بنکەیەکی ئابووریی ئەوەندە بەهێز کە بەرگەی ئابلۆقەی چەند مانگەو چەند ساڵەی دەرو دراوسێ بگرێت، هەتا دەتوانین بە خەباتی دیبلۆماسی کون دەکەینە دیواری یەکگرتووی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانو سۆزو پشتیوانیی رای گشتیی شەعبیو رەسمیی وڵاتانی دنیا، بەتایبەت وڵاتانی خۆرئاواو روسیا، مسۆگەر دەکەین.

نائەقڵانیی وتارەکەی بارزانی، لەوەدایە؛ کە لەبەر نەبوونی ئەو دوو کۆڵەکەیە، کە خۆیو حیزبەکەی بەرپرسیارێتی سەرەکیان هەیە لە نەبوونیاندا، لەباتی ئەوەی باری شانی کورد سووک بکات، قورستری دەکات، راستە وتاری وەها دڵی عەوامی کورد خۆش دەکات، بەڵام ناحەزەکانو دوژمنەکانی کورد وریا دەکاتەوە باشتر یەکبگرنو سیستماتیکتر شەڕی «خەونی شاعیرانەی کورد» بکەن.

پیاو هەندێ جار ناچار دەبێ بڵێ: ئەگەر سەرکردەکانی کورد هەر ئاوا سیاسەت بکەن، هەرگیز پێویستمان بە دوژمن نابێ بۆ کوشتنی خەونو مافمان.

# چارەسەرێک...



پشکۆ ناکام

پەرلەمان، بەدواداچوون بۆ کێشەکان ناکات، دەسەڵات یاریی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکات، سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە زۆر بڕیار (گۆڕان)ی پەراوێز خستووە، پەرلەمان وەڵامی یاداشتەکان ناداتەوە، دەسەڵات دادوەرانە بڕیار لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان دەدات، سەرۆکایەتیی پەرلەمان تاکتیکی (کات کوشتن) پەیرەو دەکات، ئەمانەو دەیان سکاڵاو روونکردنەوەی تر کە رۆژانە لە سایتو لەسەر لاپەڕەی زۆربەی رۆژنامە ئەهلیو ئۆپۆزسیۆنەکان دەبینرێن، بەبێ ئەوەی بۆ تاکە یەک جاریش بێت، چ دەسەڵاتو چ پەرلەمان، یەک ئاوڕی خێر لەو هەموو خرووقاتو رەفتارانە بداتەوە!! ئەم دیاردەیەش تازە نییە، هەر پێش هاتنەکایەی ((ئۆپۆزسیۆن)) یش، دەسەڵات راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ، لەرێی پەرلەمانەوە هەموو سیاسەتو هەنگاوەکانی خۆی بە ئەنجامگەیاندووە، بەبێ ئەوەی حساب بۆ کەس بکات، تائێستاش کە ئۆپۆزسیۆن لە ئارادایە، دەسەڵات لە جاران بەگوڕتر پیادەی سیاسەتەکانی خۆی دەکاتو سڵ لە هیچ بەربەستێک ناکات، چونکە باش دەزانێت کە زۆرجار (نەک هەمووجار) ئەو هاتووهاوارەی ئۆپۆزسیۆن تەنیا راگەیاندنە لە رووی (عەمەلی)و هێشتا ئۆپۆزسیۆن نەبووە بە مەترسیی بۆ دەسەڵاتو پێگەکەی، بە مانایەکی تر، ململانێی مەدەنیو دیموکراسیيانە بە سوودی دەسەڵاتە، بە تایبەتیی گەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەسەڵات لەنێوان گوێگرتنو رەفتار دوو شتی جیاوازن، هەر کاتێک دەسەڵات گوێی گرتبێت، لەپشت ئەو گوێگرتنەوە هەنگاوی خۆی بە (خشکەیی) ناوەو نەبوونی پرۆسەیەکی دیموکراسی لە سیستمی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمدا بە تایبەتیی (پارتیو یەکێتی) کارێکی وای کردووە هەموو دامودەزگا حکومیو حیزبییەکانیش هەمان (عورفی) دەسەڵات بیانگرێتەوە، عورفی گوێبگرەو شتێکی تر بکە، بەڵام ئاخۆ ئەو سیاسەتە (نەرم)ەی ئۆپۆزسیۆن تاکەی بڕ دەکاتو چانس دەدات بە دەسەڵات بۆ گوێگرتن بە کردارەوە؟!

گەر بە نیازی ئەوە بین ئەم دەسەڵاتە خۆی خۆڕسکییو ئۆتۆماتیکیی دێتە سەر رێگەی راست، واتە بە هەند وەرگرتنی سکاڵاو نەهێشتنی خرووقاتەکان (بە تایبەتیی ئەوانەی پەرلەمان)و دوورکەوتنەوە لە تاکتیکی درێژەپێدان (مماطلة)و چاوەڕوانیی بێ ئەنجام، ئەوە حسابمان فت، دەسەڵاتی هەرێم، دەسەڵاتێکی دیموکراسی نییە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە بنەماو دیموکراسییەکان سوودێکی ئەوتۆی نابێت، ئەو دەسەڵاتە لە هەموو هێزە چەکدارەکان بودجە، داهاتی نەوتی قاچاغ، پەرلەمانو حکومەت، سەرۆکایەتیی هەرێمو.... هەموویان مۆنۆپۆل کردووەو بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێت ئاوا بۆ مەرامەکانی خۆیو تەنیا خودی خۆی تەراتێن دەکاتو تائێستاش بۆی چۆتەسەر، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە (STOP)ێک بۆ ئەم دەسەڵاتە دابنرێتو بە گوێچکەیدا بخوێنرێت کە لە ململانێدا پرۆسەو رێگەی هێمنانەو هەندێک جاریش (توندوتیژانە) هەیە، کە بە (فعلی) دەسەڵات بخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورەو دیارترین ئەو مەترسییانەش بۆ دەسەڵات گومانکردنە لە بەردەوامبوونیدا، دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی گوێ بۆ ئۆپۆزسیۆنو خەڵک ناگرێت، دەبێت ناچار بکرێت، ناچارکردنیش بە مانای (تۆپوتەیارە) نییە، بەڵکو بەمانای چڕکردنەوەی پرنسیپە دیموکراسییەکانی ململانێی: خۆپیشاندان، مانگرتن، کۆبوونەوەی جەماوەریی، رێپێوان، مانگرتنی سەرتاسەریی، شکاتکردن لەلای دامەزراوە یاساییو تەشریعییەکان، شکاتکردن لای دەزگا دەوڵەتییەکان، بەتایبەتی (نەتەوەیەکگرتووەکان)، شکاتکردن لای دادگای فیدراڵیی، سەرباری ئەم هەموو هەنگاوە رێگەپێدراوانە، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت تاکتیکی (کات کوشتنو پەراوێزخستنی دەسەڵات) پەیڕەو بکات، لە هەموو هەنگاوەکان گرنگتریش ئەوەیە کە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەسەڵاتو ژوورە تاریکەکانی بڕیارەکانی بە شێوەیەک چڕ بکاتەوە، کە ئەوەی دەسەڵات بە ناوی خەڵکەوە لە دژی خەڵک بە ئەنجامی دەگەیەنێت، بگاتە هەموو ماڵو کەسێکی دانیشتووی هەرێم.

ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی گۆڕان دەنگی زیاتر لە نیوملیۆن کوردە، نیوملیۆن کورد، وزەیەکە هەموو نەرمیو شەرمو (بابزانین)و کەوتنە تەڵەی دەسەڵاتەوە دەشکێنێت، نیوملیۆن دەنگ لە دەسەڵات نەترساو دەنگیان بە گۆڕان دا، دەبێت گۆڕان جورئەتی نیوملیۆن دەنگ بخاتە سەر ئەرزی واقیع، لە ململانێی دەسەڵاتێکی وەک ئەوەی ئەمرۆی هەرێم...

ئەمرۆ لە سەرتاسەری دنیادا، نە سیاسەتی (گاندی)و نە سیاسەتی (جیڤارا- چەگوارا) باوی نەماوە، چونکە دەسەڵاتداران بە جۆرێکی ترو فۆرمێکی تر حوکم دەکەن، ئەمرۆ ناکرێت وەک (چەگوارا) توندوتیژ بینو ناشکرێت وەک (گاندی) بە دەسەڵات بڵێین فەرموو ئەوە سەری منو ئەوەش تێڵای جەنابت....

ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیارە لە دۆزینەوەی رێگە چارەسەرێک بۆ فرتوفێڵەکانی دەسەڵات، رێگە چارەسەرێک کە نیوملیۆن کورد بێ ئومێد نەبێتو لە هەمان کاتیشدا بیسەلمێنێت کە سەرای هەموو شتێک دەستبەرداری بنەما دیموکراسییەکان نابێتو بۆ لەدەستنەدانی متمانەی نیوملیۆن کورد، مۆدێلێکی تازە دێنێتە فەرهەنگی (گۆڕان) لە دەسەڵاتدا بێ پەنابردنە بەر گاندیو گیڤارا..

**ئەمرۆ ناکرێت وەک (چەگوارا) توندوتیژ بینو ناشکرێت وەک (گاندی) بە دەسەڵات بڵێین فەرموو ئەوە سەری منو ئەوەش تێڵای جەنابت**

# بزووتنەوەی گۆڕان*

## وەڵامێک بۆ رێبین هەردی



عەزیز رەئووف

رەنگە زیاد لە نووسینێکمان پێویست بێت تا ستایشی گۆڕانو زەرورەتی گۆڕان بکەین لە چرکەساتی ئێستەماندا، بەڵام دەبێت لەوەش دڵنیابین کە هیچ هێزێک ستایش ناپارێزێتو نایکاتە هێزێکی جوان لە کۆمەڵگەدا. یەکێتیو پارتی، تا ئەم چرکەساتە لەشکرێک قەڵەم ستایشی دەکەن، بەڵام کەمیان هاتن پەنجە بخەنە سەر برینەکان تا بە نییەتی چارەسەرکردن کاری لەسەر بکەن، هەربۆیە وێنەی حیزب لەبەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک هێندە ناشرین بوو، تا وایلێهات زۆرێک لە کۆمەڵانی خەڵک بەدوای بەدیلی تردا دەگەڕان.

بەشبەحاڵی خۆم، ئەگەر لێم بپرسن لە دوای راپەڕینەوە خۆشترین کاتت کەی بوو؟ بێدوودڵی دەڵێم، بیستو پێنجی تەمموزی ٢٠٠٩، ئەوچرکەساتەی کە خەڵک بەدەنگی بەرز وتی، «نا»بۆ حیزبو قۆرخکاریی حیزب. خەڵک لەم رۆژەدا بزووتنەوەیەکی ترو هێزێکی تریان تاقیکردەوە، ئەمەش لانیکەم پەرلەمانی کاراترکردو سەلماندی کە کورد رۆحی بەرەنگارییو رەتکردنەوەی هێشتا هەر ماوەو حیزب نەیتوانیوە ئەم سەرکێشییە لە رۆحی کوردا بکوژێت.

رەنگە منو کاک رێبینیش کۆکبین لەسەر ئەوەی کە هیچ بزووتنەوەو هێزێک، نەک هەر لە دەرەوەی رەخنە نییە، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ چرکەساتێکی دیاریکراو و هەر هێزێکیش خۆی لە سەروو رەخنەوە بینی، بێ شک دەبێتە هێزێکی کۆنزێرڤاتیڤو دەکەوێتە دەرەوەی کاتو مێژوو. گۆڕان کە دروست بوو، بەدەستێکی سپییەوە هات، نە پارەی پێبوو نە چەک، باسی سەروەرییەکانی رابردووشی نەکرد، بۆیە ئەم بزووتنەوەیە هەریەکەمان بەنووسین بێت یان بەدەنگدان، پشتیوانیمان کردووە، ئەمەش لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی هێزێکی تر لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بێت کە جیاوازیی بخوڵقێنێت.

بەڵام دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، ستراتیژو بەرنامەی ئەم هێزە رۆشن نییەو جۆرێک لە مەزاجی شەخسی هەم بەکاری پەرلەمانیو هەم بڕیاری سیاسییو تەنانەت راگەیاندنیشیەوە دیارە، ئەمەش وای لە بزووتنەوەکە کردووە کە جۆرێک لە سستی پێوە دیاربێتو لە گەشەسەندن بکەوێت، باشترین نموونەش، کەمبوونەوەی دەنگەکانی گۆڕانە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقو ئەم دواییانەش هەڵبژاردنی مامۆستایانو زیادبوونی دەنگی ئیسلامییەکانە.

هەست دەکەم، کاک رێبینیش وەک من هەست بەوە دەکات کە ئەم هێزە دەیەوێت بەشێوەیەک مەکیاژ بکات کە وەک هێزەکانی تر بێت، بەڵام کاک رێبین تەنیا موبەڕیری بۆ ئەم بێدەنگییەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێزەکانی دەرەوەی گۆڕان زۆر لەوە ناشرینترن تا بکەوینە وێزەی گۆڕانو لە ئێستاوە رەخنەی لێبگرین. ئەگەر وابێت، من دڵنیام ئەم بەهانەیە ئەگەر جارێک لە جێی خۆیدابێت، دەیان جاریتر لەجێی خۆیدا نییە بەوەی کە ناکرێت بزووتنەوەیەکی نوێ لەدەرەوەی رەخنە ببینینو وەک فریادڕەس تێی بڕوانین. دەبوو لەم ماوەیەدا، گۆڕان لە کەناڵی راگەیاندنو تەنانەت مەکۆکانیشیەوە فەزایەکی بۆ دیالۆگو مشتومڕو تەنانەت رەخنەگرتنیش بخوڵقاندایە تا کەمێک دڵمان خۆشبکەین بەوەی کە ئەم هێزە نوێیە لە سەروو رەخنەوە نییەو نەک ئەوەی نەکرد، بەڵکو خۆی لالوت دەکات لەو قەڵەمانەش کە رەخنەی ئاراستە دەکەن. ئەم دۆخە بەردەوام بێت، گۆڕان قازانج ناکات، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەم هێزە هیچی نییە بە خەڵکی ببەخشێت، جگە لە جەرائەتو نزیکبوونەوەی لە خەڵکو بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەی کە خەمی خەڵکن.

گۆڕان، ناکرێت خۆی لە خەڵکی سەربەخۆ دوور بگرێت، خەڵک دڵخۆش بوو بەوەی کە هێزێک هاتووەو خەمەکانی خەڵک دەگەیەنێت، بەڵام گۆڕان ئەمەی نەکرد، قفڵی لەدەرگای راگەیاندنەکانیدا لە ئاست ئەوانەی کە سەربەخۆ بیر دەکەنەوە، باشترین نموونەش هەڵبژاردنی مامۆستایان بوو کە گۆڕان بەئاشکرا پشتیوانی لە لیستێک کردو لیستی سەربەخۆی مامۆستایانیش، کەس نەبوو دەنگیان بگەیەنێت.

من دەزانم، کارەکتەرەکانی گۆڕان، نەگۆڕاون، بەڵام بزووتنەوەکە فەزای گۆڕانی خوڵقاندووە، بەڵام ناشکرێت خەڵک دەستی لەسەر دڵی بێت کە تەمەنی سەرۆکی بزووتنەوەکە درێژتر بکات، چونکە تا ئەم چرکەساتەش، کەس لەدەرەوەی ئەم پیاوە موفرەدەیەکی جیاوازتری نەوتووە.

ئەگەر کاک رێبین، بە رەوای بزانێت کە کادیرانی گۆڕانیش وەک حیزبەکانی تر دوای پۆستو پارە بکەون، بەڕاستی بەبۆچوونی من، رەوا نییە کە ئینسانگەلێک بێن لە دەوری سفرەکەی گۆڕان کۆببنەوەو لە پەرلەمانی عێراقو کوردستان بە مەلاین دینار بخەنە تەنکەی باخەڵیانو بزووتنەوەکەش پارەی نەبێت وەک نەسرییە ببەخشێت بە مەکۆکانی تا کارو چالاکییەکانی پێڕاپەڕێنن. گەر رێبین، سیاسەتی بەم جۆرە قبووڵە، ئەوا من پێم هەزم ناکرێت کە کارەکتەرگەلێک هەبن بە گفت باس لە گۆڕانو مافی هاوڵاتییان بکەنو وەک کارەکتەرە حیزبییەکانی ئەم مەملەکەتەش، ئیمتیاز وەربگرنو خەڵکیش لەسەریان نانبڕاو بکرێت.

دواجار دەڵێم، مادام هیچ هێزێک لە دەرەوەی رەخنە نییە، ئەوا ناکرێت رۆشنبیرێکیش هەبێت لە هەڵەکانی هێزێک بێدەنگ بێتو چاو لە کەموکوڕییەکانی بپۆشێت. من دەزانم، ئەم هێزە گوێی لە رۆشنبیرو قەڵەمەکانی ئەم مەملەکەتە گرتووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە باش هاتە پێش، بەڵام من وەک کاک رێبین بیرناکەمەوەو دەڵێم، ئەگەر لە هەڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بێدەنگ بین، بەدەستی خۆمان چاڵی مەرگ بۆ ئەم هێزە نوێیە هەڵدەکەنین.

*** «بزووتنەوەی گۆڕان» ناونیشانی وتارێکی (رێبین هەردی)یە کە لە رۆژنامەی ئاوێنە بڵاوبووەوە**

Azizrauf2003@yahoo.com

## لیستەکەی یەکێتیو پارتیش ئاگاداری بڕیارەکە نەبوون

# حیزب هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دواخست

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

بەهۆی دەستێوەردانی یەکێتیو پارتییەوە، هەڵبژاردنەکان بۆ کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو، بەو هۆیەشەوە پێنج لیستی دەرەوەی لیستی دەسەڵات نارەزایەتی دەردەبڕن.

هەرچەندە لیژنەی باڵای سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بڕیاری دابوو، کە هەڵبژاردنەکان بۆ کۆنگرەی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە (١٢/٢٠)ی ئەمساڵدا ئەنجام بدرێتو تێیدا هەڵبژاردنەکە بە چوار بازنە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمو کەرکوک بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە دواخرا بۆ ساڵی ئایندە، بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوەیە کە هۆکاری سیاسییو ناکۆکی حیزبیی هەڵبژاردنەکانی دواخستووە.

هشام تاهیر حسێن، سەرپەرشتیاری لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی ئاگادارکراینەوە کە ناتوانرێت لە (١٢/٢٠)دا هەڵبژاردنەکە بەڕێوەبچێت، بۆیە کۆبوونەوەیەکی گشتیی لەنێوان سەرجەم لیستەکاندا بەڕێوەچوو، کە تیایدا بڕیاردرا هەڵبژاردنەکە لە (١٢/٢٨)دا بەڕێوەبچێت، بە شێوەیەک کە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمو کەرکوک بە یەک بازنە بێت، بەڵام هەر دوای کۆبوونەوەکە ئاگادارکراینەوە کە هەڵبژاردنەکە دواخراوە بۆ (٢٠)ی کانوونی دووەمی ساڵی ئایندە، ئەمەش نیگەرانی کردین.

بە وتەی سەرپەرشتیاری لیستی سەردەم، پەیوەندییان کردووە بە لیستی کارمەندانی تەندروستی یەکێتیو پارتییەوە، بەڵام ئەوانیش ئاگاداری مەسەلەکە نەبوون، هەر بۆیە وتی: «نازانین سەرچاوەی ئەو دواخستنە لەکوێوەیە، بۆیە پێمان وایە ئەمە لە دەستێوەردانی حیزبەوە روویدابێت، لەبەرئەوەی ئامادەباشی خۆیان نەکردووەو کێشەیان هەیە بۆ رێکخستنی لیستو کاندیدەکانیان، هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە بیستوومانە کە راپرسییەکیان کردووە لەناو کارمەندانی تەندروستییو بۆیان دەرکەوتووە، کە خەڵکێکی زۆر دەنگیان ناداتێ، بۆیە ئەم ماوەیەیان درێژکردووەتەوە تا کار بکەنو کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر کاندیدی لایەنەکانی تر بۆ پاشەکشەپێکردنیان، ئەمانە جگە لەوەی کە کۆنگرەی پارتیش لە دواخستنی ئەم هەڵبژاردنەدا هۆکارە».

لە روونکردنەوەیەکدا هەر پێنج لیستی کارمەندانی تەندروستی (سەردەم، کۆمەڵی ئیسلامیی، سەربەخۆ، ئایندە، یەکگرتوو)، نارەزایی خۆیان راگەیاندو ئاماژەیان بەوەکرد، کە ئەوان پابەندن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کە (١٢/٢٨)یەو سەرجەم لیستەکان بە لیستی دەسەڵاتیشەوە ئیمزایان لەسەر کردووە.

بێستون فەتاح؛ وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستی سەردەم لەو بارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتنێک کە لەنێوان مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو پارتیدا کراوەو دەیانەوێت لەو ماوەیەدا بەخۆیاندا بچنەوە».

رۆژی (٨)ی ئەم مانگە کە بڕیار بوو بۆ رۆژی دواتر بانگەشەی هەڵبژاردنەکان دەستپێبکات، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان بانگهێشتی سەندیکاکانی کارمەندانی تەندروستی ناوەراستو باشووری عیراقیان کردو هاوپەیمانێتییەکیان راگەیاند، ئەمە لە کاتێکدا حەوت مانگ لەمەوبەر ئەو سەندیکایانە مانگرتنی سەرتاسەریی کارمەندانی تەندروستی ناوەراستو باشوری عیراقیان راگەیاند بە مەبەستی زیادکردنی دەرماڵەی کارمەندان بە رێژەی (١٠٠٪)، بۆ ئەو مەبەستەش داوای هاوکارییان لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان کرد، بەڵام وەڵام نەدرانەوە.

بێستون، وتی: «لەوکاتەدا بەناوی گرووپی فشارەوە داوامانکرد کە پشتگیریی کارمەندانی تەندروستی عیراق بکەین، بەڵام سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان دژایەتی ئێمەیان کردو وتیان هەرێمی کوردستان جیاوازەو نابێت پشتگیرییان بکرێت، بۆیە رەدی ئەو مانگرتنەی دایەوەو نەیویست حکومەت لە خۆی برەنجێنێت».

بەڵام نەقیبی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ بڕیارێک کە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکە دەریکردووەو ئەوانیش ئاگادار نەبوون.

جەبار محەمەد رەحیم بە رۆژنامەی راگەیاند: راستە دەبوایە (١٢/٢٠) هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئالیەتێکی قورس دانرابوو کە سێ رۆژو هەڵبژاردن لە پارێزگایەک بکرێت، وتمان با هەڵبژاردنەکە بە رۆژێک بێت بۆ ئەوەی کار لە وزەی کارمەندانو کاندیدەکانیش نەکات، لەبەر ئەو هۆکارانە پێشنیارکرا کە بۆ چەند رۆژێک هەڵبژاردن دوابخرێت، پێشنیازکرا کە بخرێتە (١٢/٢٨)و ئیمزای هەموو لیستەکانی لەسەر بووە، بەڵام لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی سەندیکا کە رێکخەری کارەکانە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاگاداری کردینەوە لەوەی کە هەڵبژاردن خراوەتە (١/٢٠).

هۆکاری ئەو دواخستنەش بە بروای جەبار، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو وادەیەدا پشووی سەری ساڵەو کارمەندانی تەندروستی پێویستیان بە پشوودان هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە برا کارمەندە مەسیحییەکان جەژنیانە، «بۆیە ئێمەش ئاگامان لە دواخستنی هەڵبژاردنەکە نییە».

لیستی کارمەندانی تەندروستی کوردستان (یەکێتیو پارتی) هەر لە ئێستاوە دەستیان کردووە بە کۆمەڵێک پێشێلکاریی یاسایی کە ناشێت لە هەڵبژاردندا روودات، لە نزیکترین نموونەشدا لە رۆژی (٧)ی ئەم مانگەدا لە نەخۆشخانەکانی کەرکوکدا هەڵبژاردنیان لەناو کارمەندانی تەندروستیدا ئەنجامداوە، بۆ دەرخستنی لایەنگرانی خۆیان.

هاوکات هەر رۆژێک پێش ئەوە مەڵبەندی یەکێتی لە سلێمانی خەڵاتی (کارمەندانی تەندروستی نەخۆش)یان کرد کە چەندەها ساڵە نەخۆشن هیچ رێزلێنانێکیان پێنەدراوە، ئەمە جگە لەوەی کۆبوونەوە بە کارمەندانی تەندروستی لە مەڵبەندو کۆمیتەو لقەکاندا بەردەوامە.



پێویستە هەڵبژاردنی سەندیکاکان دوور لە دەستی حیزب بێت

فۆتۆ: رۆژنامە

# چلو هەشتەمین بریندارى دۆڵی خۆشناوەتی گیانی لە دەستدا

**ئەحمەد باڵەکی**

رۆژی (٢٠١٠/١٢/٩) چلو هەشتەمین بریندارى دۆڵی خۆشناوەتی بالیسان گیانی لە دەستداو بووە (١١)ەمین قوربانیی بنەماڵەکەی.

توانا موسڵیح، بەرپرسی راگەیاندنی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانو ئەنفالی خۆشناوەتی بە رۆژنامەی راگەیاند: «مسری حسێن مەحمود، بریندارێکی کیمیابارانی دۆڵی خۆشناوەتیو خەڵکی شێخ وەسانان گیانی لەدەستداو بووە (١١)ەیەمین شەهید لە بنەماڵەکەی خۆی، کە مێردو پێنج کوڕو دووکچیو دوونەوەی خۆی شەهید بوون.

وتیشی: «دۆخی بریندارەکانی چەکی کیمیایی خراپەو ئێستاش (٤) بریندارى دیکە هەن، کە باری تەندورستییان بەرەو خراپبوون دەڕواتو پێویستییان بە چارەسەرکردنە، بۆیە پێویستە حکومەتو لایەنی تەندروستی بە هانایانەوە بێن، چونکە هەموو بریندارەکان پێویستییان بە چارەسەری پزیشکییە».

ئاشکراشیکرد: ئەگەرچی ساڵانە یادی ئەم کارەساتە دەکرێتەوە، بەڵام بێ سوود بووە، چونکە بەس شەهیدەکان بڕە پارەیەکیان هەیە کە وەک پێویست نییەو هیچ لە بریندارەکان مووچەیان نییە، کە مانگانە دەرمانەکانیانی پێبکڕن، وتیشی: «من دەپرسم؛ ئەگەر کەسێک بە زیندوویی مووچەی نەبێت، بە مردوویی بۆ چییەتی، ئەوەی ئێمە چاوەڕوان بووین لەم سنوورە، دروستکردنی خانوو بوو بۆ قوربانییان، بەڵام تائێستا دروست نەکراون».

بۆ یەکەمین جار لە هەرێمی کوردستان رۆژی (١٩٨٧/٤/١٦) رژێمی بەعسی رووخاو کیمیابارانی ناوچەی خۆشناوەتیو شێخ وەسانانو بالیسانی کرد، کە چەندین شەهیدو بریندارى لێکەوتەوە، جگە لە دەربەدەربوونی هاوڵاتییانی ناوچەکە.

تائێستاش (٣٠٢) کەس بە هۆی ئەم کیمیابارانەوە بوونەتە قوربانییو گیانیان لەدەست داوەو زیاتر لە (٤٠٠) کەسیش تائێستا کاریگەریی برینەکانیان لەسەر ماوەو (٤٨) کەسیشیان گیانیان لە دەستداوە.

# روونکردنەوە

**بەڕێز/ رۆژنامەی رۆژنامە**
**بابەت/ روونکردنەوە**

لە خوارەوە دەقی ئەو روونکردنەوەیەتان بۆ دەنێرین کە بەشی (محاسەبە/ دراساتو بەدواداچوون)ی لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی دارایی وەزارەتمان ئەنجامیداوە لەسەر ئەو بابەتەی کە لە ژمارە(٦١٠) رۆژی سێشەممە ٢٠١٠/١١/٣٠ لە لاپەڕە(٢٠)ی رۆژنامەکەتاندا بە ناونیشانی (بۆ وەزارەتی داراییو ئابووریيو لایەنە پەیوەندیدارەکانو رای گشتیی...) بڵاوتان کردووەتەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی.

بەپێی مادەی (١٢) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانو کەرتی گشتیی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت دیاریکراوە کە لە سەرانسەری عێراقدا دەبێت پەیڕەو بکرێت، بەپێی بڕگەی (سێیەم) لە مادەی ئاماژە پێکراو دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لەناو فەرمانگەکانی بەڕێوەبەرێتی ناحیەکاندا کە بڕی(٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار خەرج دەکرێت، بەڵام ئەو ناحیانە ناگرێتەوە کە سەر بە قەزای پارێزگاکانن، هەر بۆیە تەنیا بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار دەیانگرێتەوە، سەرجەم فەرمانگەو دامودەزگاکان.

**راگەیاندنی**
**وەزارەتی داراییو ئابووریی**



# پارتی لەبەردەم پەیامەکانی سەرۆکدا، بەرەوکوێ؟

فەرەیدون حەمەڕەشید

لە ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەییدا، کۆنگرەکانی حیزب بەشێک بوون لە زیندووکردنەوەو نوێکردنەوەی ژیانی سیاسی، کەواتە هەمووکات زەرورەتی بەستنی کۆنگرە گرەوە بۆ بردنەپێشەوەی حیزب لەقۆناغێکی چەقبەستووەوە بۆ قۆناغێک کە ئالوگۆڕی نەوعیو ئەرێنی لەژیانی سیاسیدا بکات.

ئەگەر چاوێک بەسەر هەلومەرجی ڕێکخراوەییو کاری سیاسی لەکوردستاندا بگێڕینو بەویژدانو دوور لە هەر دەمارگیرییەکی سیاسیو ئایدۆلۆژیی، خوێندنەوەو رامان لەکاری حیزبو ڕێکخراوەیی بکەین، دەبینین کە بینای حیزبو هەناوی حیزبایەتی لەکوردستان کەوتووەتە بەردەم لێکترازانی گەورەی جەماوەرییو کۆنترۆلکردنی حیزب لەلایەن دەستەو تاقمو خێزانەوە، ئەم دەردە کوشندەیەش بۆخۆی بەشێکە لەو مەترسییە گەورەیەی کە مەفهومو کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەئیفلیج گەیاندووە، کەواتە بۆ سەرلەنوێ نوێبوونەوەی هەر حیزبێک لەو لیخنیو مۆرانەیەی حیزبی کردووەتە دوکانێکی سیاسیو بوونی حیزب بە ئامرازێک بۆ مەرامی شەخسی، بەستنی کۆنگرە زەرورەتی دەستبەجێ دەبێت.

لەماوەی کۆتایی ئەمساڵداو پێش ئەوەی پێشوازی لەساڵی نوێ بکەین، هەردوو هێزی دەسەڵاتداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، چوونە ناو هۆڵی کۆنگرەوە بۆ خۆنوێکردنەوە لە بینای حیزب، بەڵام پرسیارێکی بەرهەق لێرەدا بەدوای وەڵامی خۆیدا دەگەڕێت، کە ئایا خۆنوێکردنەوە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان زەرورەتی مێژوویی خولقاندویەتی یا دەربازبوونی حیزب دەبێت لەبەردەم خۆقوتارکردن لە ڕەخنەو تێبینییەکانی جەماوەری خەڵک لەوەی کە ئەم حیزبانە بوێریی بەردەم نوێبوونەوە ناکەن، بێگومان بەخوێندنەوەی زۆربەی چاودێران، زیاتر ڕووەو کۆنگرەی حیزبەکان لەم هەلومەرجەدا ئەوەندەی بۆ ڕازیکردنی کادیرانی ناو حیزبو شەرعییەتدانە بە پێداکوتانی زیاتری کەسە باڵاکانی حیزب، ئەوەندە هاتنەدەرەوەی حیزبی دوای کۆنگرە نییە بەخوێنی تازەو خۆداماڵین لە هەڵەو کەموکورییەکانی دوێنێ.

ئەگەر ڕەخنەکان لەسەر میکانیزمو چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کۆنگرەو هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەکان بەجێبهێڵین بۆ ناو کێشەکانی هەناوی حیزبو خودی ئەندامانی هەرحیزبێک کە کۆنگرە دەبەستێت، بەڵام ئەوا مافی خەڵکی کوردستانە کە لەدوای هاتنەدەرەوەی هەرحیزبێک لەبەستنی کۆنگرە، ئەوحیزبە بخاتە بەردەم زوومی چاودێرییو لێپچینەوە لەسەر ڕاسپاردەو پەیامەکانی ناو کۆنگرە.

ئەمڕۆ لەسەردەمی تەکنیکی نوێو توانای ماڵیی زۆردا، کۆنگرەکان لەڕووی ئامادەسازییەوە هیچی کەمتر نییە لەکۆنگرەی هەمەچەشنەکانی وڵاتانی جیهان کە ڕاسپاردەکانی دوای کۆنگرە کۆمەڵێک ئالوگۆڕی سیاسییو ئابووریی بۆ ژیانی خەڵک لەگەڵ خۆیدا دەکاتە کاری دەستبەجێی ڕێکخراوەیی.

مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی حیزب لە کۆنگرەی سیانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی (٢٠١٠/١٢/١١) ڕاسپاردەو دروشمەکانی کۆنگرەی سیانزەی پارتی لە پەیامێکدا گەیاند، کە خودی پەیامەکە لەئەرزی واقیعدا دەچێتە خانەی گەشبینیو سەرەتایەکی نۆی بۆ ژیانی سیاسیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

مافەکانی ژنانو مافی مرۆڤ، مامەڵەکردنی لۆژیکیانە لەگەڵ ئازادیی سیاسیو ئۆپۆزسیۆن، کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان، ئەنفالو جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، پرۆسەی دیموکراسیو پرسی نەتەوەیی لەپارچەکانی تری کوردستانو مافی چارەی خۆنووسین بەقەولی پەیامەکەی بارزانیی سەرۆک، هەوێنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سیانزەی حیزب دەبن، کەواتە با خەڵکی کوردستان شانسو بەختێکی تر بدەنە پارتیو بارزانی سەرۆک بۆ دنیابینیی نوێی پارتی بۆ سیاسەت لەکوردستان.

ئەگەرچی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە هەیە کە تا ئاستێکی بەرز لۆژیکی تیادایە کە پارتی گیانی نوێبوونەوەی لەوحیزبەدا بە مەحاڵێکی ڕەها دەزانن، بەڵام نوێبوونەوەو داماڵینی هەر حیزبێکی کوردستان لەو مۆرانەو خۆسەپاندنەی تێیکەوتووە، بە قازانجی خەڵکی کوردستانو هێزە دیموکراسییەکانی دەچێتە پێشەوەو دەکرێت پێشوازیی گەرمی لێبکرێت.

کەواتە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێتە بەردەم چانسێکی مێژوویی، یان هەڵکردنو مامەڵەکردنە لەگەڵ دنیای نوێو ڕەوتی ڕووداوەکان لەدنیای ئەمڕۆدا، یان گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، کە ئەمەش بۆخۆی ئایندەی نزیکی دوای کۆنگرە، چارەنووسی پارتی دەخاتە بەردەم دووڕیانی گەڕانەوەو بوونی بەحیزبێکی جەماوەریی، یان دوورکەوتنەوەی تەواوی ئەو حیزبەیە لە کایەکانی دەسەڵاتو سیاسەت، ئەگەرچی لەئایندەی دووریشدا بێت.

faraidun_73@hotmail. com

**مافی خەڵکی کوردستانە کە لەدوای هاتنەدەرەوەی هەرحیزبێک لەبەستنی کۆنگرە، ئەوحیزبە بخاتە بەردەم زوومی چاودێرییو لێپچینەوە**



# (بادینان)یش هەرێمی کوردستانە

## پەیامێک بۆ فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان

هیوا جەمال

جێگەی دڵخۆشییو دەستخۆشییە کە پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ناوەناوە دەچنە ناو هاوڵاتییانەوەو هەر جارێک سەردانی دەڤەرێکو ناوچەیەک دەکەنو لە نزیکەوە لە کێشەو گرفتەکانیان دەکۆڵنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێبینییە، ئەم فراکسیۆنە تا ئێستا، تەنیا یەک جار سەردانی دەڤەری بادینانیان کردووە، ئەویش لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بوو.

دەڤەری بادینان، وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام بە نیسبەت فراکسیۆنی گۆڕانەوە، دەکرێت گرنگیی تایبەتتری پێبدرێت، لەبەر چەند هۆکارێک کە باسیان دەکەین:

لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا لیستی گۆڕان (١٤,٤٤٣) دەنگی بەدەستهێناو لە هەڵبژاردنی (٢٠١٠/٣/٧)دا ڕێژەی دەنگەکان بەرزبوونەوە بۆ زیاتر لە (٢٤,٠٠٠)دەنگ، کەواتە دەنگەکان لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، نزیکەی (١٠,٠٠٠)یان زیادکردووە، بۆیە پێویستە گرنگیی پێبدرێتو خزمەت بەوانو ئەوانەش بکرێت کە دەنگیان نەداوە.

لە هەرێمی کوردستاندا، تا ئەندازەیەک حیزبەکان ڕوویەکی ناوچەگەرێتیو لۆکاڵییان پێوە دیارە، بۆیە پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان لەڕێگەی فراکسیۆنەکەیەوە، ئەوە تێپەڕێنێت.

لەماوەی رابردوودا، وەفدی فراکسیۆنەکە، سەردانی هەریەک لە ناوچەکانی کۆیە، پشدەر، بتوێن، شارباژێر، هەڵەبجەو چەمچەماڵی کردو بڕیارە سەردانی کەلاریش بکەن، ئەم ناوچانە هەموویان سەر بە ئیدارەی سلێمانین، کەواتە تا ئێستا نەتوانراوە بە یەکسانی ناوچەکانی سەردانیان دابەشبکەن، بۆیە پێویستە لەداهاتوویەکی نزیکدا بەرنامەیەک بۆ دەڤەری بادینان دابنێن.

### بەرنامەی دەڤەری بادینان چی بێت؟

پێویستە بەرنامەی دەڤەری بادینان جیاوازبێت لە دەڤەرەکانی تر، چونکە ئەو دەڤەرە زیاتر دەسەڵاتی پارتی تێدا زاڵەو بەپێی زانیارییەکانیش، خەڵکی دەڤەرەکە، کەمتر دەتوانن بە ئازادانە بچنە بەردەمی ئۆپۆزسیۆنو نیگەرانییەکانیان باس بکەن.

دەبێت فراکسیۆنەکە چاوەڕێی ئەوە نەکات کە وەک دەڤەرەکانی تر، خەڵک بە پیریانەوە بچنو قەرەباڵغییان لێبکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەوانەیە کەمترین کەس بێنە پێشوازییان، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە نەخوازراونو خۆشناویستترین، ئەوەندە مانای ئەوەیە کە ڕەنگە نەوێرن بە ئاشکرا خۆیان نیشان بدەن، بۆیە پێویستی بە بەرنامەیەکی تایبەتە بۆ بینینی خەڵک.

لەوانەیە وا بیربکرێتەوە کە دامودەزگا حکومییەکانی دەڤەری بادینان وەک دەڤەری سلێمانی، نەیەن بەدەنگ پەرلەمانتارەکانی گۆڕانەوە، لەبەرئەوەی کە بیانوو ئەوەیە، دەسەڵاتی حیزب زیاتر بەسەر ناوچەکەدا زاڵەو بەرپرسە حکومییەکانیش، حیزب پێش حکومەت دەخەن، بەڵام ناکرێت فراکسیۆنی گۆڕان ئەو بۆچوونە بەهەند وەربگرنو باشتر وایە هەندێک لە سەردانەکانیان لەڕێگەی پەیوەندیی بە دامودەزاگا حکومییەکانەوە ئەنجامبدەن، چونکە دواجار حکومەت موڵکی حیزب نییەو بۆ هەموو خەڵکە بەگشتیی.

بادینان، تەنیا دهۆک نییە، بەڵکو چەندین قەزاو ناحیەی گرنگی تێدایەو پێویستە فراکسیۆنی گۆڕان، زۆرینەیان بەشداریی لەو گەشتەیاندا بکەنو شارۆچکەکانی زاخۆ، ئاکرێ، سمێلو تەنانەت هەندێک ناوچەی کوردیی سەر بە موسلێش (شەنگال) گرنگە بەسەربکەنەوەو زیاتر لە ناوچەکەدا بمێننەوە.

خەڵکی بادینان، هیچیان کەمتر نییە لە خەڵکی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دڵسۆزییان بۆ حکومەتو پەرۆشییان بۆ چاککردنی سیستمی حوکمڕانیی لە وڵاتداو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بۆیە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت.

**خەڵکی بادینان، هیچیان کەمتر نییە لە خەڵکی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دڵسۆزییان بۆ حکومەتو پەرۆشییان بۆ چاککردنی سیستمی حکومڕانی لە وڵاتدا**



لە پەرلەمانەوە

کاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# شەفافییەت لەبودجەدا

ساڵی پار، لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا، ئۆپۆزسیۆن بەئەرکی پەرلەمانیی خۆی هەستا دەربارەی بودجە، تا وەکو سامانو داهاتی گشتیی ڕوونکار بێتو لەسەرچاوەی بەدەستهێنانی داهاتو چۆنێتیی خەرجکردنی بپرسێتەوە. هەنووکە لەسەروبەندی هاتنی بودجە نزیک کەوتووینەتەوە، بەپێچەوانەی دەنگۆی هەندێک لە چەواشەکارو ئیرەییبەر، ئۆپۆزسیۆن بە ئەزموونێکی زۆرترەوە پەیگیری لەسەرشەفافییەتی بودجە دەکات. لەم ڕۆژانەشدا، بودجەیەک بەناوی بودجەی (تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاری هەرێم) ڕەوانەی پەرلەمان کرا. بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر سەبارەت بە بودجە کە لەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا لەمادەی (٢١)دا دیاریکراوە، وەزارەتی داراییو ئابووریی بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەو داهاتە وەردەگرێت کە ڕاستەوخۆ لە فرۆشتنی نەوتی خاوی هەرێمو فرۆشتنی پیکهاتەکانی نەوتەوە وەدی دێن، پێش ڕەفتارکردن پەرلەمانی لێ ئاگاداردەکرێتەوە، هەروەها لە مادەی (٢٢)دا (کۆی پارەی بەخشینەکان-المنح) بەوانەشەوە کە لە گرێبەستەکانی نەوتو غازی هەرێمەوە بەدەستهاتوون، لە حیسابی تایبەت لە وەزارەتی داراییو ئابووریی دادەنرێنو ئەم پارەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەو پرۆژانە تەرخاندەکرێن کە بەگوێرەی گرێبەستەکانی نەوتو غاز تەرخانکراون، هەروەها پرۆژەکانی ژێرخانیش لەهەرێم بەمەرجی پێش ڕەفتارکردن پێیەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرابێت.

دوای هەوڵێکی زۆر لەپێناوی جێبەجێکردنی دەقی ئەم مادانەدا، هەوڵو فشاری زۆری ئۆپۆزسیۆن، سەرۆکایەتیی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەپەیوەندیدارەکانو سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە پەرلەماندا دانیشتن کراو حیسابێکی تایبەت لە وەزارەتی دارایی کرایەوەو هەر لەو پێناوەشدا پرۆژەی بۆ خەرجکردنی ئەم داهاتە بە ناوی (پەرەپێدانی پارێزگاکان) هاتە پەرلەمان، کە پرۆژەکە ناشەفافو تەمومژاوییە بەپێچەوانەی دەقەکانی بودجەوەو پرۆژەکە، هیچ فۆرمێکی یاسایی لەخۆنەگرتووە. پرۆژەکانیش، وەکو پرۆژەی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی پلاندانانو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناویان لێنراوە، کە دەبا ناوی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی لێنابا، نەک پەسەندکراوەکان، پاش پەسەندکردنی لە پەرلەماندا، چ ناوێک دەبەخشێتە ئەم پرۆژانە؟

بە تەماشاکردنێکی سەرەتاییانەی پرۆژەکە، گەلێک کەلێنو کەموکورتی دەردەکەون، چونکە بواری پەرەپێدانی پارێزگاکان چەند سەرچاوەیەکی هەیە، وەکو لەبەغداو هەروەها لەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕەپارەیەک بۆ هەمان مەبەست تەرخان دەکرێتو بۆئەوەی تێکەڵوپێکەڵی نەکەوێتە ناو داهاتەکانو چۆنێتیی خەرجکردنو جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان بەڕۆشنی دیاربنو پەرتەوازیی داهاتو دابەشکردن نەمێنێت، تەرخانکردنی چەندجارەی گوژمە لە بودجەدا تەمومژو ناودژی لەگەڵ ئەو چەمکە هەیە کە پرۆژەکان دووجار گوژمەیان بۆ تەرخان دەکرێت. سەرەڕای ناهاوسەنگیی دابەشبوونی جوگرافیی پرۆژەکان، ئەگەر پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر وەربگرین، کە بڕی (٥٣,٣٠٠٠٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو گوندە ئاوەدانەکان کە ژمارەیان (١٠٩٦)گوندە، دابەش دەبن بەسەر (٩) قەزادا، تەنیا نۆزدە پرۆژەیان بەرکەوتووە، ئەمەش هاوسەنگ نایەتەوە لەگەڵ گەشەکردنی شارەکان لەسەر حیسابی تەواوی گوندەکانو هەندێک لە قەزاو ناحیەکان. سەرباری هەموو ئەم کەموکورتییانەی کە باسکران، خاڵێکی گرنگ هەیە کە پەیوەندیدارە بە شەفافییەتی پرۆسەی وەدیهاتنی داهاتەکەوە، ڕەنگە لێپێچینەوەو وردەکاریکردن لەمیدیاکاندا ببێتە بیانووی زیانگەیاندن بە بەشەداهاتی خەڵکی کوردستان، بەڵام باسنەکردن لەئاستی دەرەوە، نابێت بەهیچ شێوەیەک سازشمان پێبکات لەسەر ڕوونکاریی لەپرۆسەی وەدەستهاتنی داهاتەکەو پشکی خەڵکی کوردستانو خەرجکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بۆ بڕینی ئەم بیانووەش، با گفتوگۆکان لە بازنەی بچووکو دوور لەمیدیا لەناو هۆڵی پەرلەمان بن. خەڵکی کوردستان، وردەکاریی داهاتی گشتییان لەڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بزاننو بەشێوەیەک خەرج بکرێت، قازانجی بەرژەوەندییو بژێویی ژیانی هاوڵاتییانی کوردستان بپارێزێتو ئەرکەکەش لەئەستۆی پەرلەمانتاراندایە.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ - چوارڕێیانی حەمرین - تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# پەرلەمانتارو حیزب، پەرلەمانتارو دەنگدەر



عەدنان عوسمان*

وابزانم هەر لە سەرەتاوە، دەبێت دوو ئیشکالییەتی گرنگ پەیوەست بەم بابەتە بخەینە بەرچاو، بۆ ئەوەی نارۆشنی لە قسەکاندا نەبێتو مەبەستەکان بە ئاراستەی تردا نەبرێن.

ئیشکالییەتی یەکەم پەیوەستە بە حیزبەوە. ئایا لە وڵاتی ئێمەدا، ئەو حیزبە هەیە کە بە گوێرەی پێوانە جیهانییەکان بناسرێت؟ حیزب وەک بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنیی کار دەکات، یان کۆمەڵگای مەدەنیو نامەدەنیشی لغاوکردووەو بچووککردووەتەوە؟

کە باس لە حیزب لە کوردستاندا بکەین، دەبێت نموونەکانی ئێستا وەرگرین، واتە حیزبگەلێک کە میلیشیایان هەیە، ئاسایشو دەزگای نهێنیو سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتیان هەیە. بە کورتیی، حیزبی ئێرە لە هیچ فەرهەنگێکی جیهانیدا نە پێناسەی هەیەو نە نموونە.

کێشەی دووەمیش، مەسەلەی پەرلەمانتارە. ئایا ئێمە خاوەنی دامەزراوەیەکی راستەقینەی خاوەن بڕیارو هەیبەتی یاسادانانین؟ ئەو پەرلەمانەی کوردستان هاوشێوەی لە کوێی تری دونیادا هەیە؟ ئایا پەرلەمانتار، زادەی بڕیارێکی سیاسییە؟ نوێنەرایەتیی دیدگایەکی دیاریکراو دەکات؟ جێگەو ڕێگەیەکی لە نێو حیزبدا هەیە کە شایانی پەرلەمانتار بێت؟ ڕۆڵی لە ئاراستەکردنو دارشتنی بەرنامەو ستراتیژەکانی حیزبدا هەیە؟

پێم وایە، بە تێبینیکردنی ئەو دوو ئیشکالییەتەی سەرەوە، باسکردن لە پەیوەندیی نێوان پەرلەمانتارو حیزب، ئاڵۆزییەکی بێوێنەی پێوە دیارە، بەڵام ناکرێت ئەم مەسەلە گرنگە فەرامۆش بکرێتو بە رەخنەگرتنو قسەکردنو هەوڵی بەراوردکاریی لەسەر ئەم پرسە، دەتوانین سیماکانی پەرلەمانتاری راستەقینە بخەینەڕوو، لانیکەم بۆ داهاتوو.

## با لە ستانداردەوە دەستپێبکەین

پەیوەندیی ئاساییو سروشتی لەنێوان پەرلەمانتارو حیزبدا، پەیوەستە بە شێوەی سیستمی حوکمڕانیو پاشانیش سیستمی هەڵبژاردن. سیستمی هەڵبژاردن لە وڵاتانی دیموکراسیدا، بە گوێرەی لیستی حیزبییە، ئیتر حیزب بێت، یا بەرەیەکی سیاسی، یان قەوارەیەک، یان رێکخراوێکی سیاسی (دیارە کاندیدی سەربەخۆش هەیە کە ئەویش دیسان هەڵگری پەیامێکی دیاریکراوە)، واتە کاندیدەکان نوێنەرایەتیی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو دەکەنو بە دەنگی لایەنگرانی ئەو لایەنە دەڕۆنە پەرلەمان. دیارە کەسایەتیی کاندیدەکان بە تایبەت لە لیستی کراوەو لە بازنە بچووکەکاندا، رۆڵێکی گەورەی دەبێت لە زۆربوونی دەنگەکانی ئەو لایەنە، بۆیەش هەوڵدەدرێت باشترین کەسەکان بۆ پەرلەمان دیاریبکرێن کە جێگای متمانەی خەڵکی بن، بەڵام دواجار بەهێزیی یان لاوازیی بەرنامەو هەڵوێستەکانی ئەو لایەنە سیاسییە، دوابڕیاردەر دەبێت لەسەر ئاستی نیشتمانی.

لە عورفی دیموکراسیدا، فراکسیۆنی پەرلەمانیی نوێنەرایەتیی بەرنامە، بەرژەوەندییو بەهاکانی حیزب دەکات لە پەرلەماندا، بۆیە فراکسیۆن، یا بلۆکی پەرلەمانیی بە توندی بەستراوەتەوە بە بەرنامە سیاسییەکانی حیزبەوەو ئەم پابەندبوونە تەنیا مەسەلەیەکی ئەخلاقی نییە کە کەسێک بە دەنگی حیزبێک هاتبێت، ئیتر ئەرکیەتی جۆرێک لە پەیوەندیی لەگەڵ حیزبەکەیدا رابگرێت، یان ببێتە گوێڕایەڵێکی هەمیشەیی حیزب. نەخێر، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسی گرنگەو پابەندبوونە بە بەهاکانو بەرنامە سیاسییەکەوە، نەوەک بە ئۆرگانەکانی رابەرایەتیی حیزب، یا بەرژەوەندە تەسکەکانی حیزبو لە راستیشدا ئەوە خودی فراکسیۆنە کە سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب دادەڕێژێت بە هاوکاری ئۆرگانەکانی تر، نەوەک تەنیا وەرگر (متلقی) فەرمانەکانی سەرەوە بێت، چونکە بۆ فراکسیۆنی پەرلەمان لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، سەرەوە نامێنێت، بەڵکو خودی فراکسیۆنەکە دەبێتە بەشێک لەو سەرەوەیە!

لایەنی رێنوێنیکەر بۆ فراکسیۆنەکە بەرنامەی سیاسیو ستراتیژی حیزبەو فراکسیۆن دەنگی حیزبە، بەڵام سێبەری نییە. دیارە لە نێوان ئەم دوو چەمکەشدا، جیاوازییەکی رۆشن هەیە، چونکە سێبەر جێبەجێکارێکی بێرۆحو بێگیانە.

کارنامەی فراکسیۆن تەنیا لە بووندا بە بەشێک لە ئۆرگانی بڕیاردانی حیزب، کورت ناکرێتەوە. بەشێکی گرنگی تری ئەو کارنامەیە بریتییە لە پەیوەندیی لەگەڵ دەنگدەراندا، ئەو پەیوەندییە شادەماری کارکردنی حیزبە لە نێو جەماوەرو مانەوەیەتی لە لوتکەی دەسەڵاتدا، یا هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات کە ویستی هەموو حیزبێکی هەڵبژاردنە، بۆیە چاوی فراکسیۆن هەم لای سیاسەتەکانی حیزبو هەمیش بە دیوی تردا لای دەنگدەرانە. لە واقیعیشدا خودی ئەو سیاسەتانەش، دەبێت دەربڕی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری دەنگدەرو لە پشتی ئەوانەوەش خەڵکی وڵات بن بەگشتیی. لە رووی پرەنسیپەوە، پەرلەمانتاری حیزبیی دەتوانێت دوورو تەنانەت بە دژ لە سیاسەتەکانی حیزبەکەی هەنگاو بنێت، ئەویش تەنیا لەکاتێکدا کە حیزب لە بەرنامە سیاسییەکەی دوور بکەوێتەوە، واتە پێویستە پەرلەمانتار بەوەفا بێت بۆ ئەو بەرنامەیەی کە هۆکاری هاتنی ئەو بووە بۆ پەرلەمان، بەڵام لەم حاڵەتەشدا پێویستە ئەمەش بە دابڕان نەبێت، بەڵکو لە ئاکامی گفتوگۆیەکی ناوخۆیی چڕوپڕدا بێتو پەرلەمانتار سەرەتا هەوڵ بدات ئۆرگانە حیزبییەکان لەو لادانە ئاگادار بکاتەوەو هەڵوێستی خۆی رۆشن بکاتو پیشانی بدات کە ئەوە ئەو نییە لە حیزب دوور کەوتووەتەوە، بەڵکو ئەوە حیزبە لە ئامانجو بەرنامەکەی پاشگەزبووەتەوە، بەڵام ئەم کێشەیە زۆر بە کەمی لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا روو دەدات، چونکە خودی پەلەمانتار دارێژەرو پیادەکەرو جێبەجێکەری ئەو بەرنامەو سیاسەتەیەو سەرۆکی فراکسیۆنیش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، سەرۆکایەتیی حیزبەکە دەکات.

بە کورتیی، هێڵکاریی پەیوەندیی حیزبو رێکخراوی سیاسی لە کۆمەڵگی دیموکراتیدا، بەم شێوەیەیە:

فراکسیۆن ↔ حیزب.

واتە فراکسیۆن رۆڵی سەرەکی دەبێت لە دیاریکردنو ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی حیزبو لە هەمانکاتیشدا پەیوەستە بە ئۆرگانەکانی حیزبەوەو پەیوەندییە پتەوەکانی لەگەڵ دەنگدەرانیدا دەپارێزێت.

لە وڵاتی دیموکراسیدا، پەرلەمان حیزبیترین دامەزراوەیە، بەو مانایەی بەرنامەو بەرژەوەندیی حیزبەکان لە هۆڵو تەلاری پەرلەماندا کۆدەبنەوەو حیزب شوێنێکی تر شک نابات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکانی، بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. لە وڵاتی دیموکراسیدا، حیزب ململانێ سیاسییەکانی لە راڕەوو باڵەخانەو هۆڵی پەرلەمان دەباتە پێشەوە، نەک لە ژوورە داخراوەکانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیدا، واتە مەیدانی سەرەکی بەرجەستەکردنی سیاسەتەکان پەرلەمانە، نەک شوێنێکی تر. تەنانەت ئەندامە سەربەخۆکانیش، ئەوانەی بە لیستی حیزبی نەهاتوونەتە پەرلەمانەوە، جۆرێک لە پابەندبوونیان بۆ بەرنامە سیاسیو دەنگدەرانیان هەیە بە تایبەت لە بازنەکاندا، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە لانیکەم تا ئەم ساتەوەختەی گەشەسەندنی ژیانی دیموکراسی، باس لە پەرلەمانی بێحیزبو دوور لە کارتێکردنی حیزبی بکەین. لەوانەیە ئەوە تەنیا لەو وڵاتانەدا بێت کە حیزب دیکۆرێکی بێگیانی سیستمی دیکتاتۆریو تاکڕەوییە.

### ئەی لای خۆمان؟

تێگەیشتنی ئێرە بۆ پەیوەندیی پەرلەمانو حیزب، بە گوێرەی واقیعی سیاسیی شێواوی کوردستان دارێژراوە.

لێرە، کە باس لە پەرلەمان دەکرێت، لەلایەکەوە هەوڵدەدرێت داماڵرێت لە کارکردی حیزبایەتیو وەک دامەزراوەیەکی بێلایەنی حیزبی سەیر بکرێتو لە لایەکەی تریشەوە کراوەتە ئامرازێکی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکانی حیزب. هەندێک بە تایبەت کەسە ناحیزبییەکانو چاودێرانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، چاوەڕێی ئەوە لە پەرلەمانتار دەکەن کە دوور لە بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبیو بە گوێرەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی بڕیار بداتو کەمتر بگەڕێتەوە بۆ حیزبەکەیو هەندێکی تریش بە تایبەت کەسە حیزبییەکان، داوا دەکەنو هەوڵی ئەوە دەدەن پەرلەمانتار ببێتە زمانحاڵو گوێڕایەڵی کتومتی حیزبو هەر ئیجتیهادێکی جیاواز بە دوورکەوتنەوە لە پەیامی حیزبو مەرکەزییەت دەزانن.

لێرە، کە دەبینن پەرلەمانتاران زۆربەی کات بە گوێرەی بڕیاری حیزب هەڵوێست دەنوێنن، تووشی جۆرێک لە دڵساردیی دێنو هەست دەکەن، لە پەیامو جێگاو رێگای خۆیان لایان داوە. لێرە، پێمان باشە پەرلەمانتار بە گوێرەی ویژدانی خۆی دەنگ بداتو ئازادانە قسە بکاتو هەموو کۆتو بەندێکی حیزب لە خۆی داماڵێت، ئەوەش بە پەیامی راستەقینەی پەرلەمانتار دەزانرێت کە بە رای من، زەحمەت نییە، هۆکاری ئەمە بزانرێت. پێش ئەوەی رەخنە لەم دیدگایە بگرین، پێویستە لە واقیعی سیاسیی تێبگەینو رەخنەی ئاراستە بکەین. دەبێت لە جێگاو رێگای حیزب لە کۆمەڵگای کوردی بڕوانین، شێوازی ئیشکردنی، ئاراستەکردنی ئەندامەکانی، دیاریکردنی ئۆرگانەکانی، تێکەڵیی لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان، هتد. حیزبی کوردی هێشتا لە نێو وەهمی بە کۆمەڵگەبوونی خۆیدایەو ناتوانێت بیر لەو رۆژە بکاتەوە کە ئەو بەشێکە لە کۆمەڵگاو تەنیا بزوێنەری نییە.

جارێک ئەم پەرلەمانەی ئێمە، لە راستیدا هێشتا نەبووەتە جێگای ململانێی حیزبی، بۆیەش چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە لەوێدا حیزب لە هەوڵی پراکتیزەکردنی رویئاکانی خۆی بێتو بنەمای ململانێکان لەسەر بەها سیاسییەکان بێت. ساڵانێکی دوورو درێژە حیزب لەبری سەرکردە خاوەن بڕیارەکانی، کۆمەڵێک کادیری خوارەوە دەنێرێتە پەرلەمانو زۆربەی حاڵەتەکانیش لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی نێوخۆی حیزبو بۆ رازیکردنی گرووپەکانو بنەماڵەکانو وەفاداریی بۆ کەسوکاری بەشێک لە شەهیدە سەرکردەکانە. رۆڵی ئەندامی پەرلەمان لەم ساڵانەی دواییدا: پەسەندکردنی پرۆژەیاساکانی حکومەتو وەرگرتنی مووچەیەکی چەورو پاشانیش خانەنشینبوونە، واتە رازیکردنو مسۆگەرکردنی ژیانی بەشێک لە کادیرانی حیزبو جێکردنەوەیان لەنێو دامەزراوەکانی هەرێمدا، هەر بۆیەش پەرلەمانتاران هیچ رۆڵێکیان لە ژیانی نێوخۆی حیزبەکەیانو ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی نییەو لەم حاڵەتەدا لەبری کەسی چالاکو بڕیاربەدەست، لە باشترین حاڵەتدا دەبنە سێبەرێکی بێگیان وەک پێشتر باسمان کرد.

حیزب لە کوردستاندا، هەر لە پاش هەڵبژاردن، ئیتر بەرنامەو دروشمەکانی دەخاتە نێو فریزەرو تەجمیدی دەکات تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتوو، هەر بۆیە پەرلەمان نابێتە ئەو شوێنەی کە بڕیارە ململانێی جدیی تێدا بکرێت لەسەر دروشمە جیاوازەکانو نابێتە جێگایەک بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانو کار لەسەر هیچ بەهایەکی سیاسی ناکات. جێگای پەرلەمانتار لە حیزبدا زۆرتر وەرگرە، نەک داهێنەر، ئاراستەکراوە، نەک ئاراستەکەر، جێبەجێکەرە، نەک بڕیاردەر، لە ئەڵقەی لاوازی ستافی بڕیاردانە نەوەک لە ستافی سەرەوە، پەیوەست نەکراوە بە کۆمەڵێک ئۆرگانی راوێژکارییو ئەڵقەی تری ناوەندی، بەڵکو کەمترین راوێژی پێدەکرێتو بۆ دەکرێت، ئەمەش هەمووی پەیوەستە بە تێگەیشتنی حیزب بۆ پەرلەمان وەک دەزگا. لە عەقڵی حیزبدا، پەرلەمان جگە لە تەلارێک بۆ زەخرەفەی دیموکراسیو شوێنێک بۆ مووچەدان بە بەشێک لە کادیرەکانیو تەشریعکردنو رەوایەتدان بە پرۆژەکانی حکومەت، هیچی تر نییە. پەرلەمان لای حیزبی کوردی، ئەودەزگا چارەنووسسازو بڕیاربەدەستە باڵایە نییە کە ناچاری بکات باشترینو بە توانترینو کاریگەرترین کادیرەکانو رابەرانی خۆی بۆ تەرخان بکات، لە نێو ئەندامەکانیشیدا بە دوای لێهاتووترین کەسەکان بگەڕێت بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنو دروشمەکانی.

بە پێچەوانەوە، حیزب هەمیشە کادیرە باڵاکانی (ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو فەرماندە دەستڕۆیشتووەکان) لە دەرەوەی پەرلەمان دەپارێزێت بۆئەوەی بڕیارەکانی پەرلەمانتار هەمیشە لەلای ئەو دیاریی بکرێت. حیزب لە باشترین حاڵەتدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی رەوانەی پەرلەمان دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لە کاتێکدا سەرجەم بڕیاربەدەستە راستەقینەکان کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، خودی سەرۆکی حیزبە، لە دەرەوەی پەرلەمانن.

بەڵام ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە، دیوە زۆر زەقەکەی تری روونترە: ئەویش پەیوەندییە بە دەنگدەرەوە. پەرلەمانتاری کوردستان، پێش هەموو شت خۆی بە قەرزاری بەرپرسە باڵاکەی حیزب دەزانێت کە کاری بۆ کاندیدکردنی ئەو کردووەو لەم حاڵەتەشدا نە خۆی پابەند بە دروشمو بەرنامەکانی حیزب دەکاتو نە هیچ پەیوەستبوونێکی ئەخلاقیو سیاسیشی بە دەنگدەرەکانییەوە دەمێنێت، بەڵکو لەواقیعدا جۆرێک لە پچڕانو دابڕان لە نێوان پەرلەمانتارو دەنگدەردا بەدیدەکرێت. لێرەدا دەتوانم بڵێم، تەنیا ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان بوون کە توانییان ئەم هاوکێشەیە راست بکەنەوەو نزیکایەتی خۆیان بە دەنگدەرانەوە کەم تا زۆر بپارێزن (کە دەکرێت باشترو رێکوپێکتر بکرێت).

بەشێکی تر لە ئیشکالیەتی ئەو پەیوەندییە، بریتییە لە چەمکی خەڵک. حیزبی کوردی کە لە ئێستاشدا بە عەقڵی حیزبی قائیدو پێشڕەو ئیشدەکات، هەمیشە دەیەوێت خۆی بە نوێنەری سەرجەم خەڵک بزانێت، نەک بەشێکیو بەبێ گوێدانە ئاستی جەماوەرییو رێژەی دەنگدان، خۆی بە نوێنەرو دەمڕاستی هەموو خەڵک دەزانێتو هەمیشە بەناوی هەمووەوە قسەدەکاتو وا پیشان دەدات کە تەنیا خەمخۆری گەل ئەوە، بۆیەش لێرەدا خۆی ماندو ناکات بۆ ئەوەی جۆری پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەنگدەرانیدا ساغ بکاتەوە.

پەرلەمانتار، پێویسە هەمیشە ئەو پەیوەندییە بە زیندوویی رابگرێتو بە گوێرەی توانا ئەڵقەیەک کە بتوانێت نموونەیەک بێت بۆ زۆرینەی دەنگدەرانی دروست بکاتو لە مەسەلە گرنگەکاندا راوێژی پێبکات. پەرلەمانتار، کاتێک پەی بە هەستیاریی جێگەکەی خۆی دەبات، ئەرکی سەرەکیەتی کە هەمیشە بگەڕێتەوە بۆ دەنگدەرانیو لە بڕیارە گرنگەکاندا تووشی دڵساردییو شۆکی نەکات. بۆ خۆم لە ئێستادا کە سەرجەم حیزبەکانی کوردستان بە هەمان عەقڵیەتی تەقلیدیی جاران کار دەکەن، ئەرکی پەرلەمانتارە پێش خودی حیزبەکەی بگەڕێتەوەو راوێژ لەگەڵ دەنگدەرانیدا بکات، یان لانیکەم پێش جێبەجێکردنی بڕیارە حیزبییەکان، هەوڵ بدات دیالۆگێک لە نێوان خۆیو دەنگدەرەکانیدا بکاتو پرسو رایان پێبکات.

لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە لە خودی گۆڕان. وەک هەموومان دەزانین، نوێنەرانمان لە بەغدا، هەڵوێستی پشتیوانییان لە کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی نواند (ئیتر بە دەنگدان بێت، یان دەرنەچوون لە هۆڵی ئەنجومەن) دیارە بۆ ئەمە دوو بۆچوون هەیە، یەکەمیان؛ کە من بۆ خۆم لایەنگریم، دەڵێت، ئێمە متمانەی دەنگدەری خۆمان دۆڕاندو ئەگەر بە گوێرەی ستراتیژی گۆڕانو ویستی گۆڕانخوازان کارمان بکردایە، دەبوایە دەنگمان بەو بەرێزە نەدایە، رایەکی تر دەڵێت، نەخێر، خۆ ئێمە هەر نوێنەری دەنگدەری خۆمان نین، بەڵکو سەرجەم خەڵکی کوردستانو ئەمەش هەڵوێستێکی نیشتمانیو نەتەوەیی بوو، توانیمان کەسبی بەرەیەکی فراوانی خەڵک بکەین. ئەم تێگەیشتنە لە ژێر وەهمی کەسبی دەنگی تر، دەنگدەرە راستەقینەکەی خۆی لەدەستدەداتو چیتر بۆ داهاتووش ناتوانێت ببێتە جێی متمانەی دەنگدەرانی خۆیو دەرەوەی خۆیشی، چونکە لە یەکەم تاقیکردنەوەدا نەیتوانی هەڵگری پەیامەکە بێت. لەڕاستیدا، پەرلەمانتار دەبێت لە رێگەی دەنگدەرانی خۆیەوە، هەوڵی فراوانترکردنی بنکەکانی بکات، نەوەک بە فەرامۆشکردنیان.

بۆیە کاتێک رەخنە لە پەرلەمانتاری کورد دەگرین کە گوایە زۆرتر گوێڕایەڵی حیزبە، نەک میللەت، دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین کە خودی حیزبیش جگە لە پلانی کورتمەوداو بێستراتیژ، هیچ پابەندییەکی بە بەرنامەی هەڵبژاردنەوە نییەو ئەم حاڵەتەش وا دەکات کە لیستەکانی نێو پەرلەمان، هێڵە جیاکەرەوەکەیان کاڵبێتو پەرلەمان نەبێتە شوێنی بردنەپێشەوەی ململانێکان.

پێش ماوەیەک، برادەرێک لە وتارێکدا رەخنەی لە فراکسیۆنی گۆڕان گرتبوو کە دانیشتنی لەگەڵ بەرپرسەکانی حیزبدا کردووە. ئەمەش دیوێکی تری تراژیدیای تێنەگەیشتنە لە ئەرکەکانی پەرلەمانتار کە دیارە هۆکارەکەی لەوەدایە، کاری پەرلەمانیی لای ئێمە نەبووەتە کلتوورو پیشە، بۆیەش بەم شێوەیە هەڵگری ئیجتهاداتی سەیرو سەمەرەیە، چونکە ئەوە سەرەتای هەنگاوێکی دروستە بە رێگای راستدا، واتە فراکسیۆن سەرۆکایەتیی کاروبارەکان دەکات، نەک تەنیا موتەلەقی فەرمانەکان بێت. هەندێک رۆشنبیری ئێمە پێی وایە، پەرلەمانتار دەبێت تەنیا لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان ئیش بکاتو پەیوەندیی لەگەڵ حیزبەکانی تر بەجێبێڵێت بۆ ئۆرگانە حیزبییەکان، گوایە بەمەش پەرلەمان لەدەستتێوەردانی حیزب دەپارێزین، بەڵام لە واقیعدا، کاتێک فراکسیۆنێک قیادەی پەیوەندییەکان وەردەگرێتو لەدەستی خۆیدا کۆی دەکاتەوە، ئەوە تێگەیشتنی راستەقینەیە لە ئەرکی فراکسیۆن، چونکە دەبێت خودی فراکسیۆن ئاراستەی پەیوەندییەکانی حیزب دیاریی بکات، چونکە لە کۆمەڵی مەدەنیدا، زۆرترین ئەو پەیوەندییو کارانە لەلایەن فراکسیۆنی پەرلەمانییەوە دەکرێنو ئۆرگانەکانی تری حیزب یارمەتیدەرن، نەوەک ئاراستەکەر.

لە کۆتاییدا، دەبێت ئاماژە بەوەش بدەم کە هێشتا تێگەیشتنی گۆڕانیش بۆ ئەرکو رۆڵی فراکسیۆنەکەی لە ئاست حیزبە تەقلیدییەکانی کوردستاندایەو نەچووەتە پێشەوە. راستە لە هەندێک بواردا رۆڵ بۆ پەرلەمانتاران دیاریکراوەو بەشدارن لە هەندێک لە گفتوگۆکان، بەڵام ئەو عەقڵیەتەی کە کۆنترۆڵی ئەو کارانە دەکات، هێشتا بە ئاراستەی جاران کار دەکاتو ناتوانێت فراکسیۆنەکە وەک بەشێک لە خاوەن بڕیار، نەک جێبەجێکەر، ببینێت. نموونەیەکی رۆشنی ئەم قسەیەمان، لە پێشکەشکردنو راگەیاندنی چەند خاڵەکەی بزووتنەوەی گۆڕان دێت بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم کە بەبێ پرسکردنو ئاگادارکردنەوەی زۆرینەی ئەندامانی فراکسیۆن بوو.

پەرلەمانتارانی گۆڕان، دەبێت هەمیشە بیر لە دوو کوچکەی بزووتنەوەکە، خەڵکی دەنگدەر بکەنەوە، بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە خۆیان بەشێک بن لە دیاریکردنی ستراتیژەکانو بەرنامەی کارو تەنها لەو حاڵەتەشدا دەبنە هەڵگری بەها سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕانخوازان.

* سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستان




# یاسا سەرووەرە؟



د.هەژار مەعروف

ئەوەی کە یاسا وەک داوی جاڵجاڵۆکە وایە، لە پەل‌و باڵی مێشولە دەئاڵاو زیندانیی دەکات، بەڵام زەردەواڵە، بێ هیچ زیانێک خۆی لە قوڵف‌و گرێکانی دەرباز دەکات، لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاستییەکە خەڵک دەیزانێت، بۆیە ڕستەگەلێکی وەک «یاسا سەرووەرە»، یان «یاسا لە سەروو هەموومانەوەیە» کە زۆر جار لە زاری لێپرسراوانی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەیبیستین، هیچ گرنگی‌و ڕێزو ئیعتیبارێکی نەماوە، چونکە زۆربەی خۆیان بە دەیان کوێرەڕێ‌و لاڕێی فڕوفێڵ، یان ئەگەر پێویستی کرد، بە هەڕەشە، یان بە بەرتیل، یان بە سوڵحی عەشایەریی سەپێنراو، ناهێڵن یاسا بەسەر خۆیان دەوروبەرەکەیان پیادەبکرێت، لە بەرامبەردا نەداران‌و بێدەسەڵاتانی ئەم گەلە یاسا پڕاوپڕ بە سەریاندا پیادە دەکرێت، ناچارم بۆ هەردوو حاڵەتەکە نموونە بێنمەوە کە مشتێکن لە خەرواری، هەزاران نموونەی تر ڕۆژانە لە کوردستان ڕوودەدەن، بەرگدروویەک بۆی گێڕامەوە: هەرزەکارێک لەکاتی دزینی(٣) تۆپ قوماش لە دووکانەکەی، لەلایەن پاسەوانێکەوە دەگیرێت، کاتێک بۆ ناسینەوەی تۆپە قوماشەکان بۆ پۆلیسخانە بانگی دەکەن، زۆر لەوە نارەحەت دەبێت کە دەبینێت چۆن سوکایەتیی بە هەرزەکارەکە دەکرێت‌و ئازاری جەستەییش دەدرێت، ئەمیش تکایان لێدەکات واز لە ئازاردانی بێنن، دواتر هەرزەکارەکە بە (٢) ساڵ زیندانیی حوکم دەدرێت، لە ماڵپەڕی سبەی دا ئەمەم خوێندەوە: ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٤) ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر بەڕێوەبەرێتی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی لە شاری سلێمانی‌و سەرجەم پاسەوانەکانی ئەو بەڕێوەبەرێتییەیان چەککردو چوونە نێو بەڕێوەبەرێتییەکەوە بە مەبەستی ڕفاندنی یەکێک لە نەوجەوانە بەندکراوەکانی نێو ئەو بەڕێوەبەرێتییە)، دیارە ئەو نەوجەوانە زیندانییە لەوێ نەبوو، دەنا دەفڕێنراو دەکوژرا، (عەبدولستار تاهیر شەریف)و (سۆرانی مامە حەمە) لە کەرکوکی ژێر دەسەڵاتی ئاسایشی کوردیی، دواتر (سەردەشت عوسمان) بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە بەرچاوی پارێزەرانی یاساوە لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، بە ناهەق دەکوژرێ، تائێستا یاساو پارێزەرانی یاسا نەیانتوانیوە بکوژانیان‌و فەرماندەرکەرانی ئەو کوشتنە سیاسییانە بدۆزنەوەو سزای ڕەوای خۆیان بدەن، کاتێک سەدان نامە کراوەکانی لە ڕێی ڕۆژنامە سەربەخۆکانەوە ئاراستەی لوتکەکانی دەسەڵاتی کوردیی دەکرێن‌و بێ وەڵام دەمێننەوە، کاتێک سکاڵاکان‌و دادوبێدادەکانی بەشخوراوانی ئەم میللەتە بەر گوێی کەڕو دڵی بەردو دیواری چیمەنتۆی مێشکی فەرمانڕەوا کوردزمانەکانی هەرێمی کوردستان دەکەون‌و بێ وەڵام دەمێننەوە، کاتێک ئیدی جامی دانبەخۆداگرتن‌و ئارامیی خەڵک پڕدەبێت‌و تاکە دڵسۆزو ویژدان زیندوو ئازاو ئازادەکان‌و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بۆ بەرگریی لە مافە خوراو و ژێرپێنراوەکانیان بە شێوەیەکی شارستانیی ئاشتیخوازانە دەڕژێنە سەر جادەکان‌و دەسەڵاتپارێزەکان لەژێر درووشمە بێتام‌و سواوەکانی وەک(ئاسایشی نەتەوەیی، یەکڕیزیی کوردو ...هتد) هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش دەورووژێنن‌و بە دارو کوتەک دەیاننێرنە سەر خۆپیشاندەران، کاتێک دەسەڵاتی ناعادیلی کوردیی، بە تایبەتیی باڵی پارتی ئەم دەسەڵاتە زۆرایەتییەی پەرلەمانییەکەی خراپ بەکاردێنێت بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەموارکراوی ڕۆژنامەگەریی، بۆ ئەوەی ئیتر بەبێ مۆڵەتی فەرمانبەرێکی ئاسایش لەم کوردستانەدا، کەس نەتوانێت لە شوێنە گشتییەکاندا فزە بکات‌و نارەزایی لە دژی ناڕەوایی‌و بێدادییەکانی ئەم دەسەڵاتە دەربڕێت، خوێنەری هێژا! کاتێک بکوژی (٢) خوشک بە فەرمانی لێبوردنی سەرۆکی وڵاتەکەت لە زیندان پێشوەخت بەرەڵا دەکرێت، کاتێک ......، کاتێک....، کاتێک...، بە بەرچاومانەوە ڕۆژانە ئەو هەموو چەوتیی‌و نالەباریی‌و نادروستیی ناڕاستیی‌و نادڵسۆزیی‌و دواکەوتویی‌و ناڕەواییانەی حوکمی کوردیی دەبینین، من‌و تۆی هاوڵاتیی ئاسایی چی بکەین؟ زۆر شت هەیە بیکەین، زۆر زۆر! لەپێشی هەموویانەوە لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ڕەشبین، نائومێدو هیوابڕاو، بێخەم‌و خەمساردو پاسیڤ نەبین، چونکە ڕووخانی ورەی ئێمە هیواو ئاوات‌و ئامانجی داگیرکەرانی کوردستانە، دەبێت دەستکەوتەکانی خەباتی گەلەکەمان ببینین‌و تیایدا بژین‌و بە هەموو هەستەکانمانەوە چێژی لێببینین، دەبێت لێرەو لەوێی تاریکستانی دەسەڵاتی کوردیی تروسکایی ئەو مۆم‌و چرا کزانە ببینین کە دڵسۆزانی گەلەکەمان هەڵیدەکەن، خۆشمان تاک بە تاکمان لە هەرکوێیەک کە هەین، لە ئاستی خۆمانەوە، نەک هەر مۆمی خۆمان هەڵبکەین، بەڵکو بە ڕەوشێکی ناتوندوتیژ، ئازاو ئازاد، بە ئاشکرا ڕەخنەی خۆمان لە تاریکیی بگرین‌و لە ناهەقییەکان بێدەنگ نەبین! نابێت بە بەهانەی یاساشکێنیی گەورەکان ئێمەی بچووکەکان خۆشمان یاساکان پێشێل بکەین‌و ببینە یاساشکێن.




چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩